ئەحمەد باوەڕ

چەند لاپەڕەیەك لەمێژووی هاوچەرخی كورد

چەند لاپەڕەیەك
لە مێژووی هاوچەرخی كورد

ئەحمەد باوەڕ

سلێمانی ٢٠٠٤

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

کتێبی سەردەم ژمارە (٢٧٩)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

ئازاد بەرزنجی

چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی هاوچەرخی کورد

بابەت: مێژوویی

نووسینی:ئەحمەد باوەڕ

بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولڕەحمان

هەڵەچنی: ناسک عەزیز

تیراژ: ٨٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن: ١٦٦ ی ٢٠٠٤

www.sardam.info

پێشکەشە بە :-

رۆحی پە پوولەیی و لەگوڵ پاکتری
دایکم زینەت ڕەحیم زەنگەنە

پێشەکی

بەگوێرەی ئەو ئەزموون و تەجروبە کەمەی، لە بواری مێژوودا هەمە، بەتەواوی ئەوەم لا یەکلایی بۆتەوە کە بەبێ ترس و بەبێ پرس‌و بەبێ شەرم بڵێم: بڕوا ناکەم هیچ نووسین و هەوڵ و لێك دانەوەیەك هێندەی مێژوو حەساس و، پێویستی بەوەستان و پشوو درێژی هەبێت، سەرەڕای بایەخدان‌و حەق و حیساب کردن بۆ گیانی مەوزوعیەت و ئەمانەتی زانستی.

ئەم کتێبەی منیش (چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی هاوچەرخی کورد) بەشێکی ئێجگار کەمی ئەو باس و نووسینە مێژووییانەم دەگرنەوە کە پێشتر لە ڕێگای گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکانەوە، لە ساڵانی ڕابووردودا، بڵاوم کردوونەتەوە، بەڕای خۆم تا کاتی گەڵاڵە کردنی ئەم کتێبەش، بایەخی مێژوویی خۆیان لەدەس نەداوە، تەنها ئەوە نەبێ، لێرەدا و، بەپێی پێویست دەسکاریەکی زۆر کەمی بەشێکیانم کردووە، بەڕادەیە، بێ ئەوەی کار لە ناوەڕۆکیان بکا. جگە لەوەش، بەشێکی زۆری باسەکانی ئەم کتێبە، بەڵگەنامەیی‌و، کاری مەیدانین، واتە سەرچاوەی زانیارییان، لە ئەنجامی بەدوادا گەڕان و کاری تا ڕادەیەك ڕۆژانەی خۆمەوە کۆکراونەتەوەو، دووبارە لێرەدا کۆیان دەکەمەوە، بەهیوای ئەوەی بتوانم لە داهاتوودا ئەو نووسینانەی تریشم کە لەسەر هەمان تەرز نووسیومن کۆیان بکەمەوەو، پێشکەش بەخوێنەر و نامەخانەی کوردیان بکەم.... سەبارەت بە هەر ڕەخنەیەك‌و سەرنج‌و تێبینی و بەدوادا چوونێکی مەوزوعیانە، هەمیشە خۆم بەقەرزار دەزانم و دەیان خەمە بان دڵ و دیدە.

ئەحمەد باوەڕ

٢٠٠٢/١٢/١٢

باسی یەکەم

کێشەی مووسڵ وداکۆکی
کۆمەڵەی بەرگری نیشتمانی شاری سلێمانی١٩٢٥

ڕەنگدانەوەی کێشەی مووسڵ وەك قەیرانێکی سیاسی و ئابووری لە ناوچەی رۆژهەلا تی ناوەڕاستدا. لە نێوان وڵاتانی ئیستعماری وەك بەریتانیا، فەرەنسا، ڕووسیا و وولاتەیەکگرتوەکان. زیاتر لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی و دوای جەنگەوە سەری هەڵدا. بەجۆرێ ململانێ و دووبەرەکایەتیەکی گەورەی لە نێوانیادا هێنایەکایەوە. وێرای ئەوەش کێشەی ویلایەتی موسڵ بۆ ئەو دانیشتوانەش بووبەڕەوش و قەیرانێکی گەورە کە لە چوارچێوەی ئەم ویلایەتەی ژێردەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانی و ئینتدابی بەریتانی و، حکومەتێك لە دوای یەکەکانی عێراقدایە و تیایدا گیرساونەتەوە. چونکە ئەتوانم بڵێم: ویلایەتی موسڵ یاوەکتر کوردستانی باشووری گرێدراوە بە عێراقەوە بەشێکی گرنگی کوردستانی گەورە و ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستە کە تا وەکو ئەمرۆ چارەسەرێکی گونجاو بۆ رەوشن وبارودۆخەکەی نەدۆزراوەتەوە. وەك ئەو زامە وایە کە بەردەوام خوێنی لەبەر بڕوا هەر بەم پێیەش دەتوانین لە چەند تەوەرێکی گرنگەوە

بڕوانینە ئەم کێشەیەو زۆریش لەوەزیاتر هەڵدەگرێ کە تاوەکو ئێستا لە سەری نووسرابێ و بابەتی لەسەر یەکالایی کرابێتەوە. چونکە لەلایەك دەتوانین بڵێین: کێشەیەکی ترسناکی نێودەوڵەتییە. لەبەرئەوەی زۆربەی وڵاتە ئیستیعمارییەکان ماوەیەکی زۆر و ئێستاشی لەگەڵدابێ چاویان لەم ناوچە ستراتیجی و گرنگەی ڕۆژهەلاتە. تالە ڕووی داهاتی ئابوورییەوە واتە نەوت ئەو پشکەی کە دوای جەنگی یەکەم دەستیان کەوت کۆتایینەیە. هاوکات دەشتوانین بڵێین: کێشەیەکی ناوچەییە لەبەرئەوەی تا ئێستا تورکیای میراتگری دەوڵەتی عوسمانی لە سەردەمی ئەتاتۆرکەوە چاویان تێبڕیوە.([1])

ملحق رقم(١)

الجمعية الكردية

المركز العام

عدد٧٩٣

مذكرة مرفوعة

الى مجلس عصبة الامم

في الزمن الذي يدعى مجلس عصبة الامم الى البت في مصير ولاية الموصل نهائيا ترى الجمعية الكردية من واجبها ان توصل لكم صوت تلك البلاد النائية وان كان هذا الصوت ضعيفا لا يسمع في العالم المتمدن.

ان جمعيتنا قامت في وجه الاتراك المطالبين بحاكميتهم على بلاد تحررت اخيرا من مظالمهم ولم تزل قائمة بوجههم فهي لكونها تأسست للدفاع عن منافع القوم الكردي تعارض شديدا مطالب حكومة انقرة في امتلاكها الموصل لان اكثرية سكان هذه الولاية اكراد..

دەشتوانین بڵێین: كێشەیەكی ناو خۆیی نێوان ئەو نەتەوەو كەمینانەیە كە لە مێژەوە لەم چوارچێوەیەدا دەژین ئەمەش وایكردوە كە لە سەرەتای گەلاڵە بوونی ئەم كێشەیەوە دانیشتوانەكەشی بخاتە هەڵوێستی داكۆكی كردنەوە. لەهەر سیاسەتێكی داگیركردن لەم هەرێمە بە تایبەتی گەلی كورد، بەحوكمی ئەوەی، نەتەوەی كورد، لەم ناوچەیەدا و لە مێژەوە زۆرینەی دانیشتوانەكەیان پێك هێناوە، وەك لە یادداشتنامەیەكی(كۆمەڵەی كورد)ی ژمارە(٧٩٢)یدا كە بۆ كۆمەڵەی گەلان(نەتەوەكان)ی بەرزكردۆتەوە لە ساڵی(١٩٢٤)دا. سەبارەت بەرەگەزەكانی ناو ویلایەتی مووسڵ و كێشەی ویلایەتی مووسڵ نووسیویە:"ویلایەتی موسڵ بەگوێرەی ئەو سەر ژمێریانەی كە توركەكان خۆیان پشتی پێدە بەستێت پێك هاتوە لە ٤٥٠هەزار كورد، ١٨٠هەزار عەرەب، ٦٦هەزار تورك، ٦٥هەزار دیان(نستوری)و١٦هەزار جوولەكە. بەپێی ئەم سەرژمێریەش واڕوون دەبێتەوە. مووسڵ مۆركێكی كوردانەی هەیە و ڕەگەزی كوردی تیابالادەستە" بڕوانە بەلگەنامەی ژمارە(٧٩٢)ی ساڵی١٩٢٥ كەلە ئەرشیفی خۆمدا هەیە(اب نووسەر). جگە لەوەی هەموو سەرژمێریە كۆنەكانیش دەلالەت لەوەدەكەن كە موسڵ وویلایەتی موسڵ بەزۆری دانیشتوانەكەی

تحتوي ولاية الموصل بحسب الاحصائات التي تعتمد عليها تركية نفسها ٤٥٠الف كردي و١٨٠الف عربي و٦٦الف تركي و٦٥الف نسطوري و١٦الف يهودي ومن هذه الارقام تتضح بصورة جلية صفة الموصل الكردية لان العنصر الكردي فيها يؤلف الاكثرية المطلقة التي يزيد عدد افرادها.

بەشێك لە یادشتنامەی(كۆمەڵەی كورد) كە بۆ ئەنجومەنی كۆمەڵەی گەلانی بەرزكردۆتەوە(ئەرشیفی نووسەر اب)

کوردبوون. هەر لەبەرئەوەشە کە کوردان لە کاتێکەوە بەریتانیا بە تەواوی دەستی بەسەر ویلایەتی مووسڵدا گرت. بە تایبەتی پاش ئاگربڕی مۆدرۆس(هدنە مودرس)ی ٣٠ تەشرینی یەکەمی١٩١٨و، ڕازی کردنی فەرەنسیەکان کەدەس لە موسڵ هەڵگرن بەپێی ئەوەی کەلەڕێکەوتنامەی نهێنی سایکس-بیکوی ساڵی١٩١٦ی نێوانیاندا بەر فەرەنسا کەوتبوو چونکە حکومەتی بەریتانیا بەرامبەربەوە پاڵپشت و داکۆکیکەری فەرەنسابوو. لەو سیاسەت و داگیرکاریانەی کە فەرەنسا دەیویست لە شوێنەجۆر بەجۆرەکانی جیهاندا پراکتیزەیان بکا. بەتایبەتی لە پازدەی ئەیلولی ١٩١٩دا لەوانەش:-

١-فەرەنسا دەستی بەسەر ڕێژەیەك لە نەوتی مووسڵدا بکەوێت. ئەویش بەگوێرەی ڕاست کردنەوەیەك(تعدیل) لەڕێکەوتنامەی ١٥-١٧ی ئایاری١٩١٦.

٢-بەریتانیاو هاوپەیمان و پشتگیریکەری فەرەنسا بێت لە کاتێکدا کە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا. هەر داواکاری و ڕەخنەیەکی هەبێ.

٣-هەر کە بڕیار لەسەرمەسەلەی(ئینتداب)درا. ئەوا ئەبێ دیمەشق و حەلەب و ئەسکەندەرۆنە و بەیروت بکەونە ژێر ئینتدابی فەرەنساوە.(ماجد عبدالرضا، المسألة الكردية، ص٤٧).

لەم ماوەیەش بەدواوە کە عێراق کەوتە ژێردەسەڵاتی بەریتانیاوە و کۆمەڵەی گەلان(عصبة الامم) بە تەواوی دانی بەو مەسەلەیەداناو، ڕایگەیاند کە: ئەبێ عێراق بە گوێرەی سیاسەتی ئینتداب لە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیادا بمێنێتەوە. پاشان حکومەتی عێراقیش دوای تاج لە سەرنانی شافەیسەڵی یەکەم لە ٢٣ی ئابی١٩٢١دا. لەسەرهەمان ڕێرەو و هەمان مەبەست ئەو بۆ چوونەی پەسەند کردوو، بە تەواوی وڵاتی عێراق گرێدرا بە سیاسەتی بەریتانیاو ئەو هەموو ڕێکەوتنامەیەوە کە حکومەتی عێراق لە ساڵی١٩٢٢ەوە تاوەکو

ساڵی(١٩٤٨)لەگەڵیدا مۆری کرد. سەبارەت بە هەڵوێستێکی لەو بابەتەش دانیشتوانی عێرا ق بە عەرەب و کوردیەوە دەستەوەستان نەبوون و، لە ڕووی ئەو سیاسەتە و بۆ چوونەی وولاتانی ئیستیعماریدا وەستان و، داوای سەربەخۆیی عێراقیان دەکرد. بەجۆرێ تەنها لە مووسڵ و شاری سلێمانیدا(٢)حیزب و(٢)کۆمەڵە بۆ مەسەلەی داکۆکی کردن لەسەرکێشەی مووسڵ دامەزران. خۆ ئەگەر هی تریش هەبوو بێت، ئەوا من لێیان بێ ئاگام لەوانە:(حیزبی سەربەخۆیی عێراقی-مووسڵ) لە ئەیلولی١٩٢٤داو، پاشان:(حیزبی نیشتمانی عێراقی-مووسڵ) لە ئایاری١٩٢٥دا. سەرەڕای(کۆمەڵەی بەرگری نیشتمانی-مووسڵ)لە١٩٢٥/١/٢٦دا. ئەمانە بە تەواوی داکۆکی ئەومیان دەکرد کەویلایەتی مووسڵ نەبێ وەك کێشەیەکی زیندوو سەیربکرێ و نابێ بە هیچ جۆرێ ولاتانی ئیستعماری بیرلەوە بکەنەوە کە مووسڵ لە کۆتاییدا نەبێتە شوێنێکی داگیر کراوو بۆ خزمەتی بەرژەوەندیەکانیان بە کاریان ئەهێنێت لە شاری سلێمانیشەوە، بۆ هەمان مەبەست وەك عبدالرزاق الحسنی و فاروق صالح العمر جەختی لەسەردەکەنەوە(کۆمەڵەی بەرگری نیشتمانی-جمعیە الدفاع الوطنی) لە شاری سلێمانی دامەزراوە وەك ئەوەی بەپێی ڕۆژنامەی (ژیانەوە)ی ئەوکاتە کە بەزمانی کوردی دەرچووە لە ژمارەی ڕۆژی١٩٢٥/٢/١٩یدا هەواڵێك لە بارەی کۆمەڵەی ناوبراوەوە بڵاوکراوەتەوە کەوا دانیشتوانی شاری سلێمانی بە بازرگان و پیاوانی ناودار و ڕووناکبیرو، توێژەکانی تریەوە(کۆمەڵەی بەرگری نیشتمانی)(احلام حسین، الأفکار السیاسیة،١٩٨٥،ص٤٩) یان پێك هێناوە. بۆ داکۆکی کردن لە نیشتمانەکەیان بەرامبەر بە لیژنەی سنوور و بۆ پاراستنی ولاتەکەیان لە کۆیلەیەتیی تورکان. لە پەیڕەوی کۆمەڵەکەشدا وا هاتووە کە ئامانجی کۆمەڵە داکۆکی کردنە لە نیشتمانو سنووری ئێستای و یلایەتی

مووسڵ بە عێراقەوە هەر کەسێکیش لە ئەندامانی کۆمەڵەکەش واخۆی ئەناسێتەوە کە کوردە و عێراقیەو، وڵاتو نیشتمانەکەشی بەویلایەتی مووسڵەوە بەشێکی دانەبڕاوە لە وڵاتی عێراق. جگەلەوە الحسنی والعمر بە گوێرەی ڕۆژنامەی(ژیانەوە) ئیتر نازانم چۆن کردوویانە بە عەرەبی و لەکێوە وەریانگرتوە(اب نووسەر) ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ناوبراویان وادەسنیشان کردوە کە بریتی بوون لەم کەسایەتیانە:-

١-ئەحمەد بەگی تۆفیق بەگ
٢-ڕەشید مستی ئەفەندی
٣-تۆفیق بەگی مەحمود ئاغا
٤-مەحمەد ئاغای ئەورەحمان ئاغا
٥-شێخ مەحمەد گولانی
٦-عزەت بەگی عوسمان پاشا
٧-عەلی عرفان ئەفەندی
٨-حاجی سەعید ئاغا
٩-ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ
١٠-مەحمەد بەگی قادر پاشا
١١-تۆفیق قەزاز
١٢-مەحمەد بەگی حاجی ڕەسوڵ بەگ
١٣-مەحمەد ئەفەندی(سەرۆکی شارەوانی)
١٤-فەتاح ئەفەندی ئەوقاف
١٥-فائق بەگی مەعروف بەگ
١٦-شەوکەت بەگی عزەت بەگ[٢]

٢ئەم باسە لە ڕۆژنامەی(کوردستانی نوێ)، ژمارە(١٢٠٠)ی، ١٩٩٦/١/٢٦دا بڵاوکراوەتەوە.

باسی دووەم

کۆماری مەنگۆلیاو مەسەلەی کورد لە ڕێکخراوی نێودەوڵەتیدا

لەگەڵ بەرپا بوونی جەنگی دووەمی جیهانیداو، لە درێژەی ساڵانی جەنگیشدا(١٩٣٩-١٩٤٥) وڵاتە هاوپەیمانەکان کەوتنەئەوەی ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی بۆ دوای جەنگ دامەزرێنن. بە مەرجێ ئەم ڕێکخراوە جێگای ڕێکخراوی یەکەمی واتە(کۆمەڵەی گەلان-عصبة الأمم) نەگرێتەوە. بەڵکو ڕێکخراوێك بێ تایبەتمەندی و ڕۆڵێکی کاریگەری نێودەوڵەتی ئەوتۆی هەبێ کە لە دوارۆژدا هەموو ئەو وڵاتانەی کە تیایدا دەبنە ئەندام، خاوەنی سەرداری خۆیان و ڕێز لە هەموو بنەماو ئەو یاسانێودەوڵەتیانە بگرن کە لەلایەن ئەم دەزگا نێودەوڵەتییەوە دەردەچێ و، دەستوور و بنەما سەرەکیەکانی ئەم ڕێکخراوە دیاریان دەکا. بۆ ئەم مەبەستەش دوای چەندین دانیشتن و کۆبوونەوەی بەردەوام لە نێوان وڵاتەگەورەکانی وەك: بەریتانیا، فەرەنسا، ئەمەریکا، چینی میللی، یەکێتی سۆڤێت و دوای وڵاتانیتردا کرا تا لە دواسات و لە ٢٥ی نیسانی١٩٤٥دا بەیاننامەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بلاوکرایەوەو، نزیکەی(٥١)پەنجاویەك وڵاتی ئەوکاتەی

جیهان ئیمزایان لەسەرئەم ڕاگەیانراوە جیهانییەکرد بەجۆرێك کەیاسایەکی نێودەوڵەتی بۆ جیهان و سیاسەتی دوای جەنگ دابڕێژێ. هەر لەم کاتەشدا پارت و ڕیکخراوە سیاسیەکانی کوردستانیش هەوڵی ئەوەیاندا کە مافەکانی کورد و داکۆکی کردن لەگەڵی کورد لەو دانیشتنانەدا باسی لێوەبکرێ و ڕێگەچارەی گونجاو بۆ کێشەکەی بدۆزرێتەوە. هەوڵی ئەوەشیان داوە کە یادداشتنامەیەکی ئەوتۆ بۆ ئەو کۆنگرە جیهانییە بەرزبکەنەوە کەتیایدا باسیان لە(سەربەخۆیی و کوردستانێکی ئازاد) کردوە. وەك نیکیتین لە کتێبەکەیدا(الأکراد) نووسیویە: لە کاتی دانیشتنەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا لە شاری سان‌فرانسیسکۆی سەربە ویلایەتی کالیفۆرنیای وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا:(لیژنەیەکی کوردی توانیویەتی لە کاتێکی گونجاودا فرسەتی ئەوە بەدەس بهێنێ و وتار و یاداشتنامەیەك بۆ ئەنجوومەنی کۆنگرەکە بەرزبکاتەوە لەگەڵ وەپێشخستنی نەخشەیەکدا کە داواکاریەکانی خۆی لە کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆدا خستبوەپێشچاو). تەنانەت لە یادداشتنامەکەشیاندا وایان باسکردووە:(ئاشتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەر قەرار نابێ تاوەکو چارەسەرێك بۆ کێشەی کورد نەکرێ(الأکراد،ص١٩٠) هەر لەم سەرو بەندەشدا هاو پەیمانێتی کورد(التحالف الکردي) چەند یاد داشتنامەیەکیان لەم بارەیەوە داوەتە ڕیکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە دانیشتنەکانی سان‌فرانسیسکۆداو، بەتەواوی باسیان لە بارودۆخی کوردستان و هەلو مەرجی ناوچەکەو ئاسایشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە.

یەکێك لەو یادداشتنامانەش سەرۆکی بزوتنەوەی نەتەوەیی ئەو کاتەی کورد(ئیحسان نوری پاشا) لە١٩٤٥/٣/٢٠ەوە بە ناوی هاوپەیمانی کوردەوە، بۆ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانی بەرزکرۆتەوەو تیایدا باسی لە چۆنێتی

دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی کردوە بۆ چارەنووسی(٩)ملیون کورد، لەوکاتەی کوردستاندا کە پێشتر لە پەیمانی سیڤەری نێودەوڵەتیدا دان بە مافەکانیاندا نراوە. دیارە هەنگاوگەلێکی لەم بابەتەش بەزۆری دەتوانین وەك هەوڵدانێکی کورد و بزوتنەوەی دیبلۆماسی و سیاسی کورد باسی لێوەبکەین. دوای ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی سەبارەت بە مافی چارەنووسی کورد لە کوردستانداو، چۆنێتی گەیشتنی دەنگی ڕەوای گەلی کورد بۆ بەردەم ئەندامان و دامەزرێنەرانی ڕێکخراوێکی جیهانی کە بەخۆی لە بنەماو ڕێساکانی داب بە ڕاشکاوی یەوە باسی لە(سەربەخۆیی و مافی گەلان) دەکا لە چوارچێوەی مافی چارەی خۆ نووسیندا بە چەندساڵێك دوای دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و، دوای ئەوەی کێشەی کورد لەلایەن ڕێکخراوی نێودەوڵەتییەوە. هەنگاوێکی ئەوتۆی بۆنەنرا، کە دەستەبەرێك بۆ کێشەکەی بکا. لە مانگی حوزەیرانی ساڵی١٩٦٣دا، وڵاتێکی وەك کۆماری گەلی مەنگولیا(منغولیا) داوای لە(ئوثانت)ی سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان کرد کە ئەویش بۆخۆی کەسایەتیەکی(بۆرمی)بوو. لەو کاتەدا و سەرۆکایەتی ئەم ڕێکخراوە جیهانییەی پێ سپێردرا بوو کە داوا بکا:(ئەو سیاسەتی جینۆسایدەی دەوڵەتی عێراق لە دژی گەلی کورد گرتوویەتیەبەر) بخاتە فایلەکانی کاری کۆبوونەوەکانی کۆمیتەی(جمعیة) گشتی ڕیکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانەوە. ئەمەش لەو کاتەدا ڕوویدا کە بۆ چەند مانگێك بوو حزبی بەعس لە شوباتی ١٩٦٣داو، لە وڵاتی عێراقدا بۆ جاری یەکەم کۆتاییان بە دەسەڵاتی عبدولکریم قاسم هێنابوو و، کاروباری عێراقیان گرتبووە دەس هەرلەم کاتەشدا بوو کە شوعیەکانی عێراق تووشی ڕاوەدوونان و کوشتارێکی گەورەبوون لەلایەن(حرس قومی)یەکانی عێراقەوە.

بەپێی ئەوەش کە درك کینان باسی لێوەدەکا:(لە ٩ی حوزەیراندا ئەندرێ گرۆمیکۆی وەزیری دەرەوەی یەکێتی سۆڤێت نارەزایی رەسمی دەوڵەتی سۆڤێتی لە دژی ئەم شەرە دایە بالۆیزی عێراق لە مۆسکۆ گۆڤاری(پەیڤین، ژمارە(٤)، ل٩٠) لەپاش دوو رۆژ نوێنەری یەکێتی سۆڤێت لەنەتەوە یەکگرتوەکاندا پێشنیاری کرد:(سیاسەتی جینۆسایدی عێراق بخاتە فایلی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنەوە) بەلام ولاتانی تری رۆژئاوا بەتایبەتی ئەوانەیان کە مافی بەکارهێنانی(ڤیتۆ)واتە(نقص)یان هەبوو. ئەم داواکاریەیان رەتکردەوە. هەرچەندە دوا بەدوای ئەوە ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا لە رێگەی نوێنەرەکەیەوە لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکاندا هەندێ تەبریراتی بۆ رازی کردنی سۆڤێت هێنایەوە سەرەرای ئەوەش کۆماری گەلی مەنگۆلیا لە١٩٦٣/٨/١٧ دا وبەپشتیوانی یەکێتی سۆڤێت(دووبارە)داواکاریەکەی خۆی لای رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان(UN) سەبارەت بەکورد و سیاسەتی جینۆسایدی دژی کوردکێشایەوە و لە داواکاری پێشووی پاشگەزبووەوە.[٢]

٢ئەم باسە لە رۆژنامەی(کوردستانی نوێ)، ژمارە(١٩٣٧)،١٩٩٩/٨/١٧بلاوکراوەتەوە.

باسی سێیەم

مەلیك مەحمود
لە حوكمڕانیەت و دەسەڵاتی دووەمیدا

لەو ڕۆژانەوە كە دەسەڵاتدارانی بەریتانیا بە بەردەوامی نێوانیان لەگەڵ مەلیك مەحمود(١٨٨٤-١٩٥٦)دا لە كەنارگیری و تێكچوون دابوو، لەسەردەمی حوكمداریەتی یەكەمیدا بەهۆی ئەوەی كە گوایە شێخ مەحمود دەیەوێ حوكمداریەتێكی كوردی سەربەخۆ و دوور لە دەسەڵاتی بەریتانیا پێك بهێنێ لە كوردستاندا، هاوكات ڕێگاش بۆ ئەوە خۆشدەكات كەتوركەكان بوونیان لە ناوچەكەدا هەبێت، ئەمەش بەتەواوی لەوكاتەوە سەری هەڵدا كە(میجەر نوئێل) ڕاوێژكاری مەدەنی شێخ مەحمود لەكارخراو دەسەڵات كەوتە دەستی(مێجەرسۆن)ەوە. سۆنیش بۆ خۆی ئەوپەڕی دوژمنی سەرسەختی شێخ مەحمود و تێكدەری حوكمڕانیەكەی بوو بەجۆرێ هەر لە هەنگاوی یەكەمی‌یەوە كەوتە دژایەتی كردنی شێخ و كەم كردنەوەی دەسەڵاتی لە شاری سلێمانی و دەوروبەریدا، بۆ بەر پەرچدانەوەی ئەو هەڵوێستەش شێخ مەحمود داوای لە(مەحمودخانی دزلی)كرد بەمەبەستی زیارەت كردنی مەرقەدی كاك ئەحمەدی شێخ بێتە شاری سلێمانیەوە،

ئەویش بەنزیکەی(٣٠٠)سوارەوە دابەزیە شارەوە و بەتەواوی کەوتە دەس سوارە و هێزی کوردەوە سۆنیش لە تاوا هەڵهات و خۆی گەیاندە کەرکوك و دەسەڵاتیان کۆتایی هات. ئەوەشیان مابوەوە لە دەبۆکەی شار بەندکران. دیاردەیەکی ئەوتۆش بە تەواوی(ویلسن)ی حاکمی گشتی بەغدا و ئینگلیزەکانی سەغلەت کرد بۆیە کەوتە ئەوەی هەرچی زوترە و ڕاستەوخۆ دەس بگرنەوە بە سەر ناوچەکەدا. سەرەتا کەوتنە ئەوەی لە ڕێگای فڕۆکەوە گەلێك بەیاننامەیان بۆ خەڵکی شاری سلێمانی و شێخ مەحمود نارد و، داوای چۆڵبونیان لێدەکرد سەرەڕای کۆکردنەوەی هێزێکی سەربازی زۆر لە کەرکوکەوە بۆ دەوروبەری تاسلۆجەو دەربەندی بازیان، سوارەی کوردیش بە ڕابەڕایەتی شێخ مەحمود کەوتنە خۆ ئامادە کردن بۆ بەرپەرچ دانەوەی هەر هێرشێك کە لەلایەن ئینگلیزەوە بکرێتە سەرشاری سلێمانی وەك ئەوەی لە ١٨ی حوزیرانی ١٩١٩دا شەڕی دەربەندی بازیانی بەناو بانگ ڕوویدا و دوای بەرگرییەکی زۆری هێزەکانی کورد و بەچاوساغی هەندێ کەسی ئەڵقە لە گوێی کورد بۆ ئینگلیزەکان و بەزەبری هێز توانیان لەم شەڕەدا سەربکەون. تەنانەت شێخ مەحمود خۆشی لەم شەڕەدا بە زامداری دەستگیرکرا و لەگەڵ شێخ مەحمەد غەریبی زاوایدا درایە دادگایەکی سەربازی بەریتانی لە شاری بەغدا. لەوێش چەند کەسایەتیەکی تری(کورد؟!) بەرەی خۆیان بۆ خستە مزگەوتەوە لای ئینگلیزەکان و شایەتیان لەسەردا. پاش ئەو دادگایی کردنە کە هەرچەندە حوکمی لەسێدارەدانی درابوو، بەڵام دوایی گۆڕییان بە دورخستنەوەی بۆ دورگەی(هنجام-ئەندامان)ی وڵاتی هیند، پاشان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دووبارە حوکمی ئینگلیزەکان و، فەرمانڕەوایەتی(میجەرسۆن) دەستی پێ کردەوە و، ماوەی دووساڵی خایاند واتە لە ساڵی ١٩١٩-١٩٢١ بەڵام سۆن لەگەڵ

ئەوەی كەسایەتیەكی توندوتیژبوو لەگەڵ دانیشتواندا و بە هێوری نەدەجولایەوە شان بەشانی ئەوەش گەلێك هەنگاو و چاكسازی ئەوتۆی كرد لە سلێمانی و دەوروبەریدا بە جۆرێك كە مایەی سەرنج بوو كە وەك لایەنێكی ئیجابی لە قەڵەم بدرێن بۆ نموونە هەر لەودەمانەدا هەوڵێكی زۆری دا بۆ ئەوەی بایەخێكی گەورە بدات بە ڕێگاوبان و كردنەوەی قوتابخانە لە شاری سلێمانیدا و دەركردنی هەفتەنامەیەك بە زمانی كوردی و بەناوی(پێشكەوتن)ەوە كە بەسەر یەكەوە و تارۆژی وەستانی(١١٨)ژمارەی لێبلاوكرایەوە، پاشان هێنانی چاپخانەیەك كە بۆ كاروباری چاپەمەنی بەكاردەهێنرا، سەرەڕای پێك هێنانی ئەنجومەنی شارەوانی لە شاری سلێمانیدا كە لە كەسانی ناودار و شارەزای ئەودەمەی شارپێكیهێنان. لەگەڵ ئەمانەشدا كۆمەڵێك كاری سەلبی و خراپی لەدوا بەجێما كەبەهیچ جۆرێك لەگەڵ هەل ومەرج و بارودۆخی كۆمەلایەتی ئەوكاتەی كوردستان وشاردا نەدەگونجا؟! هەر لەم كاتەداو لەسەردەمی دەسەلاتی(سۆن)و دواتر (مێجەر گوڵد)دا ڕۆژ بەڕۆژ شیرازەی شاری سلێمانی و دەوروبەری لە تێكچوون و ئاڵۆزبووندا بوو بەهۆی ئەوەی كۆمەڵێك داواكاری وفشاری جەماوەری لەسەرئەوەبوو كە دەبێت جارێكی تر شێخ مەحمود لە (دیلی و دووورخستنەوە)ڕزگاربكرێ و تەنانەت ئەو ڕاپەڕینە جەماوەریانەش كەلە شارو شارۆچكەكانی تری كوردستانی پێكەوە گرێدراوی عێراقدا گەڵالەبوون بە تەواوی جەختیان لەسەرئەم لایەنەدەكردەوە. شان بە شانی ئەوەش توركەكان و(ئۆزدەمیر-عەلی شەفیق) پاشا بە تەواوی بوونیان لە ڕەواندز و دەورو بەریدا زیادی كردبوو گەلێك لایەنگیرو دووكەوتیان پێكهێنابوو. ئەمەش مەترسیەكی گەورەی لەسەر سیاسەتی بەریتانی لە كوردستان و ناوچەكەدا هێنابووەكایەوە بە شێوەیەكی ئەوتۆ بیر لەوەبكەنەوەكە دەبێ

چارەسەرێکی گونجاو بۆ ئەم لایەنە بدۆزرێتەوە. شێخ مەحمودیش وەك داواکاریەکی گشتی خەڵك و وەك دەرمانێك بوو بۆ چارەسەری ئەوکێشانە کە بگەڕێتەوە کوردستان ئەوەبوو لە تەموزی ساڵی ١٩٢٢دا، هەفتەنامەی(پێشکەوتن) وەستاو لەم سەروبەندەشدا وا لەناوجەماوەردابڵاوبۆوە شێخ مەحمود دەگەڕێتەوە کوردستان و، لە ٢١ی تەموزی هەمان ساڵدا(جەمعیەتی کوردستان) بەسەرۆکایەتی مستەفا پاشای یاملکی دامەزراو، دوابەدوای ئەوەش یەکەم هەفتەنامەی(بانگی کوردستان، کە سەرەتا زمانحاڵی(جەمعیەتی کوردستان) بوو لە ٢ی ئابی١٩٢٢ەوە یەکەمین ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە. لە سەرەتاکانی ئەیلولی هەمان ساڵدا تەنانەت(گۆڵدسیمث) ی جێنشینی(سۆن) ئەوەی بڵاوکردەوە کە جارێکی دی شێخ مەحمود دەگەڕێتەوە کوردستان و خۆشیان کەوتنە چۆڵ کردنی شار و کاروباری ئیداری شارەکەیان دا بەدەستی ئەنجومەنێکەوە کە لەو دەمانەدا(شێخ قادری حەفید)بەڕێوەی دەبرد.

شێخ مەحمودیش لە کاتی گەڕانەوەیدا لە کوێتەوە بۆ بەغدا سەرەتا چاوی بەنوێنەری(مەندوب)ی باڵای بەریتانی لە عێراق و شافەیسەڵ کەوت، لەوێوە بەرەوکفری و پاشان گەیشتەوە شاری سلێمانی، جگەلەوەش گەلێ سەرچاوەش باس لەوەدەکەن کەلەم جارەشیاندا(مێجەر نۆئێل) لەگەڵیدا گەڕاوەتەوە سلێمانی و ماوەیەك لەوێ ماوەتەوە، دوا بەدوای ئەوە کە شێخ مەحمود لە ١٢ی ئەیلولی١٩٢٢دا کرا بەشای کوردستان و ئاڵای کوردستان لە شاری سلێمانیدا بەرزکرایەوە. پاش دوو ڕۆژ بەسەر تێپەڕبوونی ئەو بڵاوکردنەوەیەدا و، لە کۆنگرەیەکی جەماوەریدا بە تەواوی متمانەی پاشایەتی کوردستانی پێ سپێردرا، لێرەبەدواوە کەوتە ئەوەی حوکمدار یەتێکی نوێ بۆ کوردستان لە دەستەیەك کە سایەتی و پیاوانی ناوداری

ئەوڕۆژانەی سلێمانی و کوردستان دەستنیشان بکرێ، وەك ئەوەی دواتر یەکەم دەستەی وەزاری حکومەتی کورد لە ١٩٢٢/١٠/١٠داو لەم کە سایەتیانەی کوردستانی ئەوکات پێك هات:-

١-سوپا سالار شێخ قادری حەفید

٢-وەزیری ناوخۆ شێخ مەحمەد غەریب

٣-وەزیری بەرگری سەرهەنگ ساڵح زەکی ساحێبقران

٤-وەزیری دارایی عەبدول کەریمی عەلەکە

٥-وەزیری فەرهەنگ میرلیوا مستەفا پاشای یامولکی

٦-وەزیری گومرگ ئەحمەد بەگی فەتاح بەگ

٧-وەزیری نافیعە مەحمەد ئاغای ئەوڕەحمان ئاغا

٨-سەرۆکی ئاسایشی گشتی سەید ئەحمەدی بەرزنجی

٩-پشکنەری گشتی هێزی کوردستان میرلیوا سدیق قادری پاشا

بۆ یەکەم جاریش ناوی زۆربەی زۆری ئەم لیستە وەزارییە لە ژمارە(١٠)ی (بانگی کوردستان) کە لە١٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٢دا دەرچووە بڵاوکراوەتەوە، هەر چەندە وەزیری داد پەروەری وەك لە ڕیزی ناوەکاندا ناوی بە(شرع و عدل) هاتووە، ماوەیەك بە بەتاڵی مایەوە و، دواتر حاجی مەلا سەعیدی بۆ دانراوە و، شاری سلێمانی بوە بە پایتەختی حکومەتی کوردستان(بانگی کوردستان)یش بووە بە زمانحاڵی ئەم حکومەتە وێرای ئەوەی چەند هەفتەنامە وبڵاوکراوەیەکی تری وەك:(ڕۆژی کوردستان، ئومێدی ئیستقلال) بڵاوکراونەتەوە، بەزۆریش لە چاپخانەی حکومەتی کوردستاندا بەچاپ دەگەیەنران. جا هەر چەندە بە هاری تەمەنی حکومەتی دووەمی شێخ مەحمود لەوەی یەکەم زیاتر و هاوکات چاکسازی و تایبەتمەندی دەوڵەمەندی لەخۆگرتووە کەچی لەوەزارەتدا دەستێوەردانی

تورك و ئەوتەوەرانەی بەلای بەریتانیاوە جێگای قەڵسی و ناڕەزایی بوو بەدەرنەبوو، سەرەڕای هەوڵدان و خۆ نزیك کردنەوەی ئۆزدەمیر لە شێخ مەحمود، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە ئینگلیزەکان زۆربەڕوونی بەوەیان دەزانی و ناوبەناو سەرزەنیشتی شێخ مەحمودیان دەکرد لەو بارەیەوە، لە هەمانکاتدا بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدابوون کە چۆن ئەمجارەیان ناوچەکەو سلێمانیان دەسکەوێتەوە، ئەوەبوو دوای ئاگادارکردنەوەی دانیشتوان و شێخ مەحمود لە ڕەشەمێی ساڵی١٩٢٣دا کەوتە هەوڵی داگیرکردنەوەی ناوچەکەو، شێخ مەحمودیش ناچارکەوتە خۆی و دووبارە پەنای بردە بەرشاخەکان و لە(جاسنە) ی ناوچەی سورداشدا ماوەیەك مایەوە بە جۆرێك هەر لەوێشدا بلاوکراوەی(بانگی هەق) کە بەسەر یەکەوەتەنها(٣)ژمارەی لێ دەرچووە بلاوکردەوە، سەرەڕای هەوڵی بەردەوامی بۆ دووبارە گرتنەوەی شاروەوای ئەوەی ئینگلیزەکان لە ئازاری ١٩٢٣دا کەوتنە بۆردوومانکردنی شارو دوای ئەوەی داگیریان کردەوە، بێ ئەوەی شێخ مەحمود کۆڵ لە حوکمڕانیەتی کوردستانیدا، بۆ جارێکی تر لە مانگی گەلاوێژی هەمان ساڵدا توانی دەسەلاتی بەریتانی لێ وەردەنێ و، توانی بۆ ماوەی یەك ساڵی تەواو تیایدا بمێننەوە، واتە تا ئەوکاتەی پیلانی نێودەوڵەتی لۆزانی ١٩٢٣ مەسەلەی کوردی خستە سەر ڕەفەی لەبیرکردن و تورکانی کەمالی و بەریتانیای کردە هاوپەیمان بەجۆرێ وڵاتانی تری هاوپەیمانیش بە هۆی بەرژەوەندی خۆیانەوە، بوونە پاڵپشتیکەری تەواوی ئەو بارودۆخەو لە لایەکی دیکەشەوە بەریتانیا کەوتە ئەوەی ڕێگا بۆ ئەوە خۆشبکا کە لە ڕێگای(کۆمەڵەی گەلان)ەوە ویلایەتی موسڵ واتە کوردستانی باشور، بلکێنرێ بە عێراقی عەرەبیەوە، ئەمەش ڕێگا خۆشکردنێکی تەواوبوو بۆ کۆتایی هێنانی دەسەلاتی شێخ مەحمود لە کوردستاندا وەك ئەوەی لە

ناوەڕاستی تەموزی(گەلاوێژی ساڵی١٩٢٤)دا عێراق و بەریتانیا بە دووقۆڵـی و لە ڕێگای بەکارهێنانی هێزەوە، توانیان دەستبەسەرشاری سلێمانی‌دا بگرن و فشارێکی ئەوتۆ بخەنە سەر شێخ مەحمود وهێزەکەی کە بـەرەودەورو بـەری سورداش و دواتر بۆ ناوچەی(پێنجوین) پاشەکشە بکاو کۆتایی بـە دەسـەڵات و حوکمداریـەتی دووەمـی بـهێنن، هـەر چـەندە دواتریـش ئینگلیزەکـان هـەوڵیاندا لـە ڕێگـای وتوێـژەوە وا لـە شـێخ مـەحمود بگەیـەنن، کێشـەکان چارەسەربکرێ، بۆ ئەوەش ڕێگەدرا نوێنەری شێخ مەحمود کـە(صالح زەکی بەگ) بوو، سەردانی بەغدای کـردو، چاوی بەنوێنـەری حکومـەتی عێراق و بـەریتانیا کـەوت، بـێ ئـەوەی ئـەنجامێکی ئـەوتۆی لێ بکەوێتـەوە، بۆیـە بەریتانیا کەوتە ئەوەی، دەبێ ڕاستەوخۆ شێخ مەحمود ببینن و، کێشەکانی لەگەڵدا یـەکلایی بکەنـەوە، ئـەومبوو بۆ یـەکتربینین و وتووێـژی نێوانیـان شـارۆچکەی(خورمـاڵ= گـوڵ عەنبـەر) دەستنیشـان کـراو دوادانیشـتنی حکومەتی بەریتانیا بە سەرۆکایەتی(کەنهان کۆرنوالیس) و (شێخ مەحمود) لە ٤ی ئەیلولی١٩٢٦ بەڕێوەچوو، نزیکەی ٣سێ سەعاتی تەواوی خایاند. بـەڵام تەنها لە چەند مەرجێکی سەرپێی نەبێ کـە شێخ مـەحمودیش پێیان ڕازی نـەبوو، شتێکی ئـەوتۆی لێ نەکەوتـەوە و بـۆ جـارێکی دی تێکهـەڵچوون لـە نێوان هێزەکانی شێخ مـەحمود و(بـەریتانیا-عـێراق)دا سـەری هەڵدایەوە و، درێژەی کێشا تا ئەوکاتەی جەعفەرعەسکەری(بەنەژاد کـورد؟!) کـە ئـەوکات دوای(عـەبدول موحسن ئەلسەعدون) کرایـە سـەرۆك وەزیرانـی عـێراق لـە ناوچـەی(پێنجوێـن) سـەردانی شـێخ مـەحمودی کـرد و ڕێگـای بـۆ ئـەوە خۆشکرد کە بچێتە بەغداو ڕاستەوخۆ بـە خـۆی چاوی بـە مـەندوبی باڵای بـەریتانیا لـە بـەغدا بکـەوێ، وەك ئـەوەی دوادانیشـتن و ڕێکەوتنامـەی نێوانیـان لـە ١٩ی کـانوونی دووەمـی١٩٢٧دا مـۆر(واژۆ) کـراو، تـا ڕادەیـەك

سنووورێکیان بۆ کێشەکانی نێوانیان داڕێـژرا بـەو مەرجەی شـێخ مـەحمود جارێکی تر دەس نەداتە شۆڕش کردن و، خاڵێکی تری ئەو ڕێکەوتنامەیـەش ئـەوەبوو کـە شـێخ باباعـەلی کوڕی وەك بارمتـە لـە بـەغدا بهێڵێتـەوە و، لـە ژێرچاودێری دەوڵەتدا درێـژە بـە خوێندنـی خـۆی بـدات، سـەرەڕای چـەند مەرج و بنەمایەکی تر کە لە هەمان دانیشتندا خرایە بەرباسکردن.[٤]

---

[٤] ئـەم بابەتـە لـە ڕۆژنامـەی(کوردسـتانی نـوێ) ژمـارە(١٩٥٣)ی ١٩٩٩/٩/٢٠دا بڵاوکراوەتەوە.

باسی چوارەم

نیقیە و نەعنێر و خەباتی ژن لە ڕاپەڕینی ئیبراهیم خاندا

هەر کاتێك باس لە شاری دێرینی کفری کرابێ لەگەڵ ئەوەشدا باس لە کۆمەڵێك ناو و قۆناغی مێژوویی گرنگ کراوە کە بەسەر ئەو شارەی کوردستاندا تێپەڕیوە. بە ڕادەیە هیچ کام لەم گۆڕان و ڕووداوە یەك لەدوای یەکانەی مێژوو. بەئاسانی نەیانتوانیوە ڕەسەنایەتی و تایبەت مەندیەکەی بشێوێنن. هەر بۆ ئەوەش بیسەلمێنن کە ئەم شارە تەمەنێکی لە مێژینەی هەبووە و، گەلێ ڕووداوی مێژوویی لە دەوروبەری کفری و ئەم تەوەرەوە سەرچاوەیان گرتبێ، ئەوا هەموو ئەو ناوو دەسنیشان کردنە مێژوویانەی لە هەر سەردەمێکدا بە سەرناوەکەیدا بڕاوە و تائێستاش ماوەتەوە لە گەڵ ئەوەشدا بۆ خۆیان دەلالەت لەو یادەوەریانە دەکەن کە بەسەر شارو ناوچەکەدا هاتوون وەك ناوە دێرینەکانی(کیماش، لاخیرۆ، کیرۆهفرجیا) و لە سەردەمی حوکمڕانیەتی عوسمانیەکانیشدا شاری(کفری)بە(صلاحیە) ناوبراوە. کە ناکرێ لە بابەتێکی کورتی وادا هەموو ئەو ناوو ڕووداوانە

شیبکەینەوە و باسیان لێوەبکەین، چونکە لێرەدا باسکردنی سەرەکیمان و مەبەستمان لە یادەوەری ئیبراهیم خانی دەلۆو مێرخاسی و خەباتی ئافرەت وژنە کوردێکە کە بەردەوام لای خەڵکی ئەو شارە و دەوروبەری گەرمیان بۆتە وێردی سەر زمانان و، هەردەم گەواهی مێژوویی بۆ دووپات دەبێتەوە کە ئەمەش بۆخۆی باسکردنە لە کەسایەتییەکی ژنی وەك(نەعیمە مستەفا)ی خەڵکی کفری کە لە ناو دانیشتوان و ئەم تەوەرەی گەرمیاندا بە(نەعەنێر) شۆرەت و ناوبانگی ڕۆیشتوە هەرچەندە لە خوێندنەوە و باسکردنی مێژووی دێرینەی عێراق و شاری کفری دا گەڵێ جار زانایەکی ناسراوی عێراقی وەك(دکتۆر سامی سەعید الأحمدی) کە بۆ خۆی مێژووناس و شارەزایەکی دیاری عێراق بوو لە بواری مێژووی کۆندا. لە ساڵانی خوێندنم لە(زانکۆی بەغدا و ئادابی مێژوو) دکتۆر کە باسی لە ئیمبراتۆریەتی ئاشوری و(ئاشور پانیپاڵ)ی شای ئاشووری بەناوبانگی بکردایە دەیگوت: یەکێك لە ژنەکانی ئەم شایە خەڵکی شاری(لاخیرۆ) بووە. کە دەکاتە(کیماش) و شاری(کفری) ئەمڕۆ، واشی دەگێڕایەوە ئەوژنەی(ئاشوورپانیپاڵ) ناوی(زەقوتیە نیقیە) و دایکی (سەرداناپۆڵس) ی کوڕی ئاشووربووە، کە بۆ خۆی ماوەیەك دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی ئاشووری گرتۆتە دەس، بەڵام زۆر بەداخەوە دکتۆر سامی هەر کە باسی کوردایەتی ئەو شارە و گەڵێ شاری دێرینی تری کوردستانت دەکرد، پێی قەڵس دەبوو، بەو هەموو(قۆشمەبازی)یەی خۆیەوە کە بەردەوام شۆڤێنیەتی لێ دەباری و بەپێکەنینێکی سەیرەوە، هێرشی دەکردە سەر مێژووناسانی کورد و دەیوت:"مؤرخين الأكراد يكتبون يكتبون بس ماعندهم ادلة؟!" بەهەرحاڵ بۆ چوونێکی مێژوویی ئەو تۆش لە سەرشاژنی پانیپاڵی بە ناوبانگ،

بەتەواوی ئەوەمان بۆ یەکلایی دەکاتەوە، کە ئەم شارە هەر لە دێر زەمانەوە شارێکی تۆکمەو بەردەوام لە ڕووی نیشتەجێ بوونەوە، خەڵکی لێ نەبڕاوە و شـارێکی ئـاوەدان بـووە، لـە هـەمانکاتدا هـەموو ئەمانـەش پێویسـتیان بەلێکدانەوە و، تەتەڵەکردنی مێژوویی و ساغکردنەوەی مێژوویی هەیە، بـە جۆرێ دەلالەتی هەموو ئەو ڕوداوانـەش لـە ڕۆژگـاری ئـەمڕۆدا بـە زۆری لـە سـیمای شـار و بـازاڕ و، ئـەو شـوێنەوارەدێرینانەوە سـەرچاوەدەگرن کـە ئەوەمان بۆ ئاشکرادەکەن، ئەمانە هەل ومـەرج و ڕەوتـی بـەردەوام قـاڵبووی مێژوو دروستی کردبـن. بەشێوازێ تاگەیاندونیـە ئـەو ڕۆژگـارەی تێکـڕای سەرچاوەکانی مێژوو بە(کۆن و نوێ و هاوچەرخ)ی یـەوە باسی لێـوە بکـەن وەك دەبینـی لـە٢٢ی ئـابی١٩٢٠دا کـە ئیبراهیم خـانی دەلـۆ لـەو ڕاپەڕینـەی خۆیدا کە شاری کفری لـە دەسـەڵاتی ئینگلیزەکان وەرگرتـوەو بـۆ ماوەیـەك ئـازادی کـرد، کەوتـە ئـەوەی کۆمیتەیـەکی(بـەڕێوەبردن) بۆ کاروبـاری شـار دروست بکات، تابتوانـێ لـە ڕێگایـەوە، کاروبـاری ڕۆژانـەی شـارو دانیشتوانی ناوچەکە ڕاپەڕێنێ، هاوکات ئـافرەتی کوردیش لەو دەمانـەدا و لـەو شارەدا بەشێوازێکی گشتی لە پاڵپشتی کردن و داکۆکی کردنی ئەو ڕاپەڕینەدا ڕۆڵـی بـەرچاویان هـەبوەو، بـەپێی پێویسـت ئـەرکی ڕۆژانـەی سەرشـانی خۆیـان ڕاپـەڕاندووە یـەکێ لـەو ئافرەتانـەش کـە شـان بەشـانی پیـاو لـە ڕاپەڕینی(ئیبراهیم خان) داو لە مێژووی هاوچەرخی کوردا بووبێتە ناوێکی درەوشاوە و، بەشداری کردبێ(نەعیمە مستەفا)ی کفری بوە، کە لەگـەڵ ئـەو خەڵکە ڕاپەڕیوەدا بەو ناوو شۆرەت و بەناوبانگی خۆیەوە توانیویـەتی جلی پیاوان بپۆشێ و لە یەکـەم ڕۆژی ڕاپـەڕیندا، پـەلاماری سـەرای شـاری کفـری بـدات کـە لەوکاتـەدا بنکـەی سـوپای ئینگلـیزی لێ بـووە، تەنانـەت لـە زۆر کەسایەتی و پیاوانی بە ساڵاچووی ئـەم شارەم بیستوە. لـە ساڵی ١٩١٥دا کـە

هێشتا عوسمانیەکان دەسەڵاتیان بەسەر ناوچەکەو شارەکەوە هەبووە هەر ئەم (نەعیمە مستەفا) یە لەبەر دزێوی و ناکار و بێ ڕەوشتی ئەفسەرێکی عوسمانی ئەفسەرەکەی داوەتە بەرخەنجەر و، لە شاری کفریدا کوشتویەتی، لەو کاتەشەوە کە ڕاپەڕینی ئیبراهیم خان کۆتایی هات و، دووبارە ئینگلیزەکان کاروباری شارو ناوچەکەیان بەزەبری هێزو چاوساغی چەند کەسێکی ئەڵقە لە گوێی خۆیان گرتۆتەوە دەست. بەپێی بۆ چوونی مستەفانەریمان(١٩٢٥-١٩٩٤) (نەعە نێر) واتە نەعیمە مستەفا لە بازاڕی شاری کفریدا، دوکانێکی بازرگانی کردۆتەوە و، بەسیفەتێکی پیاوانە توانیویەتی ژیانی خۆی و خانەوادەکەی پێ بەڕێوەببا، لەبەر ئەوەی لە ساڵانی جەنگی یەکەمدا مێردەکەی کە بەڕەگەز یەکێك بووە لە تورکمانەکانی کفری، بەرشالاوی(سەفەربەرلەك) واتە(نفیرعام)ی عوسمانیەکان دەکەوێ و لەبەرەکانی شەڕناگەڕێتەوە خۆشی بۆ یەکجارەکی لە ساڵی١٩٦٣دا کۆچی دوایی دەکاو، بەڵام ناوی(نەعەنێر) تا ئێستاش بۆتە وێردی سەرزمانان و لە یادەوەری شاری کفری و ناوچەی گەرمیاندا باسی لێوەدەکرێ.[٥]

---

[٥] ئەم بابەتە پێشتر لە ڕۆژنامەی(کوردستانی نوێ)، ژمارە ١٩٣٢، سێ شەممە٢٤/٨/١٩٩٩ دا بڵاوکراوەتەوە.

باسی پێنجەم

كۆنگرەی ئاشتی و مافەكانی كورد لە پەیماننامەی سیڤەری نێودەوڵەتیدا

هێشتا جەنگی یەكەم كۆتایی نەهاتبوو، وڵاتانی هاوپەیمان لەبیركردنەوەی ئەوە دابوون كۆنگرەیەكی نێودەوڵەتی بۆ ئاشتی پاش جەنگ ببەستریّ بەڵام تا ئەو كاتەش جێگایەكی دیاری كراویان بۆدەستنیشان نەكردبوو، هەر چەندە هاوپەیمانەكان كۆمەڵێك نەخشەی داگیركاریان بۆ ئەو ناوچە گرنگانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان داڕشتبوو كە زۆریان بەلاوە مەبەست بوو بەتایبەتی وڵاتانی بەریتانیا و فەرەنسا وەك ئەوەی لە ١٦ئایاری ساڵی١٩١٦دا ڕێكەوتنامەی سایكس-بیكۆ یان بۆ دابەشكردنی خاكی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی(١٢٩٩-١٩٢٢)و بە شێوازێكی نهێنی لە لەندەن داڕشت پاشان هەر یەك لەبەریتانیاو فەرەنسا روسیاشیان لیّ ئاگاداركردەوە و، چونێتی ئیمتیازی ئەویشیان لە ناوچەی ناوبراودا دیاری كرد بەڵام هەركە شۆڕشی گەورەی ئۆكتۆبەری١٩١٧لە ڕوسیا بەرپابوو، بنەماكانی ئەو ڕێكەوتنامەیەی لای وڵاتان ئاشكرا كرد، وەك ئەوەی لەدوای جەنگ زۆر لایەنیان لەوبارەیەوە بۆ هاتەدی كە جەنگیش كۆتایی هات وڵاتی فەرەنسا بۆ شوێنی بەستنی كۆنگرەی ئاشتی دەستنیشاكرا، بەجۆریّ نوێنەری زۆربەی زۆری وڵاتان و گەلان تیایدا

بەشداربوون دیارە دەستنیشانکردنی وڵاتی فەرەنساش بۆ ئەوەبوو، چونکە لە هەموو وڵاتێکی تر زیاتر توشی وێرانی و هەرەسی ئابووری بووەوە هاوکات بۆ ئەوەی دڵی فەرەنساش لەو بارەیەوە بێتەجێ و ڕەوایەتی ئەوەی پێ بەخشراوە کە کۆنگرەیەکی لەو بابەتەی تیابیەسترێ، بۆ ئەو مەبەستە نوێنەری هەریەك لەگەڵی کورد و ئەرمەن کەدوو نەتەوەی زۆرلێکراوو ژێردەستی دەوڵەتی عوسمانی و زەرەرمەندی ئەو دەمەبوون، ڕێگەی ئەوەیان درا کە نوێنەری خۆیان لەو کۆنگرە نێودەوڵەتییەدا هەبێ، هەریەکەو بەناوی گەل و وڵاتیانەوە داکۆکی لە مافەکانی خۆیان بکەن، سەبارەت بە کورد، دەتوانین وای باس لێوە بکەین کە لە دووتەوەری سەرەکی کوردستانەوە، ئەو ڕەوایەتیە بەخشرا بە(ژنەراڵ شەریف پاشای کوڕی سەعید پاشای خەندان) کە ئەوکات دانیشتووی پاریسی پایتەختی فەرەنسابوو، تا وەك نوێنەری کورد لەو کۆنگرەیەدا و لە ساڵی١٩١٩دا بەشداربێ و، پرۆژەیەك لەبارەی مافەکانی کوردەوە بخاتە بەردەم ئەندامانی کۆنگرە. یەکێکیان لە لایەن ئەو ڕێکخراوەو کوردیانەوە بوو کە لە ئەستەمبوڵی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی و پاش هەڵگەڕانەوەی عوسمانی ساڵی١٩٠٨دامەزرابوون، بەتایبەتی(کۆمەڵەی تەعالی کوردستان) و کەسانی سەر بەبنەماڵەی بەدرخانی بەناوبانگ لەلایەکی کەشەوە لە شاری سلێمانییەوە، پێش لە ناوچوونی یەکەم حکومەتی شێخ مەحمود و دوورخستنەوەی گەلاڵەنامەیەکی بۆ ئەو مەبەستە ئامادەکرد و بەهەردوو کەسایەتی کوردی ئەودەمەدا کە هەریەك لە ڕەشید زەکی کابان و سەید ئەحمەدی بەرزنجی بوون بە ڕێگای شامدا ناردە پاریس کەچی لە شام و شاری حەلەب ڕێگای چوونە پاریسیان نەدراو ئەم گەلاڵەنامەیەی دوایی و کوردانی باشوور نەگەیشتە شوێنی مەبەست.

پێش ئەوەی كارەكانی كۆنگرە دەس پێبكا. كۆبوونەوەیەكی دووقۆڵی بۆ داكۆكی كردن لە مافەكانی یەكتر لە نێوان(بۆغۆس نۆبار پاشا)ی سەرۆكی وەفدی ئەرمەنی و(شەریف پاشای خەندان)ی نوێنەری كورداندا بەسترا، تیایدا باس لەوە كرابوو كوردەكان پشتگیری لە سەربەخۆیی ئەرمەنەكان دەكەن و، ئەوانیش پشتگیریكەری سەربەخۆیی وڵاتی كوردانن. بەپێی ئەو گەڵاڵە نامەیەی كە شەریف پاشا پێشكەش بەكۆنگرەی ئاشتی كرد دواتر وای لە وڵاتانی هاوپەیمان كرد كە ناوی كورد و، مافەكانی كورد بخرێتە چوارچێوەی بنەما سەرەكیيەكانی پەیماننامەی نێودەوڵەتی سیڤەری١٠ی ئابی١٩٢٠ەوە، هەر چەندە دوو وڵاتی گەورەو هاوپەیمانی وەك بەریتانیا و فەرەنسا لەو ڕێكەوتنامەیاندا كە لە(سان ریمۆ) ولە٢٤ی نیسانی ١٩٢٠دا واژۆیان كرد، فەرەنسا دەستی لە زۆر ئیمتیازی خۆی هەلگرت لەو ناوچانەدا كە لە چوارچێوەی(ویلایەتی موسڵ)دا دەستی دەكەوت بۆ بەریتانیا، بەتایبەتی ئینتدابی ویلایەتی موسڵ یاوەكتر كوردستانی باشوور، بەڵام لە پەیماننامەی سیڤەری ١٩٢٠دا كە لە شوێنی كارگەیەكی كاشی دروست كردنی نزیك بە شاری پاریس بەسترا لە نێوان وڵاتانی هاوپەیمان و نوێنەرانی زۆربەی گەلان و توركدا.

ئەم پەیماننامەیەش بۆ خۆی لە(١٣)بەش و(٤٣٣)برگە پێكهاتبوو گرنگترین بەشەكانی بەشی دووەم وسێیەمیەتی كە بەتەواوی بنەماكانیان سنووری وڵاتی توركیاو ڕەوشی سیاسی یەكلایی دەكردەوە و، بەپێی برگەكانی(٦٢،٦٣،٦٤)ی كە دەكەونە بەشی سێیەمیەوە.

بەتەواوی دان بە پێكهێنانی دەوڵەتێكی كوردی سەربەخۆ دادەنێ. بەشێوەیەكی ئەوتۆ برگەی(٦٤)ی ئەم پەیماننامەیە، ئەم لایەنەی ڕوونكردۆتەوە كە تیایدا هاتوە:(ئەگەر كوردانی، دانیشتوانی ئەوناوچانەی

بڕگەی(٦٢)دەسنیشانیان دەکا، کۆمەڵەی گەلانیان لە ماوەی ساڵێکدا پاش جێبەجێ کردنی ڕێکەوتنامەکە ئاگادارکردەوە، کە زۆربەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە ئارەزوومەندن بۆ جیابوونەوە لە تورکیاو ئەگەر کۆمەڵەی گەلانیش بڕیاریدا کە ئەوانە شایستەی ئەو سەربەخۆییەن ئەوا داوا لە تورکیادەکا ئەوداوا کاریە جێبەجێ بکا و دەس لە هەموو مافێکی خۆی لەو ناوچانەدا هەڵگرێ. تورکیاش ئەوەی جێبەجێ کرد، ئەوکاتە وڵاتانی هاوپەیمان هیچ کۆسپ و تەگەرەیەك ناخەنە ڕێگای ئەو کوردانەشەوە کە لە ویلایەتی موسڵدان و بەپێی ویستی خۆیان دەیانەوێ پەیوەندی بەو دەوڵەتە کوردییەوە بکەن(د.خلیل علی مراد،...، ئێران وترکیا،ص٢٣٤) کەچی لەگەڵ ئەوەشدا وڵاتانی هاوپەیمان زۆر بەڕاستی جەختیان لە سەرجێبەجێ ئەم پەیماننامەیە نەکردۆتەوە، بۆ یە هەر لەو ساڵەداو بەپێی ساغکردنەوەیەکی دکتۆر کەمال مەزهەر:(هەر یەك لە بەریتانیا، فەرەنساو ئیتالیا ڕێکەوتنامەیەکی سێ قۆڵیان بەست لە نێوانیاندا بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتیان لە کوردستانی باکور) لەلایەکی دیکەشەوە ڕووسەکان بۆ پاڵپشتی تورکەکان لەوە دابوون کە چۆن پیلانێك بۆ تێکدانی بنەماکانی پەیماننامەی سیڤەر دارێژن وەك ئەوەی لە کاتێکەوە بزوتنەوەی کەمالی بە ڕێبەرایەتی مستەفا کەمال(١٨٨٣-١٩٣٨) دەستی پێکرد، ڕووسیای سۆڤیەتی داکۆکیکەرێکی گەورەی کەمالیەکان بوو، چ لەڕوخان و لە ناوبردنی دەوڵەتی ئەرمەنەکاندا ساڵی١٩٢٠، چ بۆ وەدەرنان و پاککردنەوەی شاری(سمیرنا)ی تورکیا لە یونانیەکان پاش ئەوەی سەدان هەزاری لێ کوشتن، ئەمەش لە کاتێکدا بوو، وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمەریکا، بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لەلایەکەوە، کەوتنە پاڵپشتی دەوڵەتی تورك و لەلایەکی دیکەشەوە نەیانەویست ئیمپراتۆرێتێکی تری وەك عوسمانیەکان دروست بێتەوە، کە مەترسی هەبێ بۆ سەر بەرژەوەندی و، سیاسەتیان لە

ناوچەکەدا، وێرای ئەوەش هەنگاوێکی گەورە بوو بۆ لەبەریەك هەڵوەشانەوەی پەیماننامەی سیڤەر کە بنەماکانی، چارەنووسی گەلی کوردیان پێوەگرێ درابوو. جگە لەم ڕێکەوتنامەیەش لە١٢-١٨ی ئازاری ١٩٢١کۆنگرەیەکی تر، لە ژێرچاودێری بەریتانیاو بەسەرۆکایەتی (ونستۆن چەرچل)ی سەرۆکی وڵاتانی داگیرکراو(مستعمرات) لەقاهیرە بەسترا، لێرەدا سەرەڕای دەسنیشان کردنی شایەکی گونجاو بۆ عێراق یەکێك لە خاڵە سەرەکیەکانی ئەو دانیشتنە سەبارەت بەبەڕێوەبردنی ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی باشوور(عێراق)بوو، لەلایەن کورد خۆیەوە، بەڵام تورکان بە تایبەتی کەمال ئەتاتورك دوای ئەوەی ڕای زۆر لە وڵاتانیان بۆلای خۆیان ڕاکێش کردو، هاوپەیمانانیش، بەتەواوی ئەومیان بۆ روون بوەوە. کەسامانێکی نەوتی زۆر دەکەوێتە ئەو هەرێم و ناوچانەوە کە پەیماننانەی(سیڤەر) دەیانگرێتەوە بۆیە کەوتنە ئەوەی لە بەڵێنەکانی خۆیان پاشگەز ببنەوە و، تەنانەت لەودانیشتنەی (کۆنگرەی لۆزان)ی یەکەمیشدا کە ئەتاتورك خۆی ئامادەی بوو لە ٢٥ی نیسانی١٩٢٢دا. ڕووسیای سۆڤیێتی و وڵاتەیەکگرتوەکان لەوانە بوون کەداکۆکییان لە تورکیادەکرد و، دوابەدوای ئەوان وڵاتانی تری هاوپەیمانیش لەوە بەدواوە تەنها ئیمتیازی نەوتیان مەبەست بوو. نەك جێبەجێ کردنی ئەو بەڵێنەی لە سیڤەردا بۆ کوردان ئیمزایان لەسەر کردبوو. سەرەڕای ئەوەش وڵاتێکی وەك بەریتانیا ڕێگای بۆ ئەوە خۆشکرد، عێراق نوێنەرێکی خۆی بە سەرۆکایەتی جەعفەر عەسکەری لەگەڵ تۆفیق سویدی داو، وەك چاودێر لەو کۆنگرەیەدا بەشداربن، بۆ ئەوەی لەوە ئاگاداربن کەچی ڕوودەدا، هەر چەندە بۆ ئەو مەبەستەش داوەتنەکرابوو. هەموو ئەم سیاسەتانەی وڵاتانی هاوپەیمان، ڕێگا خۆشکەرێکی سەرەکی بوون، بۆ ئەوەی وڵاتێکی وەك تورکیا لە کۆنگرەی لۆزانی دووەمدا کە لە٢٤ی تەموزی ١٩٢٣دا بەسترا، بە تەواوی دان بە سەربەخۆییدا بنرێ لە لایەن هاو پەیمانانەوە

و گەورەترین سەرکەوتنی سیاسی لەم کۆنگرەیەدا وەرگری، وەك ئەوەی بە رادەیەکی باش ئەوەی بۆ فەراهەم بکەن کە سەروەری (سیادە)ی بەسەر تراقیای ڕۆژهەڵات، نۆ کەندەکان، ئەستەمبوڵ و نیمچە دورگەی گالیبوڵی، ئەزمیر، کیلیکیا، ویلایەتەکانی باشوری ڕۆژهەڵات لە ئەنادۆڵ واتە کوردستانی باکور(اب نووسەر)، ئەدرنە و هەندێ لەو دورگە بچوکانەی کەدەکەونە دوری(٣)سێ میل لەکەنارەکانی ئاسیا بۆ تورکیا و دەسهەڵگرتنی هێزی هاوپەیمانان لە ناوچەی نۆکەندەکان و ئەستەمبوڵ، سەرەڕای ئەو زەوی و زارانەی کەلەلایەن هێزەکانی بیانییەوە داگیرنەکرابوون بخرێتە ژێر دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی تورکەوە لەگەڵ ئەوەشدا هاوپەیمانەکان ئەم شوێن و ناوچەو ئیمتیازانەیان بەشێوازێکی فراوان بەرکەوت:-

١-وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا چواریەکی لە نەوتی ویلایەتی موسڵ بەرکەوت، بەو بیانوەی یەکێك بووە لەوڵاتانی هاو پەیمان لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا.

٢-وڵاتی عێراق بکەوێتە ژێر ئینتدابی بەریتانیاوە، پاش ئەوە لەلایەن(کۆمەڵەی گەلان) یشەوە بڕیاری لە سەردەدری، هاوکات ناوچەی ستراتیجی کەنداوی سوێس و سودانیشی خرایە ژێردەسەڵاتەوە، سەرەڕای دەسکەوتێکی گەورە لە نەوتی ویلایەتی موسڵ.

٣-وڵاتی فەرەنسا مافی ئینتدابی سوریا و لوبنانی بدرێتێ، جگەلەو دەسکەوتەی کە لەنەوتی ویلایەتی موسڵدا بەرێکەوت، چونکە بەپێی رێکەوتنامەی(سانریمۆ)ی ساڵی١٩٢٠دەستی لە مافی ئەوئینتدابەی ویلایەتی موسڵ هەڵگرت بۆ بەریتانیا.

٤-هەموو دورگەکانی دودیکانیز کەدەکەونە ناو دەریای ئیجەوە و سەر بەوڵاتی یونانن بەر وڵاتی ئیتالیا بکەوێ، وەك دەبینین بەو شێوەیە

کۆنگرەی دووەمی لوزانی ١٩٢٣هەموو مافێکی کورد، ئەرمەن و یونانی بەپێی پەیماننامەی سیڤەری نێودەوڵەتی پووچەڵ کردەوە و، لێرە بەدواوە ڕێگا بۆ ئەوە فەراهەم کرا، کە تورکیای کەمالی:(بەتەواوی سیاسەتی بەتورك کردن دژ بەهەموو ئەو نەتەوانە دەست پێبکا کە خرانە بۆتەی دەوڵەتی کەمالی تورکیەوە). سەرەڕای دوورخستنەوە و ڕاوەدوونانی هەموو ئەو کەسایەتیە نیشتمانپەروەرانەی لە هەوڵ و خەبات دابوون بۆ داکۆکیکردن لە مافی وڵات و گەلەکانیان پاش وەستانی جەنگی یەکەمی جیهانی.*

---

*ئەم بابەتە پێشتر لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە (١٩٢٣)ی ١٩٩٩/٨/١١ بڵاوکراوەتەوە.

باسی شەشەم

بابەتی مێژووی قوتابخانە سەرەتاییەکان بەزمانی کوردی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا.

بەگوێرەی ئەم بابەتە مێژوویانە و، لە قۆناغی سەرەتایی خوێندندا بەتایبەتی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا. ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە هەر لەکاتی دامەزرانی یەکەم حکومەتی عێراقییەوە و دانانی شافەیسەڵی یەکەم(١٨٨٥-١٩٣٣) بە فەرمانڕەوای عێراق لە١٩٢١/٨/٢٣دا و لەلایەن حکومەتی بەریتانییەوە. هەندێ گۆڕانکاری هاتۆتەکایەوە بەجۆرێ زۆر لە دانیشتوانی عێراق بەکورد و عەرەبی یەوە بەر شەپۆلی ئەم گۆڕانکاریە کەوتوون و لەگەڵ ڕەوت و تایبەتمەندیەکانیدا ڕۆیشتوون هەر چەندە دەسەڵاتدارانی بەریتانی لە عیراقدا و لە سەردەمی پاشایەتی و بەتایبەتی لەکاتی دەسەڵاتی فەیسەڵی یەکەم بەدواوە، زیاتر بایەخ و ئامانجیان ئەوەبووە کە درێژە بە سیاسەت و مانەوەی خۆیان بدەن لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا بەگشتی وولاتی عێراق و کوردستان بە تایبەتی، هەر بۆیەش لە بواری ڕووناکبیری داو بەپلەی یەکەم بۆ بەرژەوەندی خۆیان بایەخیان پێداوەو لایەنە جۆربەجۆرەکانیان تاوتوێ کردوە. واتە هەر لەکاری ڕۆژنامەنووسیو بڵاوکردنەوەی چەندین

گۆڤارو ڕۆژنامـە بـە زمـانی عـەرەبی و کـوردی و هـەر لەلایـەن خۆشیانەوە تـا ڕادەیەك یارمەتی بڵاوکردنەوەیان دراوە تەنانەت هەندێکیان هەر بە خۆشیان کاروباری بەڕێوەبردنیان بەدەستەوە بوە و، زیاتر بۆ پیادەکردن و بەدیهێنانی مەرامی خۆیان بەکاریان هێناوە. هـەر چـەنـدە ئـەم گۆڤـار و ڕۆژنامانـە خـاڵی نەبوون لە بڵاوکردنەوەی بارودۆخی ڕووناکبیری و بڵاوکردنەوەی بابـەتی زۆر لە ڕووناکبیرانی عێراقی ئەوکاتە بە کـورد و عەرەبییـەوە هـەر لـەدەرچوونی یەکـەم ڕۆژنامـەی عـێراقی کـە(الـزوراء)ی سـاڵی ١٨٦٩ی سـەردەمی مەدحـەت پاشـابووە، تادەگاتـە(پێشکەوتن)،(تێگەیشتنی ڕاستی) ودواتـر (دەنگـی گێتـی تـازە)ی کـاتی فەرمانڕەوایـەتی ئینگلیز، جا ئەمانـە وەکو وتم وەك نـاوەڕۆك هەرچەندە زۆر بابەتی دەوڵەمەند و بەکەڵکیان لە خۆیان گرتـووە، لـە هـەمان کاتیشـا زۆر لەمـەرام و ئامـانجی دەسـەڵاتدارانی ئینگلیزیـان لـە عـێراق و کوردستاندا هێناوەتـەدی و، بـۆ ئـەو سـەرو بـەندو ڕۆژگـارەش سوود و بـەهای تایبـەت بـە خۆیـان هـەبووە بـۆ پیـادەکردنی سیاسـەتی دەسـەڵاتداران و زۆر کاروباری لاسەنگی بـۆ سـەنگ کردونەتـەوە. پێشم وابێ لێرەدا پێویست ناکـا زۆر بەتان و پۆی بابەتێکی وادا بچم چونکـە ئـەو لایـەنو بابەتانـەی کـە نـاوم بـردن هەریەکەو پێویستیان بەلێکۆڵینـەوەی سـەربەخۆ هەیـە. بـەڵام لـێرەدا دەمەوێ لەو بابەتە مێژووییانە بدوێم کە لە سەرەتاکانی سـەدەی بیستەمەوە لە قوتابخانەکان و قۆناغی سەرەتایی خوێنندا خوێندکاران بـەزمانی کوردی بڵاوکراونەتەوە، جا ڕەنگە هـەر هەمووشیان نەگرێتـەوە[٦] بـەڵام ئـەم بابەتانـە،

---

[٦] دروس التاريخ

مترجم و مؤلف

مديرى مكتبى اول سليماني قفطانجي زادة صالح صدقي

لەبەر ئەوەی سودی تایبەتیان هەیە بۆ سەر ڕەوت و باری ڕووناکبیری کوردی و دەبنە بنەمایەکی سەرەکی بۆ خوێندنی بابەتی مێژوو لە قوتابخانەو خوێندگاکانی کوردستاندا. لە هەمان کاتیشدا جۆرێکە لە سیاسەتی دەسەڵاتدارانی عێراقی و ئینگلیز لە کوردستاندا بۆ هێور کردنەوەیان و پاڵپشتی کردنی حوکمی پاشایەتی کە هەر لە سەرەتای دەسەڵاتیانەوە بە پلەی یەکەم ئامانجی داگیرکەرانیان هێناوەتەدی و بەتەنگیەوەچوون هەر چەندە بۆ کارێکی وا، دەسەڵاتدارانی دوای ئەوان، لەوان کەمتریان نەکرد. تەنانەت لە سەردەمی حوکمڕانیەتی کۆماریشدا کە پێویست بە سەلماندن و هیچ بەڵگەیەك ناکا. بەهەرحاڵ وانەی(مێژوو) یاخود بڵێین بابەتی مێژوو لە قوتابخانەکانی کوردستاندا هەر هەمان ئەو بابەتانە بووە کە لە قوتابخانە عەرەبییەکاندا خوێندراوە. تەنها ئەوە نەبێ کە لەلایەن چەند ڕووناکبیرێکی ئەو کاتەی کوردەوە کراون بە کوردی کەچی بە ناوەرۆك بە هیچ جۆرێك باس لە نەتەوەی کورد و داب و نەریتو ڕەگەزو و مێژووی کورد ناکات. تەنها لەیەك دوو شوێندا نەبێ کە ئەمانەش زیاتر پابەندن بە باس کردنی(صلاح الدین)ی ئەیوبی یەوە لەم بارەیەشەوە لە مێژووی پۆلی دووەمدا و لە لاپەڕە(٥٠)یدا نووسراوە:(صلاح الدین کوردە اخری بوە بە قوماندانی لە شکری پادشای(موصلی) بۆ یاریدەی ئیسلام[٧] چوە شام و مصر)ەوە. هاوکات

مطبعة الفرات:بغداد سنة١٣٤٥هیجریة ، سنة١٩٢٦میلادیة-

[٧] دروس التایخ

ترجمە

سیدنوری بەرزنجەی مدیری

سید فتاحی بەرزنجەی رئیسی اول لة جیشی عراقیدا

لەلاپەڕە(٨٧)ی بابەتی مێژووی پۆلی چوارەمی سەرەتایشدا وێنەیەکی(صلاح الدین) دانراوە و لە خواری وێنەکەشەوە نووسراوە:"فخری ئیسلام و کورد صلاح الدین ایوبی) ئیتر ئاو بێنەو دەس بشۆ. بەڵام دڵخۆشکەری ئەم بابەتانە لەوەیاندا دەردەکەوێ کە زمانی کوردیش لە عێراقدا و، لەو دەمانەوە نەیانتوانیوە حەق و حیسابی بۆ نەکەن. دیارە ئەوەشیان زیاتر لە دوو تەوەری گرنگ یان سەرچاوەی گرنگەوە سەری هەڵداوە یەکەمیان: سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لەبەشی کوردستانی باشووردا و دووەمیان: گەشەکردنی بەرچاوی ڕووناکبیریی کوردی کە لە هەنگاونان و گەشەکردنی بەردەوامدا بووە. وەکو وتم بەتایبەتی لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم و پاش جەنگی یەکەمی جیهانی(١٩١٤-١٩١٨)وە. کوردیش کەوتۆتە خەبات و سەرەڕای ئەو هەوڵ و کۆششەی کە ڕووناکبیرانی کوردی وەك: صالح سدقی زادە، سەید نوری بەرزنجەیی، ئەمین زەکی بەگ و مامۆستا تۆفیق وەهبی کردوویانە، ئەمەش بۆ خۆی وای کردوە کە زمانی کوردی شان بەشانی

مدرسه ی فضل وەخطیبی مزکەوتی احمدیة لە بغداد

لەسەر فەرمایشی وزارتی جلیلەی معارفی حکومتی عراقی بەموجبی پیش رەوی صنفی چوارەمین ریك خرا

چاپی یەکەمین

حقوقی اعادەی طبع محفوظە بو مؤلفە کان

هەر نسخە یك کە مور و یاامضای‌یکی مؤلفە کانی‌پی‌وە نەبێ بەساختە ازمیرری

محمود حلمی

صاحبی کتیبخانەی عصریە لە بغداد داطلب اکری

چاپخانەی(فرات) لە چاپ درا

بغداد:١٣٤٧ﻫ ١٩٢٨م

زمانی عەرەبی لە عێراق و کوردستانی باشووردا گەشەبکاو قۆناغ و ڕەوتی خۆی ببڕێ هەرچەندە لەلایەن دەسەڵاتداران و ئەوانەی کوردیان بەباوەکوشتەی خۆیان زانیبێ چەندین قۆرت و تەگەرەی هاتۆتە ڕێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەیان ئەوە ناگەیەنێ کە بڵێین ڕەوتی ڕووناکبیریی کوردی وەستاوە و کۆششی بۆ نەکراوە. ئەوەتا هەر لە سەرەتای بابەتی مێژووی پۆلی دووەمی سەرەتایی داو مامۆستا ساڵح سدقی زادە دەنووسێ:"ام کتیب تاریخە بو صنف دوم أولی ترتیب کراوە. موافق بە پروغرامیکە کە نظارت جلیل معارف دایناوە . لەسەر روشتی تازە بە أرەزوی خدمت بو مندل ملت امید أوە دەکەم کە ام چند پەرەیە لە ریز کتیبانیکا کە فائیدەیان هەیە بو خویندنەوەی شوینیکی ببن و بەخدمتی قبول بکری". هەر دوا بەدوای بابەتی مێژووی پۆلی دووەمی سەرەتایی و لە کتێبی پۆلی سێیەمدا کە هەرسێ ڕێکخەر و وەرگێڕی ڕووناکبیری ئەوکاتەی کورد. مامۆستایان سەعید سدقی کە لەوکاتەدا مامۆستا بوە لە سلێمانی و سەید نوری بەرزنجەیی کە ئەویشیان بەڕێوەبەری قوتابخانە(فضل) وئیمام و خەتیبی مزگەوتی ئەحمەدی بوە لە بەغدا و، سەید فەتاحی بەرزنجەیی ئەمیش(رئیس أول) واتەپلەی (ڕاند)ی هەبووە لە ڕیزەکانی سوپای عێراقدا لە سەر بەرگی[٨]

---

[٨] درس تأریخ

ریك خەر ومترجم

سعید صدقی، سید نوری بەرزنجی، سید فتاح برزنجی

معلمی مکتبی اول مدیری مدرسەی فضل وخطیبی رئیس اول لة جیش عراقیدا

لەسلیمانی مزگەوتی احمدی

چاپی یەکەمین

حق لە چاپ دانەوەی عائدەبەریك خەرەکان

كتێبی(دروس التأریخ بە لغتی كوردی) نووسیویانە:"حق لە چاپدانەوەی عائدە بەریك خەرەكان. هەر نسخەیەكی مۆری وزارەتی معارفی پێوەنەبی ساختەیە" نرخەكەشی وەكو لە سەری نووسراوە لەو كاتەدا بە(٦)شەش عانە بوەو لە سالی١٣٤٨ی كۆچی لە چاپخانەی(نەجاح) چاپكراوە. كە هاوكاتە لەگەڵ سالی(١٩٣٠)ی زایینیدا.

جگە لەوانە لە كاری بلاوكردنەوە و لەچاپدانی كتێبی مێژووی پۆلی چوارەمدا بە تەواوی جێ دەستی مێژوونووسی گەورەی كورد ئەمین زەكی دیارە كە لەو كاتەدا وەزیری(اشغال)بووە. هەر وەك وەرگێڕەرانی كتێبەكە خۆیان سوپاسنامەیەكیان بۆ جەنابی ئەمین زەكی نووسیوەو تیایدا وتویانە:"جنابی سەروەری ملتی كوردان وزیری اشغال و معارفی پیشو حزرتی مجمد امین زكی بەگ. ام كتیبی تاریخی اسلامە بەقلم رادانی معالیتەوە شەوق درابو. خودای عزوجل لە هەموایش و كاریكی خیردا موفق تان بكا. دائما پایە بەرزبی بو ترقی علم و معارف سعی وتی كوشینتان موجبی افتخاری گەورە و بچوك مانە".

لەخواریشەوە هەردوو ڕوناكبیر سەیدنوری بەرزنجەیی و سەید فەتاحی بەرزنجەیی ئیمزایان كردووە. ئەم كتێبەش لە سالی ١٣٤٧ی كۆچی بەرامبەر بە سالی١٩٢٨ی زایینی لە چاپخانەی(الفرات)ی بەغدا لە چاپدراوە. بەزۆری ناوەرۆكی ئەم كتێبە مێژوویانە كە ناوم بردن باس لە دەولەتی ئیسلامی و

هەر نسخەییكی مور وزارتی معارف پیوەنەبی ساختەیە

(بغداد)

لە چاپ خانەی نجاح لە چاپ دراوە

١٣٤٨هـ-١٩٣٠م

ئەو ناوچانە دەکەن لە کاتی فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی ئیسلامیدا بەرەوی تایبەت بە خۆیان هەبوە دوایی باس لە ڕۆڵی بەشێکی زۆر لە پێشەوایانی ئیسلام دەکا لە ڕێگای ئەو برەوپێدان و گەشە کردنەدا و هەروەها گەیاندنی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ ناوچە جۆربەجۆرەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و هاتنی زۆر لەوانەی کە بەربەرەکانی حوکمی ئیسلامیان کردوە. وەك هێزی مەغۆل، بویهیەکان و سەلجوقیەکان و بەربەرەکانی کردنیان بۆ لەناوبردنی دەوڵەتی عەباسی لە ساڵی ٦٥٦ی کۆچی بەرامبەر١٢٥٨ی زایینی. پاشان هەردوو ڕێکخەر و وەرگێڕ ئەم چەند دێڕەیان بۆ خوێنەران و خوێندکاران ڕوون کردۆتەوە کە لە بەشێکیدا نووسیویانە:(بەعنایەتی خوداوەندی هەمو کون و کائنات و بە امدادی روحانیەتی حضرتی پی غەمبەری آخر زەمان محمد المصطفی(صلی اللة علیه وسلم) کتابی تاریخی اسلام بەزمانی کوردی ڕێکخرا بە موجبی پیش رەوی وەزارەتی جلیلەی معارف بو قوتابی صنفی چوارەمینی مدرسەی ابتدائی تخصیص کرا گەلی مباحثی بەکەلکی تیا هەیە کردەوەی خلفا و پادشاهان و پیاوماقولی بدایتی اسلامان پیشان دا. بو هەموو موسلمانیکی کورد لە فائدە خالی نیە. لەگەڵ ئەمەشدا أم کردەومیەمان بی قصورنیە. انشا عاللە لە استقبالدا لە طرف کورانی سنوری وطنمان گەلی کردەوە و کتیبی نایاب و لەمەچاك و باش دەبی موجبی استفادەی گەورە و بچوك وە أم دو عبدی عاجزە مسرور و خوش حال دەبن. جنابی حق همو وقتی علم و معارف پەروەران موفق وە پایە داربکا.

*ئەم نووسینە پێشتر لە گۆڤاری (کازیوە) ژمارە (٦) ساڵی ١٩٩٤دا بڵاوکراوەتەوە.

باسی حەوتەم

هەمزە عەبدوڵڵا

لەنێوان ژیانی پەناهەندەیی و هەڵوێستی سەید ئەحمەدی خانەقادا

دیاری كوردستان وەك گۆڤارێ یا هەفتەنامەیەكی بڵاوكراوە یەكەم ژمارەی ڕۆژی چوارشەممە ١١ی مارتی ساڵی١٩٢٥و دوا ژمارەی كە ژمارە(١٦)شازدەیەتی لە ١١ی مایسی١٩٢٦و ڕۆژی سێ شەممە لە شاری بەغدا بەهەر سێ زمانی(كوردی، عەرەبی و توركی) بڵاوكراوەتەوە. خاوەنی ئیمتیازی ساڵح زەكی ساحێبقڕان (١٨٨٦-١٩٤٤) زادە و بەڕێوەبەری ئیدارەشی ڕەشید شەوقی بووە. بەڵام پێ دەچێ تا ڕۆژی داخستن و وەستانی گۆڤارەكە نەیانتوانیوە لەكاتی خۆیدا و هەفتانە بڵاوبكرێتەوە(بڕوانە، كاروان، ژمارە، ١١٠ اب نووسەر). وەك دەبینی لە ژمارە (٥)یدا كە ڕۆژی سێ شەممە١٢ی مایسی١٩٢٥ بڵاوكراوەتەوە. لە هەردووبەشی(عەرەبی و توركی)یەكەیدا. هەواڵێك سەبارەت بە كە سایەتی و پیاوی ناسراوی شاری كەركوك سەید ئەحمەدی خانەقا(١٨٦٨-١٩٥٢)بڵاوكراوەتەوە. بەوەشدا وادەردەكەوێت لە لایەن حكومەتی پاشایەتی عێراقەوە و لەسەر هەڵوێستی سیاسی و داكۆكی كردن لە مافی گەلەكەی لە شاری كەركوك، لە مانگی مارتی ساڵی ١٩٢٣ەوە،

دورخراوەتــەوە بــۆ شــاری بەســرەی باشــووری عــێراق، وەك لەبەشــی توركی(توركجه قسمی) وتەنانـەت بەشە عەرەبییەكـەی گۆڤارەكـەو هـەمان ژمـارە(٥)یـدا وای نووسـیوە:(سـەید ئەحمـەدی خانــەقا ســەركردەیەكی بەناوبانگی كوردە، لەلایەن حكومەتەوە فەرمانی ئـەوەی بـە سـەرادراوە، كـە بـۆ مـاوەی دووسـاڵ و نیـو لـە شـاری بـەغدا و بەسـرە بمێنێتـەوە و لـەم دواییەشـدا و پـاش ئـەوەی حكومـەتی خـاوەن شـكۆ ڕێگـەی پێـدا لـە ٦ی مایسی١٩٢٥ دا گەڕایەوە بۆ شـاری كـەركوك) هـەواڵی دورخستنەوەیەكی لـەم بابەتەش هەر چەندە فەرمانڕەوایانی عێراق مەسەلەی تورك خوایان دابـوە پاڵی بەلاّم زیاتر لەسەر ئەو هەڵوێستەی بوو كـە پاڵپشتییەكی گـەورەی لـە كورد و خەباتی كوردایەتی دەكرد كە لە سەرەتاكانی سەدەی بیستەمەوە تـا ڕۆژی كۆچكردنی لە٣٠ی ئابی ١٩٥٢دا ئەوەش بۆ خۆی لە كوردستانی باشوور لـە شۆڕشـەكانی مـەحمودەوە سـەرچاوەیان دەگـرت. بـەجۆرێ هەڵوێسـتێكی لەموای لە حكومەتی شافەیسەڵ(١٨٨٥-١٩٣٣)و بەریتانیا كرد كە لە ١ی مـارتی سـاڵی١٩٢٣ەوە ئـەو كـە سایەتیە ناسراوەی كـورد بەفرۆكەیـەكی تایبـەت لـە شاری بەسرە. دوابەدوای ساڵ ونیوێك دەستبەسەری دوای گەڕانــەوەی شێخ مەحمودی نەمر لە(دورگەی ئەندامان)ەوە بۆ بـەغدا وپاشان بـۆ كوردستان ئەمیشیان هێناوە تەوە بەغدا و لێرەش بۆ ماوەی ساڵێك خستوویانەتە ژێـر چاودێرییەوە و ئەو جا ڕێگەیان داوە بگەڕێتەوە شاری كەركوك بەلاّم لێرەدا ناكرێ ئێمە تەنها وەك كـە سایەتیەكی سیاسـی باس لـە سـەید ئەحمـەدی خانەقا بكەین، بەڵكو وەك ئەوەی لە بنەماڵەیەكی ئایینی و لەساڵی(١٢٩٠)ی كۆچی بەرامبەر بە ١٨٦٨ی زایینی هاتۆتە دنیـاوە بەرەسـەن دەگەڕێتـەوە بـۆ شـێخ سـەمەدی باپـیرەی سـاداتی بەرزنجـەو، سـەید حوسـەین ئەفـەندی خانـەقای باوكیشی كـەلای هـەموان بـە زانـا وشـارەزایەكی ناسـراوی بـواری

زانست و ئەدەب شۆرەت وناوبانگی ڕۆیشتوە، كوڕی شێخ ئەحمەدی سەرگەڵوی بە ناوبانگەو، خاوەنی شۆرەت و مەقامێكی تایبەت بەخۆی بووە. بۆخزمەت كردنی زانست و كردنەوەی ناوەندی زانستی و ئایینی لە وڵاتی كوردستاندا بەڕادەیە خانەقاكەیان بووە بە ناوەندێك كەلەهەموو سەردەمێكدا دەیان پیاوی ئایینی و سیاسی و خاوەن قەڵەمی بە برشتی لەدەوری خۆی كۆكردۆتەوە و جگەلەوەش شوێنێكی گرنگ بووە، بۆ حەوانەوە و پاراستنیان لە هەر مەترسی و فشارێك كە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە كرابێتە سەریان بەهۆی جیاوازی بۆ چوون و داكۆكی كردنیان لەهەر بوارێك كە بە حەق و شایستەیان زانیبێ وەك مامۆستا هەمزە عەبدوڵڵا (١٩١٥-١٩٩٨) كە لەودەمانەدا وەزیری ناوخۆی عێراق(مستەفا عومەری) بڕیاری لەسەرئەوەدا. كە ڕەگەزنامەی عێراقی لێ بسەنرێتەوە و لە وڵاتی عێراق بكرێتەدەرەوە. بەوەی كە كەسایەتیەكی عێراقی نییە. لە ڕێگای شێخ مەحمودی نەمرەوە كە لەودەمانەدا لە بەغدا لە ژێر چاودێریدابوو. بەهۆی هەوڵدانێكی ئەوەوە كەسایەتیەكی وەك سەید عەبدوڵڵای برازای سەید ئەحمەدی خانەقای كەركوك هەوڵی بۆدا كە لە گوندی(ئەلبوسەباح) لای ڕەفعەت بەگی داوێ كە نزیك بوو لە شاری كەركوكەوە بیشارێتەوە و پاش ئەو بیگوازێتەوە خانەقای سەید ئەحمەدی خانەقاو بەناوی خواستراوی(مەلا برایم) ەوە بۆ ماوەی ساڵێك لەوێ بمێنێتەوە لە ساڵی١٩٤٠بەدواوە و كەلەوێش ئاشكرابوو دووبارە گوێزیانەوە بۆ گوندی(گۆپتەپە)ی ئاغجەلەرو بۆ ماڵی شێخ عەبدوڵڵای باوكی شەهید عەلی عەسكەری بەڕادەیە تا كاتی بەرپابوونی شۆڕشەكەی عەسكەری بەڕادەیە كاتی بەرپابوونی شۆڕشەكەی ڕەشید عالی گەیلانی كە لە مایسی١٩٤١ ڕوویدا لەوێ مایەوە و هەر لەوكاتەشدا دەرفەتێك بۆ شێخ

مەحمودی نەمر هەڵکەوت کە بتوانێ لە بەغداوە هەڵبێ و لە ناوچەی گەرمیان و دەوروبەری شاری کفرییەوە خۆی بگەیەنێتەوە کوردستان و ماموستا هەمزەعەبدوڵلاش هەر لەو سەروبەندەداو لەکاتی بەرپابوونی ئەوشۆڕش و ڕاپەڕینەی ڕەشید عالی گەیلانیدا توانی بۆ جارێکیدی بچێتەوە شاری کەرکوك و لە ماڵی سەید ئەحمەدی خانەقادا بمێنێتەوە واتە تائەو کاتەی لە ساڵی١٩٤٣بەدواوە ڕێگەی بۆ فەراهەم و مەیسەربووبێ کە خۆی بگەیەنێتە شاری مەهاباد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات.[9]

---

[9] ئەم باسە لە ڕۆژنامەی(کوردستانی نوێ)، ژمارە(١٩٤٠)ی ١٩٩٩/٩/٥دا بلاوکراوەتەوە.

باسی هەشتەم

هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق و ڕاپەڕینی بەردەرگای سەرای ١٩٣٠

لەو کاتەوەی کۆنگرەی قاهیرە لە١٢-١٨ئازاری١٩٢١ بەسترا. حکومەتی بەریتانیا لەودانیشتنەدا بڕیاری لەسەر ئەوەدا فەیسەڵی یەکەم(١٨٨٥-١٩٣٣) بکاتە شای عێراق و ئەم بڕیارەی بەتەواوی لە(٢٣ی ئابی١٩٢١)ەوە هێنایەدی دوا بەدوای ئەوەش یەکەم حکومەتی عێرا ق بە سەرۆکایەتی عەبدولڕەحمان نەقیب(گەیلانی) پێك هێنرا و، بەپێی ئەوە دەسەڵاتدارانی بەریتانیا کەوتنە ئەوەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ چەند ڕێکەوتنامەیەکی ڕەسمی لەگەڵ ئەم حکومەتەدا مۆر(واژۆ) بکەن. هەر چەندە بەریتانیا بەپێی سیستەمی(ئینتداب) کە(کۆمەڵەی گەلان) وەك ڕێکخراوێکی جیهانی ئەو کاتە دانی پیادا نابوو. وڵاتی عێراقی کەوتبوە ژێر دەسەڵاتەوە بەڵام هەر لە ساڵی(١٩٢٢)ەوە بۆ ٣٠حوزەیرانی١٩٣٠و لەو ماوەیەدا چەند ڕێکەوتننامەیەکی یەك لەدوایەکی تیا گەڵاڵەبوو. لەنێوان عێراق و بەریتانیادا بەجۆرێ بنەماکانیان زیاتر بەرژەوەندیەکانی بەریتانیا و مانەوەی سەربازی و سیاسەتی بەریتانی لە عێراق و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕستدا فەراهەم دەکرد، سەرەڕای کە کردنەوەی ئەو ناڕەزاییانەی گەلانی بەریتانیا کە بەدەس فراوانخوازیانەوە بەردەوام لە گۆڕێدابوو. ئەمەی دوایشیان

واتە(٣٠حوزەیرانی١٩٣٠) بۆ ماوەی چارەکە سەدەیەکی تەواو جەختی لەسەرمانەوەی بەریتانیا دەکرد لە عێراقدا، بەمەرجێك حکومەتی عێراقیش پشتگیری لەو بەردەوامی و مانەوەی بکات. ئەمەش ناڕەزایی یەکی گەورەی لە ناو گەلانی عێراق و بە کوردستانی پێکەوە گرێ دراویشەوە دروست کرد. کەواژۆ کردنی ڕێکەوتنامەیەکی لەو بابەتە جۆرێکە لە داگیرکردن و بەستنەوەی عێراق بە سیاسەتی داگیرکاری بەریتانیاوە. هاوکات ئەو ڕێکەوتنامەیە لەو(١١)یازدە بەندەیدا کە لەنێوان نوری سەعیدی سەرەك وەزیرانی عێراق و(هەمفرێزەر)ی نوێنەری بالای بەریتانی لە عێراق و لە(لەندەن) واژۆ کرا. تیایدا بە هیچ جۆرێك باس لە کورد و مافی نەتەوایەتی گەلی کورد نەکرا، لە کاتێکدا بەریتانیا خۆی پێشتر ئەو بەڵێنەی دابوو کە ئیدارە و دەسەلاتێکی کوردی لە ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی عێراقدا پێك بهێنرێ لەگەڵ ئەوەشدا هەموو دەزگاکانی(کادیرانی کورد) و لەلایەن کورد خۆیەوە بەڕێوەببرێ، جێبەجێ نەکردنی بەڵێنێکی ئەو تۆش وای کرد کە دانیشتوانی ناوچە کوردنشینەکان بەرامبەر بەڕێکەوتنامەکە ناڕەزایی خۆیان دەربڕن سەرەڕای بەرزکردنەوەی چەند گەلالە نامەو داواکاری و ناڕەزایی بۆ(کۆمەڵەی گەلان) و نوێنەری بالای بەریتانی لە عێراق ئەوە بوو ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق دوابە دوای ئەمەو، بۆ هێور کردنەوەی ڕقی دانیشتوان لە(٥)ی ئابی ١٩٣٠ەوە بڕیاریدا وەفدێك بنێرێتە ناوچە کوردنشینەکان بەمەبەستی دانانی پلانێك بۆ مەسەلەی هەڵبژاردنی(پەرلەمانی عێراق) کە دەبوو بنەماکانی ڕێکەوتنامەی١٩٣٠(عێراقی -بەریتانی) بخرێتە بەردەم ئەندامانییەوە بۆ بڕوا پێدان(مصادقە) و لەلایەن نوێنەرانی گەلەوە ڕەوایەتی تەواوی پێ ببەخشرێ، دوای ئەمەش جەعفەر عەسکەری وەك وەکیلی سەرۆك وەزیرانی

عێراق و، وەزیری ناووخۆو دادوەری کە(جەمیل مەدفەعی) و (جەمال بابان) بوون لەگەڵ(مێجەر یانگ)ی وەکیلی نوێنەر(مندوب)ی باڵای بەریتانی لە عیراق سەردانی شارەکانی کوردستانیان کرد هەر یەکەو وتارێکیان لەبارەی ڕێکەوتنامەکەو چۆنێتی واژۆکردنیەوە بۆدانیشتوان خوێندەوە بەڵام ئەمە لە شارێکی وەك سلێمانی و لە ٩ی ئابی١٩٣٠دا بە ئەوپەڕی توندییەوە لەلایەن دنیشتوانەوە کە لە بەردەرگای سەرای شاردا کۆبوونەوە بەرپەرچ درایەوە لە کاتێکیشدا مانگی ئەیلولی١٩٣٠نزیك بووەوە، حکومەتی عێراق بڕیاری لەسەر ئەوە دابوو کە دەبێ ڕۆژی ٦ی ئەیلولی ئەوساڵە پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی عێراقی تەواوی جێبەجێ بکرێ بۆ ئەو مەبەستەش کەوتە ڕەنگ ڕێژکردن و، زەمینە خۆشکردن بۆ ئەوەی لە کاتی خۆیدا پرۆسەکە یەکلایی بکرێتەوە لەم ماوەیەشدا کەسایەتیەکی وەك شێخ مەحمود لە گوندی(پیران)ەوە زۆر بە وردیەوە لە تەواوی بارودۆخەکەی ئەڕوانی، چونکە بەپێی ئەوڕێکەوتنامەیەی کە لە١٩ای کانوونی دووەمی ١٩٢٧دا لەگەڵ حکومەتی عێراقدا واژۆی کردبوو نەدەبوو جارێکی دی دەستبداتەوە شۆڕشکردن، لە هەمانکاتا پیاوانی ناسراوو کەسایەتی بەڕووناکبیرودیارەکانی شاری سلێمانی و، تەنانەت بەشێکی گەورەی دانیشتوانی شار بڕیاریان لەسەر ئەوەدابوو بەهیچ جۆرێك بەشداری پرۆسەی هەڵبژاردنە کە نەکەن هەر چەندە کاربەدەستان خەڵکیان ئاگادارکردبوەوە لە چۆنێتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن و، بەشداربوون، سەرەڕای کۆنترۆڵکردنی سەراو دەوروبەری بەهێزی سەربازی بۆ ئەوەی هیچ پێکدادان و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چاوەڕوان کراو لەلایەن ئەوانەی کە لە بەردەم سەرای سلێمانی کۆبوونەوە و هێزەکانی دەوڵەتداڕوونەدات، کەچی ڕقی پۆڵاین و نیشتمان پەروەری جەماوەری سلێمانی بەتەواوی ئەو گۆمە مەنگەی شەڵەقان و تەقەدروست

بوو، بەجۆرێکی ئەوتۆ وای لەکاربەدەستان کرد کە هێزی زیاتر بەهەموو جۆرە چەکێکەوە بگەیەننە شوێنی ڕووداوەکەو زیاتر کەوتنە کوشتاری خەڵك، لە ئەنجامی ئەوکارە ناڕەوایەشدا کەدەسەڵاتدارانی عێراق، بەرامبەر بە دانیشتوانی سلێمانی و جەماوەری ڕاپەڕیووی ئەوشارە بەکاریان هێناو بەگوێرەی تۆمارکردنی هەندێ لە سەرچاوەمێژوویەکان. زیاد لە (٢٥)بیست‌و پێنج کەس شەهیدبوون و(٣٥) سی وپێنج کەس بە برینداری بەرکەوتن، سەرەڕای دەسگیرکردنی نزیکەی(٣٠٠)کەس کە زۆریان لە کەسانی ڕووناکبیرو ناسراوی شاربوون. سەرەڕای کوژران و برینداربوونی ژمارەیەك لەو هێزانەی حکومەت کە لەو ڕۆژەدا بۆ فڕکردنی خەڵك کۆی کردبوونەوە ئەوانەشی کە شەهیدبوون لەم ڕاپەڕینە جەماوەرییەی ئەیلولدا بەزۆری بریتی بوون لەکەسانی وەك:(حەمەقالە ئاغا، عەزیزی کورتان دروو، حەمەچاوشین، مەحمەدی خولە، عەول مەحمەدی چایچی کەبە(عەولەسیس ناسرابوو)، ئەحەڕەشەی حەسەنی دەروێشی شیرگەڕ، عەلی سیوجگەر فرۆش، عەزیز پینەچی، مستەفا فەتاحی کوڕی حاجی ئەحمەدی کەریم ئاغا...) بەجۆرێ هەر ئەو تاوان و سیاسەتەی حکومەتی عێراق و بەریتانیابوو کە ئەم ڕۆژەی لە ناو دانیشتوانی شاری سلێمانی و کوردستاندا بەڕۆژی ڕەشی٦ی ئەیلول ناوزەدبکرێ و ئەوانەشی کە بەبۆنەی ئەم ڕاپەڕینەوە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە دەسگیرکران بەزۆری کەسایەتیە ناسراوەکانی وەك:(شێخ قادری برای شێخ مەحمودی حەفید، حەمە صالح بەگی عەلی بەگ، عەزمی بەگی بابان، ئەورەحمان ئاغای ئەحمەد پاشا، عیزەت بەگی کوڕی وەسمان پاشای جاف، حەمە ئاغای کوڕی عەبدول ڕەحمان ئاغا، شێخ مەحەمەد گوڵانی، مەجید ئەفەندی کانی ئاسکان، فایەق بەگ، میرزا تۆفیقی قەزاز، فایەق بێکەسی شاعیر، ڕەمزی فەتاح، مستەفا مەولود لە هەندێ شوێنیشدا

ناوی ڕەفیق حیلمی بە ناوبانگ دێت. سەرەڕای کۆمەڵێك کەسایەتی تر کە ئەمانەش بۆ خۆیان بوونە ڕووداو کارەساتێکی خوێناوی وا کەدەیان شیعرو پەخشان و نووسینی دانسقەی لەلایەن شاعیران و ڕووناکبیرانی وەك:(بێکەس، ئەحمەد حەمدی ساحێبقران، پیرەمێرد، ئەخۆڵ و دواتریش گۆران)ەوە لەسەر تۆماربکرێ و، هەمووشیان بە هەستی نیشتمان پەروەری و کوردایەتی خۆیانەوە تەعبیریان لەو ڕۆژەو لەو کارەساتە خوێناوی یە کردووە وەك دەبینی ڕەنگدانەوەی کارەساتەکەش بە شێوەیەکی وا کاربەدەستان و دەسەڵاتدارانی ترساندووە کەوا لە وەزیری ناوخۆی عێراق(جەمیل مەدفەعی) بکا. نووسراوێکی ڕەسمی لە١٠ی ئەیلولی ١٩٣٠ و بە ژمارە(٢٩٨٠) بۆ شێخ مەحمودی ڕابەری شۆڕشی ڕزگاری خوازی کورد بەرزبکاتەوە و، ئەوەی بۆ ڕوون بکاتەوە کە ئەم کارەساتە نابێ واتان لێ بکا کە جارێکی تر دەس بدەنەوە شۆڕشکردن و ببێتە هۆی هەڵوەشانەوەی ڕێکەوتنامەی ١٩٢٧ی نێوانمان کەچی ئەم داواکاری و نووسراوە هیچ کارتێکردنێکی ئەوتۆی لای شێخ مەحمود نەهێشتەوە و شێرگیرانەتر کەوتە ئەوەی دووبارە پەیوەندی بکابە هەموو ئەوانەی پێشتر لە دەوری شۆڕشەکەی کۆبوونەوە هەر چەندە حکومەتی عێراق هەڵبژاردنەکەی بۆ ماوەی یەك هەفتە دواخست و دواتر ئەندامانی(سلێمانی) توانیان لەگەڵ ئەندامانی تری شارەکانی وەك کەرکوك، هەولێر و مووسڵ و لەیەکی تشرینی دووەمی١٩٣٠ لە ئاهەنگی کردنەوەی ئەنجومەندا بەشداربن لەگەڵ ئەوەشدا نارەزایەکانی گەلی کورد سەبارەت بە(٦)ی ئەیلولی سلێمانی هەر ئەوەندەنەبووە تەنها کار لە کەسایەتیەکی وەك شێخ مەحمود بکا بۆ خۆ ئامادەکردن و دووبارە دەسپێ کردنەوەی شۆڕش بەڵکو ڕووداوێکی لەو بابەتە وای لە ئەفسەرانی کوردی ناو سوپای عێراقی کرد ڕیزەکانی سوپا بەجێ بێڵن و خۆیان بگەیەننەوە ناوچە کوردنشینەکان

و، پەیوەندی بکەن بە شۆڕشەوە، وەك ئەوەی لەو کاتەدا وەزارەتی بەرگری عێراق نووسراوێکی بۆ وەزیری ناوخۆ بەرز کردەوە بە ژمارە(٢٠٠٦)ی ١١ی ئەیلولی ١٩٣٠تیایدا هاتووە:(ئەو سێ ئەفسەرەی کە لە خوارەوە ناویان هاتووە بێ ڕێگەدانیان یەکە(وەحدە)کانی خۆیانیان جێ هێشتوە ئەفسەرەکانیش بریتی بوون لەم سێ کەسایەتیە ناسراوانەی وەك:(سەرۆکی یەکەم مەحمود جەودەت، مولازمی یەکەم حەمید جەودەت ومولازمی دووەم کامیل حەسەن) و، لە نووسراوەکەی وەزارەتی بەرگری عێراقدا وای ڕوون کردۆتەوە کە گوایە ئەمانە لە(٧-٨) ئەیلولەوە لەگەڵ کەسێکی تردا بەرەوناوچە کوردنشینەکان ڕۆیشتوون هەر بۆیە وەزارەتی بەرگری دەسەڵاتی سەربازی لێیان ئاگادارکردۆتەوە کە دەسگیریان بکەن لەم کاتەش بەدواوە بووە شێخ مەحمود توانیویەتی بەهێزێکی گەورەوە ناوچەی پێنجوێن و دەوروبەری ئازاد بکا و بۆ جارێکی تر دەسبداتەوە شۆڕشکردن بۆ ڕزگار کردنەوەی هەموو ناوچەکانی تری کوردستان و بە ڕادەیەك ئەم جۆشدانی ئاگری شۆرش و پەرج دانەوەی درێژەی هەبووە تا ئەوکاتەی بە تەواوی توانیویەتی هێزەکانی خۆی بگەیەنێتەوە ناوچەی گەرمیان و تەنانەت یەکێ: لە مەبەستە سەرەکی یەکانی شێخ مەحمود لەم شۆڕشەیدا ئەوەبوو کە هەوڵی ڕزگارکردنی شاری کەرکوك بدا وەك ئەوەی لەو دەوروبەرەدا و لە سەرەتاکانی مانگی نیسانی١٩٣١دا توانی(شەڕی ئاوباریك)ی بە ناو بانگ دژی دەسەڵاتدارانی عێراق و حکومەتی بەریتانیای هاوکاری بەرپابکا.[10]

---

[10] ئەم باسە لە ڕۆژنامەی(کوردستانی نوێ) ژمارە(١٩٤١)ی، ڕۆژی دووشەممە ٦/ئەیلولی١٩٩٩دا بڵاوکراوەتەوە.

باسی نۆیەم

ڕۆژنامە نووسی كوردی
لەنێوان بنەماڵەی(بەدرخانی) و (موكریانی) دا

بێگومان دەرچوونی یەكەم ڕۆژنامە بە زمانی كوردی بە ڕووداوێكی گرنگ دادەنرێ لە مێژووی نەتەوایەتی كورد و مێژووی ڕۆژنامە نووسی كوردیدا. ئەمە لە كاتێكدا وپێش ساڵی ١٨٩٨ ڕووناكبیرانی كورد هەوڵی ئەوەیان دابووكە ڕۆژنامەیەك بەزمانی كوردی بڵاوبكەنەوە بەڵام فەرما نڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانی ئەوپەڕی قۆرتی گەورە و، كۆسپی گەورەیان بۆ دروست كردوون لە ڕێگای بڵاوبوونەوەیدا ئەمەش نەك تەنها بۆ كورد بەڵكو بەشێكی زۆری ئەو نەتەوانەشی گرتبووەوە كە لە ژێرسایە و دەسەڵاتی ئەواندابوون هەر چەندە نەتەوەكانی دی لەم لایەنەوە پێش ئێمەی كورد كەوتوون چونكە بارودۆخی سەركوت كردن و قات و قڕی لە ناو ئەواندا و لە ڕووی ئەواندا تاڕادەیەك ئەهوەنتربووە. هەر ئەمەش وای كردبوو كە گەلانی دیكەو نەتەوەكانی تر لەڕووی بەدەس هێنان و بڵاوكردنەوەی ڕۆژنامەوە دەستی خۆیان بخەنەپێش و هاوكات بە زمانی زگماكی خۆیان بڵاوی بكەنەوە. ئەمە وێڕای ئەوەی كە زۆر لەمێژوونووسان و ڕووناكبیران گەواهی ئەوەن كە دەسەڵاتدارانی عوسمانی بە

تایبەتی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم بە ئەو پەڕی زۆردارییەوە لە ڕووی پێشکەوتن وباری ڕووناکبیری خەڵکا ئەوەستا بەزۆری ئەمەشیان لەبەرئەوە بووە نەك نەتەوەکانی ژێردەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتە ڕزیوەکەی ئاستی ڕۆشنبیری و وشیاریان بەرزبێتەوە وکاربکاتە سەر دەسەڵاتداریەکەی و، لە ناوچوونی هەر لەو سەروبەندەشەوە کە دەسەڵاتی ئینگلیزەکان لەوڵاتی میسردا پەرەی سەند و وڵاتی میسری ئەوکاتەش بۆ خۆی لە ژێر فەرمانڕوایەتی عوسمانی دابوو ئەم هاتنەی ئینگلیز بۆ ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی عوسمانی و، ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وای کرد دەسەڵاتی سوڵتانی عوسمانی لە وڵاتی میسردا بێتە کزی و زەمینەش بۆ ئەوە خۆش ببێ کە چالاکی ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوانەی کە دژی بەسوڵتانی عوسمانی و(پیاوە نەخۆشەکە) واتە دەوڵەتی عوسمانی هاتبوونە کایەوە گەشەکردنی زیاتر بەخۆوەببینن، چونکە هەر لە ساڵانی ١٨٨٢-١٨٨٣بەدواوە دەسەڵاتی سوڵتان لەوڵاتی میسردا تەنها بەناوبوو بەڵام وەك دەسەڵات و فەرمانڕەوایەتی ئەو پەڕی لە کەنارگیری و لاوازیوون دابوو بەجۆرێ دوای تێپەڕبوونی ئەو بارودۆخە بە چەند ساڵێك تاڕادەیەك هەلێکی لەبار بۆ ڕووناکبیرانی کورد هاتە کایەوە بۆ ئەوەی قاهیرەی پایتەختی میسر بکەنە ناوەند و شوێنێکی دیار بۆ چالاکی وبلاوکردنەوەی ڕۆژنامە بە زمانی کوردی بەتایبەتی لەلایەن بنەماڵەی بەدرخانی بەناوبانگ و، کە سایەتیەکی وەك میقداد مەدحەد بەدرخان پاشاوە کەتوانی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لە ٢٢ی نیسانی ساڵی١٨٩٨ بەناوی (کوردستان)ەوە. لە چاپخانەی(هیلال) بڵاوبکاتەوە، بەشێوەی زاری کرمانجی ژووروو بەڵام گەیشتنی ژمارەکانی بۆ کوردستان و، ناوچەکوردنشینەکان گەلێك گران و ئەستەم بوو. هەرچەندە بەشێکی لە ڕێگای ڕێکخراوە سیاسیەکانەوە ئەگەیشتە ناوچە کوردنشینەکانی کوردستان و، کۆمەڵانی خەڵك و، ڕووناکبیرانی، ئەودەمەی کورد وەك جگەر

گۆشەی خۆیان، لەباوەشیان دەگرت و، دەیانخوێندەوە. هەر لە سەرەتای دەرچوونی ئەم ڕۆژنامەیەوە عوسمانیەکان کەوتنە دژایەتی کردنی و بۆ ئەو مەبەستەش دەرامەتێکی زۆریان خستبوەکارەوە، بۆکپ کردنەوەی چالاکی ڕێکخراوە کوردیەکان و داخستنی ئەو ڕۆژنامانەی کە دژبە ئەوان و دەسەلاتەکەی ئەوان بلاودەکرانەوە. بۆ یە لەگەڵ تەنگ پێهەڵچنینی دەسەلاتدارانی عوسمانیدا ڕووناکبیرانی کورد وایان بەباش زانی کە دەرچوونی ڕۆژنامەکە بگوازنەوە ئەوروپا و، دوای دەرچوونی چەند ژمارەیەکی لە قاهیرە گواستیانەوە جنیف و، دواتر بۆ لەندەن و فۆلکستۆن و بۆ جارێکی دی جنێف. بەلام سەبارەت بەوەستان و دەرنەچوونی بەپێی بۆچوونی هەندێ لەڕووناکبیران وای بۆ دەچن: گوایە کار بەدەستانی ڕۆژنامەکە لەلایەن سوڵتانی عوسمانی یەوە قایلکرابوون بەوەی کە بلاوی نەکەنەوە، وەك دوابەدوای دەرچوونی کوردستان ڕۆژنامەیەکی تر لە لایەن: شێخ عەبدولقادری شێخ عبێدلڵای شەمزینییەوە لەئەستەمبوڵ بلاوکرایەوە بە ناوی(ڕۆژی کورد)ەوە و، هەفتانە بلاوکرایەوە پاشان(گۆڤاری کوردستان)ی ورمێ شوێنی گرتەوە، کە لە ساڵی ١٩١٢-١٩١٤ و سەرەتای بەرپابوونی جەنگی جیهانی یەکەمی خایان و، لەلایەن ڕووناکبیری ناسراوی کورد عەبدولرەزاق بەدرخان پاشاوە بلاودەکرایەوە، دواتریش ئیسماعیل ئاغای سمکۆ(شکاك) ئەرکی دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردی کەوتە ئەستۆوە وەك ئەوەی لەم ماوەیە بەدواوە گەلێك گۆڤار و ڕۆژنامە بەزمانی کوردی بلاوکراونەتەوە کە بەزۆری تەمەن کورت بوون و بەگرانیش دەردەکران(دیارە ئەمەش پەیوەندی بەباری ڕامیاری ئەوسەردەمەی گەلی کوردە وە هەبووە لەلایەك و، نەبوونی کادیر و ڕۆشنبیری ئەوتۆ کە بتوانێت بە شێوەیەکی بەردەوام ئەرکی بگرێتە ئەستۆ خۆی بۆ تەرخان بکا ـ ب نووسەر) هەر لەوکاتەشەوە کە ئینگلیزەکان وڵاتی عێراقیان بە کوردستانی

لەمەڕخشمانەوە داگیرکرد بۆ مەبەستی چەسپاندنی سیاسەتی خۆیان لەناوچەکەدا دەستیان کردە بڵاوکردنەوەی گۆڤار و، ڕۆژنامە بەزمانی کوردی وەك: پێشکەوتن، تێگەیشتنی ڕاستی و دەنگی گێتی تازە و... تاد. هەریەکەشیان سەربەدەسەڵاتدارانی بەریتانیاو باڵوێزی بەریتانی بوون لە ناوچەکەدا. لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیروڕووناکبیرانی ئەودەمانەی کورد چ بەشێوازی ئاشکراو بەناوی خواستراوەوە بابەت و، نووسینی خۆیانیان تیایاندا بڵاو دەکردەوە و هاوکات جێگای خۆشیان بەتەواوی لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا کردەوە. بە جۆرێ تا ئێستاش زۆر لە ڕووناکبیران و مێژوونووسان وەك سەرچاوە پشتیان پێ دەبەستن لە نووسنەکانیاندا شان بە شانی ئەمانەش لە ڕۆژگاری حکومداریەتی شێخ مەحمود لە شاری سلێمانی و دەرەوەی سلێمانیدا گەلێك گۆڤارو ڕۆژنامەی وەك: بانگی کوردستان، بانگی حەق و ئومێدی ئیستقلال بۆ خزمەت کردن کورد و، بوژانەوەی زمان و ئەدەبی کوردی هاتنەکایەی کۆمەڵگای کوردەوە و، ژمارەیەکی دیاریان لێبڵاوکرایەوە تەنها ڕۆژنامەی(بانگی حەق) نەبێ کەتەنها(٣)سێ ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە. بەڵام بەهۆی داگیرکردنەوەی کوردستان بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ و لە ناوچوونی دووەمین حکومەتی شێخ مەحمود لەلایەن بەریتانیاوە. هەموو ئەم گۆڤار و ڕۆژنامانەش لە کاروەستان وتەنانەت ئەو چاپخانەیەش کە ڕۆژنامەکانی پێ چاپ دەکرا لەلایەن داگیرکەری بەریتانییەوە دە ستی بەسەراگیرا. لەو ماوەیەشەوە کە(پیرەمێرد)ی شاعیر بۆ یەکجارەکی گەڕایەوە کوردستان و، شاری سلێمانی، دەستیدایەکاری ڕۆژنامە نووسی و، بڵاوکردنەوەی، ڕۆژنامەی(ژین) کە بە یەکێك لە بە تەمەنترین ڕۆژنامە کوردییەکانی سەدەی بیستەم دادەنرێ بەجۆرێ تاکاتی وەستانی بەسەریەکەوە نزیکەی(١٧٠٠)ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

لە تەوەری هەولێر و شاری(ڕەواندز) یشدا ئەوا بنەماڵەی موکریانی بەناوبانگ و هەردوو جوتەبرا حسین حوزنی موکریانی و گیوی برای لەوانەبوون کە ڕۆڵ و تایبەت مەندیەکی بەرچاویان لەم بوارەدا دیوە، بەتایبەتی حسین حوزنی موکریانی یەکێکە لەو کەڵە ڕووناکبیرانەی کورد کە شوێن دەستێکی دیاری لەبەرەوپێش چوونی ڕەوتی ڕۆژنامەنووسی کوردیدا هەیە چونکە دەرکردن وبلاوکردنەوەی(زاری کرمانجی) و(هەتاو) و هەموو ئەو کتێبە بە نرخانەی کە زیندووی کردوونەتەوە و بە چاپی گەیاندون ئەو پەڕی دیاردەی دڵسۆزی و وەفاداری ئەم پیاوە ئەسەلێنێت بەرامبەر بەگەلی کورد و، مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردی، وەك چۆن خۆی ئەوەمان بۆ بەیان ئەوکاو چۆن بە هەڵەداوان بەدوای دامەزرانی چاپخانەدا سەرگەردان بووە بەمەبەستی خزمەتکردنی وشەی ڕەسەنی کوردی و لەبەرنەبوونی و دەس کورتی لەکەسانی تر پاڕاوەتەوە و داوای پارەی لێ کردوون بەقەرز بۆ ئەوەی بتوانێ چاپخانەکەی پێ بخاتەوە گەڕ و خزمەتی پێ بکا وەك دەڵێ:" لەبەرئەوە کە لە هەولێر خەریکی دامەزراندنی مەتبەعە کەبووم هەر چەند کۆشام چارەیەکم نەکرا کە هەندێك پارە دەست بخەم. کە بنێرم حروفات بکڕم. ناچاروتم دەچمە کەرکوك و سلێمانی پارە پەیدا ئەکەم و دەچمە بەغدا حروفات دەکڕم"(بڕوانە: یاداشتی ڕۆژانەی حوزنی، هاوکاری، ژمارە"١٠٦٤"سەبارەت بەباری ڕۆژنامەنووسی کوردی لە سەردەمی کۆماری کوردستان(مەهاباد)دا و، لەو ماوە کەمەی تەمەنیدا گەلێك گۆڤارو ڕۆژنامەی جۆربەجۆر چاپ و بلاوکرانەوە. لەوانە(هەڵاڵە) لەبۆکان،(نیشتمان)،(گڕوگاڵی منالی کورد)،(ئاوات) و(هاواری کورد)... تاد بەلام هەموو ئەمانە لەگەڵ لە ناوچوون دارمانی ئەو کۆمارە ساوایەی کوردستاندا لەبارچوون و، ئەوانەشی بەڕێوەیان دەبردن و بلاویان دەکردەوە پەرتەوازەی وڵاتان بوون و هەندێکیشیان گیران و لەلایەن فەرمانڕەوایانی ئێرانەوە لە

سێدارە دران هەر چەند ئەمانە ئەوساو ئێستاشی لەگەڵ دابێ بە تەواوی لە مێژووی ڕۆژنامە نووسی کوردیدا جێگای خۆیان کردەوە ماوەتەوە بڵێین: هەزاران درودو ڕەحمەتی درەوشاوە بۆ گیانی ئەو کەسایەتی و، ڕۆژنامەنووسانەی کورد بنێرین کەلەم مەیدانەدا لە خەباتی بەردەوامدابوون، بەتایبەتی ڕۆژنامەنووسانی وەك: حوزنی موکریانی و گیو موکریانی، عەلائەدین سەجادی، ڕەفیق حیلمی، خەلەف شەوقی و دەیان کەسایەتی تر لە کۆتایشدا سەدان و هەزاران چەپکە گوڵی کوردەواری بۆ سەر گۆڕی میقداد مەدحەت بەدرخان پاشای نەمر و، هەمووئەوانەی لەکاری ڕۆژنامەنووسی کوردیدا خزمەتی وشەی پاك و ڕەسەنی کوردیان کردو، وەکو مۆم خۆیان بۆ درەوشانەوەی سوتاند.[*]

---

[*] ئەم باسە لە ڕۆژنامەی(هاوکاری) ژمارە(١٣٠٧)ی ساڵی ١٩٩١دا بلاوکراوەتەوە.

باسی دەیەم

جارێكی تر
چاپخانەی كوردستان لە قاهیرە١٨٨٨؟!

پێش چەند ساڵێك نووسینێكم بڵاوكردەوە سەبارەت بە(چاپخانەی كوردستان) لە قاهیرە تیایدا ئەوەشم ڕوونكردبوەوە كە ئەمەیان مێژووەكەی دێرینترە لە مێژووی دەرچوون وبڵاوبوونەوەی یەكەم ڕۆژنامەی كوردی(كوردستان) كە بۆ یەكەم جار٢٢ی نیسانی١٨٩٨و لە چاپخانەی هیلال ڕۆژی شەممە بڵاوكرابێتەوە لە كاتێكدا خاوەنی ئەو چاپخانەیەش كەڕۆژنامەكەی لێوەچاپكرابوو نووسەری ناسراوی عەرەب(جرجی زێدان) بووە. دیارە لێكدانەوە و ساغكردنەوەی من سەبارەت بەو چاپخانەیە كتێبێكی(ابن قتیبە)ی دینەوەرییە.لە بەرەچەڵەك كوردبووە و لە ساڵی(١٣٠٦ك) بەرامبەر بە ساڵی١٨٨٨ز بەناوی(تأويل مختلف الحديث)ەوە، لە(چاپخانەی كوردستان)ی وڵاتی میسر و لە شاری قاهیرە چاپكرابوو، بڕوانە، ڕێگای كوردستان،ژ(٣٠١). كە ئەمەش بۆ خۆی دەلالەتێكی تازە و هەوڵدانێكی تازەی ڕووناكبیرانی كورد دەسەلێنێت وەك گەل و نەتەوەیەك، كە هەر لە ساڵانی سەدەی نۆزدەیەمەوە ڕاگەیاندنەوە خۆی بەگەلان و

نەتەوەکانی جیهان بناسێنێت و شوناسنامەی ونبووی خۆی بەرز بکاتەوە بۆ ئەمەش دواتر برای ڕووناکبیر(مەحمەدی مەلا کەریم)م ئاگادار کردەوە. بەوەی کە ئەمە ڕووداوێکی تازە و هەوڵدانێکی تازەی ڕووناکبیرانی ئەوکاتەی کوردبووە، لەبواری چاپ و بڵاوکردنەوەدا، هەر دوا بەدوای ئەوە کاك مەحمەدیش بە نامەیەك ئاگاداری کردمەوە و گەلێك زانیاریی وتێبینی دانسقەی بۆ نووسیبوومەوە وەکو لە بەشێکیدا وتویەتی:(وەختی خۆی دوو مەلای زیرەکی کورد محیالدین صبری النعیمی الکانیمشکانی سنەیی و فرج الله زکی الکردی، چوونەتە میسر لەوێ لە چاپخانەیەکدا بە ناوی(مطبعة السعادە)ەوە گەلێ کتێبی مەلایانەیان چاپکردووە کە هەندێکشیان هی مەلایانی کورد بووە یەکێ لەوانە کتێبی(العقیدە المرضیة)ی مەولەوی خۆمانە، کە کوردیەو شیعرە، دوورنییە ئەم چاپخانەیە هەر(کوردستان)ە پێشووەکە بووبێت و لەبەر هەر هۆیەك بووە ناوی گۆڕابێت" هەر لەم ماوەیەدا و هەر لە ڕێگای مامۆستا مەحمەدی مەلا کەریمەوە بۆ جارێکی دی سەبارەت بە چاپخانەی کوردستان بەرگی کتێبێکی چاپکراوم پێگەیشت کەکاتی خۆی هەر لەو چاپخانەی(کوردستان)ەوە چاپکراوە و لەگەڵ ئەوەشدا هیچ گومانی ئەوەی لانەهێشتووینەتەوە کەبێ چەندوچوون بڵێین: چاپخانەیەك هەبووە لە قاهیرەی وڵاتی میسر ناوی(کوردستان) بووە و خاوەنەکەشی ڕووناکبیرێکی ئەوکاتەی کوردبووە بەناوی(فرج الله زکی الکردی) وەك کاك(مەحمەدی مەلا کەریم) پێشتریش لەنامەکەیدا ئاماژەی بۆ ئەمەیان کردبوو، ناو نیشانی ئەم کتێبەی دوایی لە دانانی(ابی حامد الغزالی)یەو وەك لەسەر بەرگەکەی دانووسراوە:" کتاب میزان العمل للامام الهمام حجة الأسلام أبی حامد محمد ابن محمد الغزالی المتوفی سنه٥٠٥، طبع

على نفقة حضرات الأفاضل الشيخ محى الدين صبرى الكردى والشيخ عبدالقادر معروف والشيخ محمد حسين نعيمى" پاشان لە پەراوێزی بەرگی(كتێب)ەكەوە نووسراوە :(طبع بمطبعة كردستان العلمية لصاحبها فرج الله زكى الكردى بمصر سنة١٣٢٨) ڕەنگە بەپێی مێژووی چاپكردنی ئەم دوو كتێبە بێت كە لە چاپخانەی كوردستانەوە چاپكراون كەیەكەمیان لە ساڵی(١٣٠٦ك) و دووەمیان ساڵی(١٣٢٨ك)ەو هاوكات لەگەڵ ساڵی(١٨٨٨ز) و(١٩١٠ز)دا. بەتەواوی ئەوەمان بۆ ساغ نەبێتەوە، كە سەرەتای دامەزرانی ئەم چاپخانەیە كە دەقاودەق ساڵی چەند دامەزراوە. بەڵام ئەمەی دواییان بەتەواوی ئەوەمان بۆ ساغ دەكاتەوە كە ئەم چاپخانەیە تا ساڵی١٣٢٨كۆچی واتە ١٩١٠ی زایینی ماوەتەوە و هەر چیەكی چاپ كردبێت. هەر بە ناوی چاپخانەی(كوردستان)ەوە بووە. خۆ ئەگەر ئەم نووسینەش گەڕان و پشكنینی تازەتری بەدوادابێت(وەكو پێشتریش وتومە) ئەوا هیچ گومانی ئەوەمان لاناهێڵێتەوە كە(چاپخانەی كوردستان) لەچ ساڵێكدا دامەزراوە و پێشتر چەند كتێب و نووسینی تری بڵاوكردۆتەوە لەگەڵ ئەوەشدا من وای بۆ دەچم كەئەمەشیان كارێكی زۆر ئاسان بێت. چونكە كچی ئەو (فرج الله زكى الكردى)یەی كەخاوەنی (چاپخانەی كوردستان) بووە. ناوی (بەهیە)یەو بەپێی بۆچوونی كاك محەمەدی مەلا كەریم تا ئەم ساڵانەی دواییش لەمیسر دەژیو زۆر بەئاسانی دەتوانرێت لەرێگای ئەو ڕووناكبیرە كوردانەی كەلەقاهیرە دەژین، یا ئەو نووسینگانەی دەرەوەی حیزبە كوردستانییەكان كەلەوڵاتی میسرو لەقاهیرە ناوەندی تایبەت بەخۆیان هەیە. دەتوانرێ سۆراخێكی جیدی ئەم مەسەلەیە بكرێو زانیاری تازەترو نوێتری لەبارەوە ساغ بكرێتەوە. خۆ لەكاتێكیشدا ئەمەیان نەكرێو (بەهیە) خانی كچی

(فرج الله زكى الكردى) نەمابێتو وەفاتی کردبێت. ئەوا دەبێ پەنا بۆ ئەو کتێبانە ببرێ کەلەسەر (مێژووی چاپخانەکانی میسر - تأريخ المطابع في مصر)ن. بەتایبەتی ئەو چاپخانانەی کەلە قاهیرە دامەزراون. هەرچەندە ئەوەشمان لاڕوون نییە ئاخۆ ئەم چاپخانەیە کتێبی بەزمانی کوردی بڵاوکردۆتەوە یان نا. یان هەموو ئەو نووسینو بابەتو کتێبانەی کەلێرەوە بڵاوبوونەتەوە هەرهەموویان بەزمانی عەرەبی بوون.

*ئەم باسە لەڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ژمارە (٢٤٥٥)ی ٢٠٠١/٥/١٧دا بڵاوکراوەتەوە.

باسی یازدەیەم

مەزاری سەی سۆنە لەنێوان ڕاستیو ئەفسانەدا*

لەکاتی سەرهەڵدانی ئایینی ئیسلامداو گەیشتنی بۆ ناوچە کوردنشینەکان، بەتایبەتی لەسەردەمی خەلافەتی ڕاشدی (١١ك - ٤١ك)داو، لەکاتی فەرمانڕەوایەتی خەلیفە عومەری کوڕی خەتابدا ساڵی (١٨ك) بەرامبەر بە(٦٣٩ز)ی گەیشتۆتە کوردستان (دکتۆر کەمال مەزهەر، مێژوو، ل١٥٢) ئەم ماوەیەش بۆخۆی دەکەوێتە ساڵانی دوای وەفاتی پێغەمبەرەوە (١١ك) بەرامبەر بە(٦٣٢ز)ی (مسيرة الحضارة، مجلد الاول، ص ٣٢٤). لێرە بەدواوە بەزۆری دانیشتوانی ئەم هەرێمە بنەما سەرەکییەکانی ئەم ئایینە تازەیان قبوڵ کردووەو، لەسەری ڕۆیشتوون، لەم ماوەیەشەوە ئایینی ئیسلام بەهەموو بنەماکانییەوە وەك نەریتێکی کۆمەڵایەتی لەنێوەندی گەلی کوردو کۆمەڵگەی کوردەواریدا جێی خۆی کردۆتەوە شان بەشانی ئەم بیروڕایەو بڵاوبوونەوەی ئەم بیروڕا نوێیە. گەلێ زاناو بیریارو ڕووناکبیری ئیسلامی بەنەژاد کورد هەڵکەوتوون. هەریەکەشیان لەژێر ئەو کارتێکردنو تایبەتمەندییەی ئیسلامدا پێگەیشتوونو خزمەتیان بەمرۆڤایەتیو ئایینی ئیسلام کردووە. وێڕای سەرهەڵدانی چەندین ڕێبازو تەریقەتی هەمە جۆر

کەهەریەکە بۆ خۆیان بنەماو خەسڵەتە سەرەکییەکانیان لەئیسلام‌و بیروڕای تازەوە وەرگیراوەو، بەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامیدا بڵاوبوونەتەوە، لەوانە ڕێبازو تەریقەتەکانی قادری‌و نەقشبەندی لەناو ڕێبازی سونەداو، عەلی ئیلاهی، خاکساری‌و چەشتی.. تاد. لەناو ڕێبازی شیعەدا. لەگەڵ ئەوەشدا دەیان تەکیە، خانەقا، مزگەوت‌و ناوەندی ئایینی ئەوتۆیان کردۆتەوە کەببنە جێگای کۆڕو کۆڕبوونەوەو بڵاوکردنەوەی بیروڕاکەیان بەشێوازێکی فراوانترو تۆکمەتر بەڕادەیەك وای لێهاتووە زۆرجار ئەم کەسایەتیانە سەربردەو بۆچوونی ئەفسانەییان بدرێتە پاڵ‌و تا ئەم سەروبەندەش وەك لێکدانەوەیەکی ئەفسانەیی باسیان لێوە بکرێ.

یەکێ لەو کەسایەتییانەش لەناوچەی گەرمیاندا، بەدرێژایی مێژووی بۆتە وێردی سەرزمانی دانیشتوانی ناوچەکەو سەردانی دەکەن مەزاری (سەی سۆنە)یەو دەکەوێتە خۆرئاوای شاری کەلارەوە.. وەك بەشێکی زۆر لەبەساڵاچووانی ناوچەکە قسەی لەسەر دەکەن کەگوایە ئەم (سەی سۆنە)یە ئافرەت بووەو ناوی ڕاستی (سەید سەوسەن) بووەو، دەبێتە خوشکی (سەید خەلیل) کەئەمڕۆ مەزارەکەی دەکەوێتە هەمان گوندی (سەید خەلیل)ەوە کەبەناوی ئەوەوە ناونراوەو لەباکوری شاری کەلاردایە.

سەبارەت بەحەقیقەتی (سەی سۆنە) یا(سەید سەوسەن). هەردانیشتوانی ناوچەکە وای دەگێڕنەوە، ئەم مەزارەی کەئەمڕۆ دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری کەلاری ئێستاوە، گۆڕی (سەی سۆنە) نییە بەڵکو گۆڕەکەی دەکەوێتە هەمان گوندی (سەید خەلیل)ەوە کەپێشتر باسم لێوەکردو دەڵێن: براو خوشکی یەکتر بوون‌و، وەك سەربردەو چیرۆکێکی ئەفسانەیی وای باس لێوە دەکەن کە(سەی سۆنە) لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی خەلیفەی عەباسی هارونە ڕەشید (١٤٥ك ـ ١٩٤ك)و لەساڵانی سەید فڕاندا، هەریەکە لە(سەید خەلیل)و

(سـەید سەوسـەن)ی خوشـكی كەوتوونەتـە ئـەم ناوچەیـەوە، بـەپێی ئـەم بۆچوونـەش بێت، ئەگـەر خەلیفـەی عەباسـی هارونـە ڕەشـید لەسـاڵی ١٤٥ی كۆچی بەرامبەر بەساڵی ٧٦١ی زایینـی لـەدایك بووبـێ (الشیخ محمـد الخضـری بگ، تأريخ الامم الاسلامية، القاهرة، ص١٠٢)و لەساڵی ١٧٠ی كۆچـی بەرامبـەر بە٧٨٦ی زایینـیو، دوای مردنـی براكـەی خەلیفـە هـادی دەسـەڵاتو خەلافـەتی عەباسی گرتبێتە دەستو دواتـر لەساڵی ١٩٤ی كۆچی بەرامبـەر بەساڵی ٨٠٨ی زایینـی لەخۆراسان كۆچی دوایـی كردبـێ (هـەمان سـەرچاوە، ل١٠٢) ئەگـەر سەرچیغ نەچووبێتم ئەوا تەمەنی یاخود بڵێین مـاوەی سـەرهەڵدانی (سـەید سۆنە) بۆ ناوچەی گـەرمیانو دەوروبـەری كـەلاری ئێسـتا ئەگەڕێتـەوە بـۆ نزیكـەی (١٢٦٠) سـاڵی پێش ئێستا. وەك دەگێڕنەوە سـەربردەی ئـەم سـەید قڕانە (ئەفسانە بێت یاڕاست) لەوەوە هاتووە كەلەسـەردەمی خەلیفـە هارونی عەباسیدا پیاوێكی هەژار دەچێتە لایو باسی هەژاریو بێ دەرمەتـانی خـۆی بـۆ دەكا. خەلیفـەش تەزبیحـە گران بەهاكـەی خـۆی بـۆ دەكاتـە دیاریو دەیداتـە پیـاوە هەژارەكــەو پێــی دەڵــێ: (دەتوانــی لــەبازاڕدا بیفرۆشــیتەوەو پێداویستییەكانی خۆتـی پـێ دابین بكـەی) كاتـێ پیـاوی هـەژار تەزبیحەكـە دەباتــە بـازاڕو بەمەبەسـتی فرۆشــتن لەوكاتــەدا جوولەكەیـەكی لێ ڕاســت دەبێتـەوەو پێـی دەڵێ: ئـەو تەزبیحـە هـی منـەو دزراوە، تـۆ لـەكوێت هێنـاوە، پیاوی هەژاریش زۆر دەپاڕێتەوەو، باسی ئەوەی بۆ دەكا كەخەلیفـەی عەباسـی هارونە ڕەشید بـۆی كردۆتـە دیـاری، سوودی نابـێ، بۆیـە جوولەكەكـە لـەدادگا شكات لەهەژارەكە دەكاو دەیداتـە دادگـا. بـەو جـۆرە ڕۆژی دادگـایی كـردن، جولەكەكە مێزەرێكی سەوز لەسەردەنێو دەڵێ: من سـەیدمو ئـەو تەزبیحـەش هی منـە، كاتـێ خەلیفە بەمـە دەزانـێ بـەخۆی دەچێتـە دادگاو بەجولەكەكە

دەڵێ: بەچیا دەزانی ئەوە تەزبیحی تۆیە، ئەویش وەڵامی دەداتەوە هی منەو دزراوە، بۆیە خەلیفە سندوقێك دێنێو نزیکەی (٣٠) تەزبیحی تری لەو بابەتە دەخاتە ناویەوە. داوای لێدەکا کەتەزبیحەکەی لەناو ئەوانی دیدا بدۆزێتەوە، جوولەکەکەش دەڵێ: ئەمانە هیچیان هی من نین، خەلیفە هارونیش پێی دەڵێ تۆ درۆدەکەی، دووبارە دەستی ئەکاتە ناو سندوقەکەداو تەزبیحەکە دەردەهێنێتەوەو پێی دەڵێ: ئەوەیان تەزبیحەکەی پێشووە، هەر لەهەمان کاتدا خەلیفە بڕیار دەدا. مادام سەید درۆی کردووە، ئەبێ هەرچی سەید هەیە بکوژرێت، بۆ ئەو مەبەستەش دەستە دەستە سەرباز دەنێرێ بۆ ئەوناوچانەی کەلەژێر دەسەڵاتیا بوون، بەمەرجێ هەرهەموویان دەسگیر بکرێن و لەوڵات دوور بخرێنەوە. بۆیە زۆربەی سەیدەکانی ئەوکاتە لەناوچەو شوێنی خۆیان هەڵاتوون و لەتاو ئەو بڕیارەی خەلیفە پەرتەوازە دەبن. بەم جۆرەو هەر لەم دەکانەشدا بووە کەهەریەك لە(سەید خەلیل)و (سەید سەوسەن)ی خوشکی کەوتوونەتە ناوچەی گەرمیان و کەلارەوەو شوێنی پێشووتریان تائێستا نەزانراوە. پاشان کەخەلیفە هارونە رەشید ئەوەی بۆ ئاشکرا دەبێ کەکابرای بەردەم دادگا جوولەکە بووەو بەساختە خۆی کردبووە سەید. دووبارە بڕیاری لێبوردن بۆ هەموو سەیدەکان دەردەکا، بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر شوێن و ناوچەی خۆیان. ماوەتەوە بڵێین: مەزاری (سەی سۆنە)ی ناوچەی گەرمیان تائێستاش خەڵك بۆ مەسەلە ژان و باو بۆیەکێك بیەوێ بۆ نیشێك یا داواکارییەك مەرازی بێتە دی سەردانی دەکەن. سەرەڕای ئەوەی لەوەرزی بەهارو کاتی گەشت و گوزاریشدا زۆر لەخەڵکی ناوچەکەو دەوروبەری دەچنە (سەی سۆنە)و کاتێکی خۆش بەسەردەبەن.

*ئەم بابەتە پێشتر لە(ڕێبازی ئازادی) ژمارە (٢٢٨)ی ٢٠٠٠/٢/٢٠دا بڵاوکراوەتەوە.

باسی دوازدەیەم

دەنگی کورد لەکۆنگرەی سان ـ فرانسیسکۆی ئەمەریکی دا ١٩٤٥*

هەر لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩ ـ ١٩٤٥)دا وڵاتانی هاوپەیمان کەوتنە ئەوەی رێکخراوێکی نێودەوڵەتی بۆ ئاسایش و بێوەیی وڵاتانی پاش جەنگ دابمەزرێ. بەمەرجێك کارەکانی لەو چوارچێوەیەدا نەگیرسێتەوە کەوەك رێکخراوی کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبة الأمم)ی لێبێت. بەڵکو رێکخراوێکی جیهانی ئەوتۆ بێتە کایەوە سنورێك بۆ یاسای نێودەوڵەتی و ئەو قەیرانە نێودەوڵەتییانە دابنێ کەتائەو کاتەش زۆربەی گەلان و وڵاتانی دونیا بەدەستیەوە دەیانناڵاندو گیرۆدەی کارەسات و دەرەنجامە ترسناکەکانی دەبوون. هەربۆیە هاوپەیمانان. هێشتا جەنگی دووەمی جیهانی کۆتایی نەهاتبوو کەوتنە تاووتوێ کردن و لێکدانەوەی دامەزراوێکی نێودەوڵەتی. بۆ ئەو مەبەستەش سەرانی ئەو دەمەی هاوپەیمان چەند دانیشتنێکیان بۆ ئەو مەبەستە کرد. کەیەکەمیان: لەو کۆنگرەیەوە دەستی پێکرد کەلەمیوانخانەی (دەمبرتن ئۆکس)ی سەر بەویلایەتی (واشنتۆن)ی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەستراو، کۆمەڵێك لەسیاسەتمەدارو پیاوانی دیپلۆماتی وڵاتانی هاوپەیمانی وەك: ئەمریکا، بەریتانیا، یەکێتی سۆڤیێتی پێشوو (١٩٢٢ ـ ١٩٩١)و چین تیایدا بەشداربوون ئەوەش بۆخۆی لەرۆژی ٢١ی ئاب تاوەکو ٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی

١٩٤٤ی خایاند. دوابەدوای ئەوە دانیشتنی دووەمیان: ئەو کۆنگرەیان بوو کە لە (یالتا)ی سەردەریای رەش‌و (یەکێتی سۆڤێت) بەستیان‌و لەڕۆژی ٤ـ ١٩٤٥/١١/١١ی خایاند. لەم دانیشتنەشدا ئەندامانی کۆنگرە لەسەر مەسەلەی بەکارهێنانی مافی (ڤیتۆ)ی ولاتانی ئەنجومەنی ئاسایش‌و بەستنی کۆنگرەی سێیەم واتە کۆنگرەی دامەزران‌و بەیاننامەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رێکەوتن کەلە ٢٥ی نیسانی سالی ١٩٤٥ ببەسترێت. ئەوەبوو لە٢٦ی حوزەیرانی هەمان سالدا ئیمزا لەسەر بنەماکانی رێکخراوەکەدا کراو ئەو ولاتانەش کەڕاگەیەنراوی رێکخراوی نێودەولەتیان لەو کۆنگرەیەدا مۆرکردو، پالپشتیکەری بەلگەنامەکانی بوون. خۆیان دەدا لەنزیکەی (٥١) ولات. بەجۆرێ ولاتانی: عیراق، ئێران، تورکیاو سوریا لەو ولاتانە بوون، کەهەریەکەو رێژەیەکی گەورە لەکوردو ولاتانی کوردیان بەسەرا دابەشببوو، لەگەل ئەوەشدا لەکۆنگرەی دامەزرانیشدا رەوایەتی بەشداربوونیان بەرکەوتبوو. بەلام لێرەدا لایەنێکی گرنگ هەیە دەبێ باسی لێوەبکرێ، ئەوەشیان سەبارەت بەکوردو، بەگەیشتنی داواکاری کوردە لەو کۆنگرەیەدا کەپێویستی تەواوی بەلێکدانەوەو بەدواداچوونی گونجاو هەیە، ئەوەش بۆ خۆی دەنگی رەوای گەلی کورد بووە بۆ ئەو کۆنگرەیەی کە لەو دەمانەدا لەشاری (سان فرانسیسکۆ)ی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەسترا. تائێستاش ئەو داواکاری‌و بەشداربوونەی کورد بەشێوەیەکی شاراوە ماتەوەو نازانرێ ئەو نوێنەری کورد ئەو داواکارییەی کەبەناوی کوردەوە گەیەنراوەتە کۆنگرەکە کێ گەیاندویەتی هەرچەندە باسیل نیکیتین لەکتێبەکەیدا (الأکراد) کە کاتی خۆی لەسەر کوردان بلاوی کردۆتەوە، ئاماژەی بەوە کردووە کەلەسالی ١٩٤٥ داو، لەکاتی بەستنی کۆبوونەوەکانی دەستەی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا لەشاری سان فرانسیسکۆی سەر بەویلایەتی کالیفۆرنیای ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: لیژنەیەکی کوردی توانیویەتی لەکاتێکی

گونجاودا فرسەتی ئەوە بەدەسبێنێو وتارو یادداشتنامەیەك بۆ ئەنجومەنی كۆنگرەكە بەرز بكاتەوە لەگەڵ خستنە پێش چاوی نەخشەیەكدا كەداواكارییەكانی خۆی لە(كوردستانێكی ئازادو سەربەخۆ)دا خستبووە بەردەس. وەك لەبەشێكی دەقی یاداشتنامەكەدا هاتووە: ئاشتی لەرۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بەرقەرار نابێ تاوەكو چارەسەرێك بۆ كێشەی كورد نەدۆزرێتەوە (بڕوانە، نیكیتین، الاكراد، بیروت، ص١٩٠). ئەمە خۆی لەخۆیدا داواكاریو بیركردنەومیەكی وشیارانەی نوێنەرانی گەلی كورد بووە. بۆ رۆژگارێكی وا كەدەنگی خۆی بگەیەنێتە كۆنگرەیەكی نێودەوڵەتیو لەڕێگایەكی ژیاریو هاوچەرخەوە. وەك مافێكی رەوا داكۆكیان لەكوردو مافی چارەنووسی كورد كردووە. بەڵام لەهەمانكاتا وەك راستییەكی مێژوویی ئاخۆ ئەندامانی ئەو لیژنەیە كێ بوون كەتوانیبێتیان یاداشتنامەكەیان بۆ بەردەم كارەكانی كۆنگرە بەرزكردبێتەوەو ئەو وڵاتو ئەندامەی كۆنگرەش كێ بووبێ ئاسانكاری تەواوی لەو بارەیەوە بۆ دەستەبەر كردوون. یادەبێ لەداهاتوودا ئەو رووناكبیرەی كورد كێبێ كەحەقیقەتو بنەماكانی دەقی ئەو یادداشتنامەیەمان بۆ ساغ بكاتەوە لەچوارچێوەی بەڵگەنامە گرنگەكانی ئێستای رێكخراوی نێودەوڵەتیدا.

رایەكی تریش بۆ ئەوەی بەڕاشكاوییەوە، ئەوەمان لائاشكرا بكات كەكورد لەكاتی كۆنگرەی ناوبراودا، ویستویەتی داواكاری خۆی بگەیەنێتە ناو دانیشتنەكانی كۆبوونەومیەكی ئەوتۆی نێودەوڵەتی لە وڵاتە یەككرتووەكان. ئەوەشیان نووسەرێكە، پێ دەچێ میسری بێ بەناوی (حبیب جاماتی)ەوە، لەگۆڤاری (المصور)داو لەژێر سەردێڕی (الأكراد یریدون انشاء دولة) بابەتێكی بلاوكردۆتەوە، لەبەشێكی ئەو بابەتەدا باسی لەچۆنێتی ئەو داواكارییەی كوردان كردووە بۆ بەردەم نوێنەرانی وڵاتان لەكۆنگرەی (سان فرانسیسكۆ)داو، وتوویەتی: (لە٢٩ی مارسی ١٩٤٥دا نوێنەرانی كوردیش یادداشتنامەیەكیان بۆ

پێش ئەندامانی ولاتان لەسان فرانسیسکۆ ناردووەو، تیایدا داوای دامەزراندنی وڵاتێکی سەربەخۆیان کردووە لەو ناوچانەدا کەبەزۆری دانیشتوانەکەی کوردن لەتورکیا، عیراق‌و ئێران، وەك لەیاداشتنامەکەشیاندا هاتووە کەژمارەی کوردان لەهەرسێ وڵاتی ناوبراودا خۆی دەدا لە(٩،٥) ملیۆن‌و نیوکەس. جگە لەوەش باسی لەو کۆنگرەیەش کردووە کەکوردەکان لەنۆڤەمبەری ساڵی ١٩٤٥دا لەشاری باکۆ بەستوویانە. (بڕوانە: حبیب جاماتی، المصور، العدد (١٣١١) نوڤمبر ١٩٤٩). بۆ زیاتر رووناکی خستنەسەر دیاردەیەکی وا پێویستە رووناکبیرانی کورد بەتایبەتی ئەوانەی لەدەرەوەی کوردستانن. یانەوانەی نیشتەجێی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکان. بەتەنگ ئەم مەسەلەیەوە بچن‌و، زانیاری‌و شارەزایی زیاترمان لەم بارەیەوە بۆ ئاشکرا بکەن، کەئەمەش بۆ خۆی حەقیقەتێکی شاراوەیەو لێکدانەوەو تەتەڵەکردنی بنەماکانی هەوڵ‌و تەقەللایەکی دیبلۆماسیانەی تازەترو دەوڵەمەندترمان لەبارەی کوردو خەباتی کوردایەتییەوە بۆ ئاشکرا دەکا.

*ئەم باسە لەڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ژمارە (١٦٨٠)ی ٢٠/٨/١٩٩٨ بڵاوکراوەتەوە.

باسی سیازدەیەم

حوزنی موکریانی و هەوڵێکی زیندوو
لە بواری مێژوو و کاری ڕۆژنامەنووسیدا

زۆرن ئەوانەی کە لە پێناوی ناساندن و زیندوو کردنەوەی مێژوو، کەلەپوور و باری ڕووناکبیری گەلەکەیاندا هەردەم شەو و ڕۆژیان داوەتەدەمی یەکتر و بە بەردەوامی وبێ دابڕان لە شەونخونی و کۆششێکی ئەو تۆدا بوون گەرپێیان بکرابا خۆیان بەکونی دەرزی دادەکرد بەو مەرجەی بارێکی لاسەنگیان بۆ گەل و وڵات ونەتەوەکەیان سەنگ بکردایەتەوە وخشتێکی تریان بخستایەتە سەردیواری ئەو کۆشك و تەلارەی کە زیاتر بە دونیای ژیاری و شارستانیەتیان ئەناسێنێ، دیارە لە ناو گەلی کوردیشدا ڕووناکبیر و کەسایەتیەکی وەك(حوسێنی کوڕی عەبدوللەتیف)ی موکریانی کە لە١٢ای ئەیلولی ساڵی ١٨٩٣ لە شاری(سابلاغ-مەهاباد)ی ناوچەی موکریان لەدایك بووە و، بە یەکێك لەو سەربازە ماندوونەناسانە دەناسرێ کەبێ ترس و سڵەمینەوە بتوان ێلە هەموو دەرگا ڕووناکبیریەکانی: مێژوو، ئەدەب، ڕۆژنامەنووسی، مۆرهەڵکەنی، کردنەوەی چاپخانەو چەندین بواری دەوڵەمەندی تر بدا و بە بەردەوامی لە هەوڵی ئەوەدابێ کەلە چ تەوەر و لە

چ دەروازەیەکەوە بچێتە ژووری و چ ڕێڕەوێك ئەیگەیەنێتە ئەوچڵەپۆپە و ناسۆیەی کەپێی ئەوترێ ڕەوشی خزمەت کردن و زیندووکردنەوەی باری ڕووناکبیری کوردی کە لەو سەروبەندەدا سەری خۆی هەڵگرێ و بچێتە وڵاتێکی وەك ئەڵمانی ئەو ڕۆژگارە و دواتر چاپخانەیەك لەگەڵ خۆیدا بهێنێتە شاری(حەڵەب) و یەکەم چاپخانە بەناوی کوردستانەوە لە ساڵی١٩١٥دا دامەزرێنێ پاشان بیهێنێتەوە شاری ڕەواندز و دەیان بەرهەمی ناوازە لە بارەی کورد و باری ڕووناکبیری کوردیەوە پێ لە چاپدا سەرەڕای هەموو ئەوانە خۆشی ئەتوانرێت بوترێ، یەکێکە لە کەسایەتی یە(ئینسکلۆپیدی)یەکانی گەلی کورد لە ساڵانی سەدەی بیستەمی ڕابووردودا. بەتایبەتی لە بواری مێژوو و تۆمارکردنی قوناغەکانی مێژووی گەلی کورددا. تا لە ژیاندابوو نزیکەی حەڤدە کتێبی هەمە جۆری چاپو وبڵاوکردەوە لەوانە یازدەیانی بۆ بواری مێژوو تەرخان کردبوو، بەزۆری ئەوانەش کە چاپو بڵاوی کردونەتەوە لە سەردەمی خۆیدا بە زۆری بریتین لە(غونچەی بەهارستان١٩٢٥، ئاوڕێکی پاشەوە لە ٣بەرگدا ساڵانی١٩٢٩-١٩٣١، کوردستانی موکریان یا ئەوترو پاتین١٩٢٨، لاپەڕەیە لە دیرۆکی کوردستانی موکریانی ١٩٤٧، کوردو نادرشا١٩٣٤، مێژووی ناودارانی کورد١٩٣١، مێژووی شاهنشاهانی کوردی زەند لە خاکی ئێراند١٩٣٤...) وگەلێ کتێبی تر لە بواری ڕۆژنامەنووسیشدا هەر چەندە خۆی لە زۆربەی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە کوردیانەدا کە لە سەردەمی ئەودا بڵاوئەکرانەوە. نووسین و وەرگێڕانی دەوڵەمەندی بڵاودەکردەوە. هاوکات خۆشی بۆ یەکەم جار لە حوزەیرانی ساڵی١٩٢٦ەوە. بە هاوکاری(گیو)ی برای گۆڤاری(زاری کرمانجی)یان بڵاوکردۆتەوە واتە تا ڕۆژی دواخستن و وەستانی گۆڤارەکە لە ٣١ی تەموزی ساڵی١٩٣٢دا بەسەریەکەوە توانیویانە(٢٤)ژمارەی لێ

بڵاوبکەنەوە دواتریش لەبەر هەر هۆیەك بووبێ بە ناوی خاوەنی ئیمتیازی(پارێزەر شێت مستەفا)ەوە گۆڤارێکی هەفتانەی بەناوی(ڕووناکی)یەوە بڵاوکردۆتەوە کە هەڵسوڕێنەر و بەڕێوەبەری ڕاستەقینەی(حوزنی موکریانی) و مامۆستاگیوی براشی بە نووسین و بابەتی خۆی یاریدەدەر و هاوکاری بەردەوامی کردووە یەکەمین ژمارەی لە ٢٤ی تشرینی یەکەمی١٩٣٥ و دوا ژمارەشی لە ٢٦ی مایسی١٩٣٦دابڵاوکردۆتەوە واتە بە سەریەکەوە تەنها(١١) یازدە ژمارەیان لێ دەرکردووە. سەرەڕای ئەو هاوکاری کردنە بەردەوامەی کە لە گۆڤاری(دیاری کوردستان)، دەنگی گێتی تازە و(ژین)ی پیرەمێرد داهەیبووە. لە ڕۆژگارێکیشدا کەویستوویەتی دووبارە چاپخانەکەی لە شاری هەولێردا بخاتەوە گەڕ زۆر پێویستی بە یارمەتی و دەستگرۆیی خەمخۆرانی ئەم بوارەی ڕۆژنامەنووسی و ڕووناکبیری کوردی بووە. بۆ ئەوەش هەر چەندە هەوڵی داوە پێی نەکراوە کە پارەیەکی ئەوتۆوە دەسبخا تابتوانێ چاپخانەکەی پێ چاك بکاتەوە و بیخاتەوە گەڕ بۆیە پەنادەباتە بەر ئەو کەسانەی کە لە شارەکانی تری کوردستان دەیانناسێ و بەناچاری پەوە لای خەڵکانی تر پارەپەیدا دەکا بۆ دووبارە بەڕێوەبردنەوەی چاپخانەکەی هەروەك لە یاداشتی ڕۆژانەی خۆیدا لەم بارەیەوە نووسیویە: لەبەرئەوە کە لە هەولێر خەریکی دامەزراندنی مەتبەعەکەبووم هەر چەند کۆشام چارەیەکم نەکرا کە هەندێك پارە دەست بخەم کە بنێرم حرفات بکڕم ناچار وتم دەچمە کەرکوك و سلێمانی پارە پەیدا ئەکەم و دەچمە بەغدا حروفات دەکڕم) بڕوانە(هاوکاری) ژمارە(١٣٠٧). جگە لەمانە حوزنی موکریانی لە سەرەتای لاوی و لەوکاتەوەی کە تازە هۆگری کوردایەتی و ئاشنای لەگەڵ دونیای ڕووناکبیری و خوێندەواریدا پەیداکردبوو. کەوتە ئەوەی وەك گەڕیدە(رحالە)یەك و وەك

کەسێك کە بیەوێ شارازاییەکی گەورە لە سەرگەلان و نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات پەیدابکا زۆربەی شارەکانی ئەو دەمەی وەك: تەورێز و یەریڤان گەڕاو پاشان گەڕاوەتەوە بۆ وڵاتانی وەك ئەرمینیا و ئەزەربیجان دوابەدوای ئەوە توانیویەتی:(لە شاری یەریڤان قوتابخانەیەکی تایبەت بە زمانی کوردی بکاتەوە و هەر لەو دەمانەدا کەوتۆتە دەرس وتنەوە بە(منداڵەکانی شمس الدینوف و حاجی یوسف بەگ لە کوردەکانی ڕوسیا کەیەکێك بوون لە قوتابییەکانی مامۆستای ئەمر حوزنی) بەجۆرێ ئەم گەڕان و هەوڵدانانەی وای کرد کە پەیوەندی و ئاشنایەتیەکی بتەوی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتناس و ڕووناکبیر و گەڕیدە ناسراوەکانی ئەو دەمەی جیهانی وەك: باسیل نیکیتین، مینۆرسکی، جەلادەت بەدرخان، عەلی سەیدۆ گەورانی... و چەندین کەسی تردا هەبێ بە شێوەیەکی ئەوتۆ نامە گۆڕینەوە و بیروڕا گۆڕینەوەیەکی بەرچاوی لەگەڵیانداپەیدا کردبوو. بەتایبەت سەبارەت بە شارەزابوونی زیاتر و لێك گەیشتنی زیاتر سەبارەت بەکورد و کوردۆلۆژیای گەلی کوردستان دیارە هەر ئەو نزیکبوونەوە و ئاشنایەتی پەیدا کردنە بووە کەوا لە کەسایەتیەکی وەك پرۆفیسۆر نیکتیین بکا لە بارەی حوزنی موکریانییەوە بڵێ:(سەیدحسێن حوزنی موکریانی مونەلیف و مێژوناسی گەورەی کوردستان.. منەتی وی بەسەر هەموو موستەشرقینی فەرەنگستاندا مەعروف و مەعلوم و مەشهورە) بڕوانە، جمال خەزنەدار، ڕابەری ڕۆژنامەگەری، ل١٤٨. لە بڕگەیەکی تریشدا ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسێکی گەورەی وەك ڤلادمێر مینۆرسکی کاتێك وەسفی بە ناوبانگ دەکا و بۆی دەنووسێ:(ئێوەحەقیقەتەن گیانی میللەتی خۆتان ئەو ڕەنجانەی کە دەیانکێشن هیچ وەختێك لەبیرناچێتەوە نەسڵەن میللەت و وەتەن پەرستانی وەکو ئێوە مایەی تەرەقی میللەتن...) هەموو ڕاوبۆچوونێکی

ئەوتۆش بۆ خۆیان لەو گەواهی و شەهادەتە بەرزانەن کە هەردەم حسین حوزنی موکریانی لە ناوەندی ڕووناکبیری کوردی و مرۆڤایەتیدا خۆشەویست ترو بەرزتر بنرخێنێ وێڕای ئەوەی ئەم کەڵە پیاوە و ئەم زانا گەورەی بواری مێژووناسی کورد لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمی ڕابووردودا بەتاقە مێژووناسی کورد دەنرێ کە لە نووسینەکانی خۆیدا بە زمانی کوردی و بەشێوەیەکی شارەزایانەو بەسەلیقەی خۆی باسی لە زانستی مێژوو و، قۆناغەکانی مێژوو کردبێ جا ئیتر نازانم کەسایەتیەکی هێندە گەورە و بەوهەموو توانا و خزمەتەی خۆیەوە والە ئینگلیزەکان بکا، وەك مامۆستا گیوی برای لە پێشەکی(مێژووی میرانی سۆران)دا باسی لێوەدەکا و دەڵێ:(ئینگلیزەکان لە ساڵی١٩٤٧دا داماوی برامیان دەرمان خوارد کرد...) بڕوانە، لاپەڕە١، بۆدواجاریش خاوەنی ئەو هەموو بەرهەمە زیندوو بەبایەخانەی بواری مێژوو لە شاری بەغدا لە ١٩٤٧/٩/٢٠ بۆ دواجار چاوی لێك ناو لەسەر وەسیەتی خۆی لە شاری هەولێر ئەسپەردەی خاك کرا.

*ئەم باسە لە ڕۆژنامەی (هەرێمی کوردستان)، ژمارە(١٩٨)ی ٢٠٠٠/٤/٢٠دا بڵاوکراوەتەوە.

باسی چواردەیەم

بێدار لە نێوان یانەی سەرکەوتن و چالاکی پارتی هیوادا

بەوەی لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافیەوە، ناوچەی خانەقین بنکورە(بن کدورە-مذکرات مأمون بك، ص٣١) یابین کورە، واتە هەزار کورە بە زمانی تورکی، کەوتۆتە دامێنی ناوچەی گەرمیانەوە و نزیکبوە لە سنورەکانی شاری کەرکوکەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ یەکەم جار چالاکییەکانی پارتی هیوا وەك ڕێکخراوێکی سیاسی، لە کۆتایی سییەکان و سەرەتای چلەکاندا لێرەوەدەستی پێ کردووە. هاوکات گەلێك کەسایەتی و ڕووناکبیری ئەم ناوچەیە، پەیوەندیان بەڕێکخستنەکانییەوە کردووە و لە کۆبوونەوە و چالاکی یە سیاسیەکانیدا بەشداربوون. بۆ پاڵپشتی کردنی ئەم بۆ چوونەشم شێخ عەتای تاڵەبانی لە کاتی خۆیدا و، وەك ئەندامێکی کارای ئەم ڕێکخراوە بۆی گێڕامەوە:(بەزۆری هەموو ئەو کەسایەتی و پیاوە ئاینیانەی لە ناوچەی خانەقین و دەوروبەریدا پەیوەندیان بە هیواوە کردبێ زیاتر لە ڕێگای مەلا سەید حەکیمی خانەقین-یەوە بووە کاسێتی تۆمارکراو لە ئەرشیفی خۆمدا(اب) بۆ ئەمەش هیچ بەدووریشی نازانم پیاوێکی ئایینی و کەسایەتیەکی وەك بێداری شاعیر(١٨٩٤-١٩٤٩) لە بەرئەوەی

پەیوەندیەكی پتەو و بەردەوامی لەگەڵ مەلا سەید حەكیمدابووە. هیچ گومانی تێدانییە كە بەهۆی ئەویشەوە پەیوەندی كردبێت بە حیزبی هیواوە و هەر لە ڕێگای ئەویشەوە بووە كە(سەرۆكی دەستەی باڵای حیزب) مامۆستا ڕەفیق حیلمی(١٨٩٨-١٩٦٠) ناسیبێ و بەزۆری لە شاری كەركوك و خانەقین و ناوچەی(بنكورە) سەردانی یەكتریان كردبێت و لە مەبەستی یەكتر ئاگاداربوون تا ئەو كاتەی بووە بە ئەندامێكی ئەو تۆی ناو ڕیزەكانی هیوا، كە لە هەموو ڕاوبۆچوونێكی فیكری و سیاسی خۆی لەگەڵ ڕەفیق حیلمی دا یەكبگرێتەوە ئەمیش بۆ خۆی ناوی شێخ بابا عەلی كوڕی شێخ عەبدوڵلای كوڕی شێخ عەلی شێخ لە تیفی كوڕی سەلیمی هەنجیرانەو لە ساڵی١٨٩٤ لە(ئاوایی گەورە)ی ناوچەی بنكورە لە دایك بووە(بڕوانە، تۆژەر، ژ(١)، ل٢٩). سەرەتاكانی خوێندنی لای شێخ عەبدوڵلای باوكی دەس پێ كردووە. دواتر لە شاری خانەقین و لای شێخ سالی مودەریس پلەكانی تری خوێندنی بڕیوە و لە ساڵی١٩٤٩ لە نەخۆشخانەی(ئەلمجیدیە)ی بەغدا كۆچی دوایی كردوە وێڕای ئەوەی شاعیرێكی دیار وتەنانەت نموونەی شیعریی خۆی لە ژمارە (٢)ی ساڵی پێنجەمی١٩٤٤ی (گەلاوێژ)دا بلاَ وكردۆتەوە. جگە لەو شیعرانەشی، لە ڕێگای دەستاو دەست كردنەوە لە زۆر بەیاز و كەشكۆڵی ڕووناكبیرانی ئەو دەمانەی كوردستاندا تۆماركراون. بەلاّم وەك بەرهەمی سەربەخۆ، نووسینەكانی كۆنەكراونەتەوە و بەزۆری تیا چوون. كەچی لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی چالاكی سیاسییەوە شوێن و تایبەتمەندیەكی دیاری لە ڕیزەكانی هیوادا هەبووە و گەلێك كەسی نزیك بەخۆی لە ڕێگای(بێدار)ەوە پەیوەندیان بە هیواوە كردووە. تەنانەت ئەو نازناوی(بێدار)ەش كە هەیبووە(سەرۆكی دەستەی باڵای پارتی هیوا) مامۆستا ڕەفیق حیلمی بۆی داناوە و ناوی نهێنی ئەوبووە لە پارتی هیوادا. بەجۆرێك

بۆتە نا ویکی وا کە لەلایەن زۆربەی ڕووناکبیرانی کوردەوە بەو شێوەیە جەختی لە سەربکرێتەوە هەر بەو شێوەیەش ناویان بردووە. لەوانە مامۆستا عەلا ئەدین سوجادی(١٩١٧-١٩٨٥) لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا بەڵام بەهەڵە ساڵی(١٨٩٢)ی کردۆتە ساڵی لە دایکبوونی لە کاتێکیشدا کە(یانەی سەرکەوتن-نادی الأرتقا ء)ی کوردان لە شاری بەغدا و لە ئەنجامی هەوڵ و داواکاری چەند ڕووناکبیرێکی کورد لەوانە مارف چیاوك باڵەکی و بەپێی فەرمانی ژمارە(٦٨٩٥)ی ١٩-٣٠ی مایسی١٩٣٠ی وەزارەتی ناوخۆی عێراق هاتەکایەوە دوای چەند ساڵێك لیژنەیەکی کۆمەك کردن بە ناوی(یانەی سەرکەوتن)ەوە کەوتنە زۆربەی شارو ناوچە کوردنشینەکانی کوردستان بە مەبەستی دەسگرۆیی و یارمەتی دانی یانەکە یەکێ لەو شاروناوچانەش سەردانیان کردبێت شاری خانەقین و دواتر ناوچەی(بنکورە) بووە لەم لایەنەشەوە کە سایەتیەکی وەك شێخ بابا عەلی(بێدار) بەپێی ئەو دەرامەتەی هەیبوە لەو دەمانەدا و لە گەلاوێژی ١٩٤٣دا بڕی دوودنیارونیوی ئەوکاتەی بەخشیوە بە(یانەی سەرکەوتن) لە ڕێگای لیژنەی ناوبراوەوە و لە (پەیامی تبرعات)ی یانەشدا کە بە ناوی (باوبوو)ەوە. لە چاپخانەی (نجاح)ی بەغدا و لە ساڵی (١٩٤٣-١٩٤٤)دا بلاو کراوەتەوە. بە:" بابا عەلی مامۆستاو شاعیری باجەلان" ناوی هاتووە. بڕوانە، باربوو، ل٦٥. لەو سەروبەندەشدا کە حزبی هیوا لە سەرەتای چلەکانەوە دووبەرەکایەتی کەوتۆتە ڕیزەکانیەوە. ئەم یەکێك بووە لەوانەی کە شانبەشانی مەلا سەید حەکیمی خانەقین (١٨٩٢-١٩٥٧) بیریان لەچارەسەرکردنی ئەو بارودۆخە کردۆتەوە. بەتایبەتی ئەو کێشەیەی لە نێوان ئەفسەرەکانی ناو پارتی هیوا و سەرۆکی دەستەی باڵادا هاتبوە کایەوە. بۆ ئەو مەبەستەش لە ساڵی ١٩٤٤دا پێشنیار لەسەر ئەوە کرا (کۆنفرانس)ێك بۆ چارەسەرکردنی

كێشەكانی ناو هیوا ببەستێ. ئەوە بوو شارەدێی كەلاری ئەو كاتە كە بەگزادەكانی جاف لە گەرمیاندا بەڕێوەیان دەبرد. دەستنیشان كراو كۆمەڵێك كەسایەتیو ئەندامی بەرزی هیوا تیایدا بەشداربوون لەوانە: سەرۆكی دەستەی باڵای حیزب ڕەفیق حیلمی، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، مەلا سەید حەكیمی خانەقین، مستەفا خۆشناو، عزەت عەبدولعەزیز، محەمەد مەحمود قودسی، شێخ عەتای تاڵەبانی و دەیان كەسایەتی تر. (بڕوانە، كەركوك، ژمارە(٥)، ل١٠٢). بەجۆرێ یەكێ لەو ئەندامە بەشدار بووانە شێخ بابەعەلی بێدار بوو. لەكۆتایی (كۆنفرانس)ەكەشدا. دژی بۆچوونی ئەفسەرەكانی ناو هیواو چەپەكان بوو. كە دەیانویست مامۆستا ڕەفیق حیلمی دەس لەكاری سەرۆكایەتی هەڵگرێ، بەڵكو پاڵپشتی ئەو بۆچوونەی دەكرد. كە دەیانویست مامۆستا حیلمی وەك سەرۆكی دەستەی باڵای حیزب بمێنێتەوەو هیچ جۆرە گۆڕانێك لەڕیزەكانی هیوادا دروست نەبێت. كە ببێتە هۆی تێك چوون و لەبەریەك هەڵوەشانەوەی.[١٣]

---

[١٣] ئەم باسە لە ڕۆژنامەی (كوردستانی نوێ) ژمارە(٢٥٢٦)ی، ٢٠٠١/٨/٨دا بڵاوكراوەتەوە.

باسی پازدەیەم

مێژووی دامەزرانی
یەکەم قوتابخانە لە شاری کەلار١٩٣١

شارە دێی کەلار بەوپێیەی هەر لە سالانی سەدەی نۆزدەیەمەوە شوێنێکی ئاوەدان و مەکۆی بەیەکگەیشتنی هەموو ئەو دیهات و گوندانەی ناوچەی گەرمیان بووە. بۆ پێکەوە گرێ دانیان بەیەکترەوە ئەوەش وایکردوە ڕۆژبەڕۆژ هەنگاوی زیاتر و گەورەتر بەرەو پێشەوە بنێ، هاوکات ئاوەدانی و، سەرچاوەکانی ئاوەدانی و نیشتەجێ بوونی بە شێوەیەکی فراوانتر و پێشکەوتووتر تیایدا دەستەبەربێ هەر چەندە لە ماوەی فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی عوسمانی(١٢٩٩-١٩٢٢) و دواتر دەسەلاتی پاشایەتی(١٩٢١-١٩٥٨) لە عێراقدا مۆرك وسیمای دەرەبەگایەتی و دەسەلاتی بنەماڵە و بالا دەستبوونی ئاغا وەك هەرناوچەیەکی تر لە کوردستان و عێراقدا ڕۆڵ و تایبەتمەندی خۆی بینیوە. بەلام شان بە شانی ئەوە دەوڵەت بۆ خۆی پالپشتییەکی بەرچاوی ئەم دیاردەیەی کردووە و بەبەردەوامی ئەو ڕەوش و بارودۆخەی لە بەرژەوەندی خۆیدا لەبەرچاو گرتووە. وێڕای ئەوەی بنەماڵە و چینە دەسەلاتدارەکان لە ناوچە جۆربەجۆرەکاندا چ بۆ خزمەت کردنی خۆیان و چ بۆ ئەو ناوچانەش کەلە ژێردەسەلاتی ئەواندایە

بەڕێوەیان بردووە و هەوڵیانداوە کاری بەردەوام و خزمەتی بەردەوامی خۆیانی تێدا بکەن. هەر چەندە هەندێجار ئەوەش وەك کارێکی سەلبی بە سەریاندا شکاوەتەوە. بۆ نموونە کردنەوەی قوتابخانە یا ناوەندێکی وەك سەرچاوەی زانست و خوێندەواری. چینی دەرەبەگ لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتیاندا بەو ئاقارەیاندا دەبرد کە ئەمە لە ئایندە و لە دواڕۆژدا کارلێکێکی خراپی دەبێ لە بەڕێوە بردنی دەسەڵات و ڕەوشی گوێ گرتنی ڕۆژانەی خەڵك و، دانیشتوان بۆ فەرمان و جێبەجێ کردنی هەر بڕیارێك کە لەوانەوە دەردەچوو. لە کاتێکدا ئەبوایە خەڵك بە تەواوی پابەند بوونایە بەو بڕیارو فەرمانانەوە کە لەلایەن سەرۆکی خێڵ و هۆز و گەورەی دێوە دەردەچێ. چونکە بەکردنەوەی ناوەندێکی زانستیوا. منالی چینی هەژار و توێژی ڕەشۆکی خەڵك وشیاریان، بیریان، ئاستی هەستکردن و داواکاریان زیاتردەبوو، هەرئەوکاتەش(پابەندبوونی) کۆمەڵایەتی بۆچینی باڵادەس کەمتردەبووەوە. هەر لە خۆڕاش نەبووە کە لە تەوەر و ناوچەیەکی وەك گەرمیان(کەلار-کەڵیاریان کەلاڕێ) و لە سەروبەندەدا کە بنەماڵەی جاف و بەگزادەکانی جاف بەڕێوەیان بردووە و لەگەڵ ئەوەشدا گەلێ هەنگاوی باش و خزمەتی گەورەیان بەناوچەی ژێردەسەڵاتی خۆیان کردووە. بەڵام لە کاتێکدا شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨ لە عێراقدا بەرپابوو و کۆتایی بە دەسەڵات و سیستەمی پاشایەتی هات. لێرە بەدواوە دەسەڵاتی بنەماڵە و چینی دەرەبەگ لەم ناوچەیەشدا بە تەواوی بەرە و نەمان چوو. لە کاتێکیشدا قسە لەسەر بابەت و لایەنێکی وادەکەین دەبێ تۆزێك بەنیهاد و بەویژدانەوە ئەوەش لە بەرچاو بگرین و باسی ئەوەش بکەین کە پێشتر کەلار لەلایەن هۆزەکانی(گێژ، ڕۆژبەیانی و پاڵانی) یەوە ئاوەدانی تێکەوتوە

نیشتەجێ بوون. شارەدێیەکی وەك کەلار(تاپادەیەك) بە هەوڵی بنەماڵەی بەگزادەکانی جاف و هۆزی جاف سەرچاوەکانی ئاوەدانی پێ گەیشتوە وەك دەبینی مێژووی کردنەوەی یەکەم قوتابخانە و وەك ناوەندێك بۆ خوێندن لە شاری کەلاردا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سیەکانی سەدەی بیستەمی ڕابووردوو، بەپێی یەکەمین تۆمارنامە(سجل)ی قوتابخانەکە کە تاوەکو ئێستاش وەکو خۆی ماوەتەوە لەبەڕێوەبەرایەتی قوتابخانەکەداو، وێڕای ئەو چاوپێکەوتنانەی کە لەگەڵ چەند کەسایەتیەکی ئەوکاتەدا ئەنجامم داوە. یەکەمین قوتابخانەی سەرەتایی چوار پۆلی لە ساڵی خوێندنی(١٩٣١-١٩٣٢)دا کراوەتەوە کە ئەمڕۆ پێیدەوترێ قوتابخانەی(شێروانە)ی سەرەتایی.

هەربۆ ئەم مەبەستەو لە ساڵی(١٩٩٦)دا مستەفا بەگی جاف(١٩٢٥-١٩٩٧) لە بارەی دامەزرانی یەکەمین قوتابخانەوە لە کەلار کە بۆ خۆییەکێ بووە لە قوتابیە سەرەتاییەکانی دەیوت:(کردنەوەی یەکەم قوتابخانە لە کەلار بە هەوڵی حەمەبەگی فەتاح بەگی جاف کە ئەوکات ئەندامی پەرلەمانی عێراق) و نوێنەری لیوای کەرکوك(کفری) بووە و بە کۆششێکی زۆری مێژوونووسی گەورە حەمە ئەمین زەکی بەگ(١٨٨٠-١٩٤٨) کە لەو سەردەمەدا وەزیری ئابووری و هاتوچۆ بوو لە وەزارەتی دووەمی نوری سەعید(١٨٨٨-١٩٥٨)دا و لە ساڵی ١٩٣١دا کراوەتەوە.

سەرەتا ئەم قوتابخانەیە هەر بە ناوی کەلار تا ئەوکاتەی شوێنێکی تایبەتی بۆدابین و تەرخانکراوە. حەمە بەگی جاف(١٩٠٤-١٩٣٤) لە ماڵەکەی خۆیدا کە ئەوکاتە لە(کەلاری کۆن)ی ئێستابووە. کاروباری بەڕێوەچووە. یەکەم بەڕێوەبەری مامۆستا(تۆفیق عەلی عەبدولڕەحمان) بووە و، بەپێی ئەو خشتەیە(لوحە)یەی کە تا ئێستا لە(قوتابخانەی کەلار)ی ئەوکات و(شێروانە)ی سەرەتایی ئێستادا هەڵوسراوە لە ڕێکەوتی(١٩٣١/١٠/١)ەوە

دەسبەکار بووە و نزیکەی (٩)نۆ ساڵی تەواو وەك بەڕێوەبەری ئەم قوتابخانەیە ماوەتەوە و لە(١٩٤٠/٩/١٥)دا ڕاژەی مامۆستایی خۆی گواستۆتەوە و دەستی لە کاری بەڕێوەبەرێتی قوتابخانەکە کێشاوەتەوە. بەڵام من وای بۆ دەچم کە: مێژووی دامەزرانی قوتابخانەکە چەند مانگێك دواتر بووبێ تا ئەوەی لە(١٩٣١/١٠/١)دا کرابێتەوە. لە کاتێکیشدا بۆ ڕاستی و دروستی ئەم بۆ چوونەشم گەڕامەوە بۆ سەر(تأریخ الوزارات العراقیة- مێژووی وەزارەتەکانی عێراقی) مێژووناسی ناسراوی عێراق(عەبدولڕەزاق ئەلحسەنی) بەرگی (٣)،بەغدا١٩٨٨، بۆم دەرکەوت کە خوالێخۆشبوو ئەمین زەکی بەگ لە وەزارەتی یەکەمی نوری سەعیددا وەزیرنەبووە. کە لە٢٣ی ئازاری١٩٣٠دا پێکی هێناوە و لە ١٩ی تەشرینی یەکەمی١٩٣١ دا وەزارەتەکەی هەڵوەشاوەتەوە. بۆ دواتریش دووەمین وزارەتی خۆی هەر لە ١٩ی تەشرینی یەکەمی١٩٣١داپێك هێناوەتەوە و تا ٢٧ی تەشرینی یەکەمی١٩٣٢ی خایاندووە. بەڵام لەم وەزارەتەیاندا و، وەك لە لیستی ناوی وەزیرەکاندا دیارە ئەمین زەکی بەگ(١٨٨٠-١٩٤٨)وەزیری ئابووری و هاتوچۆبووە و، حەمە بەگی فەتاح بەگی جافیش هەر بە پێی(مێژووی وەزارەتە عێراقی)یەکانی ئەلحەسەنی و هەمان بەرگی(٣) و لەلاپەڕە٦٦یدا، نوێنەری کەرکوك بووە لە پەرلەمانی عێراقی ئەوکاتەدا. ئەم ڕێکەوتەش بۆخۆی جیاوازیەکی زۆری هەیە لەگەڵ ڕۆژی کردنەوە و دەسبەکار بوونی یەکەم بە ڕێوەبەری قوتابخانەکەدا کە لە(١٩٣١/١٠/١)دابووە. هاوکات ئەمە ئەوەمان بۆ ئەسەلمێنێ ئەم قوتابخانەیە ڕەنگ بووبێ لە ناوەڕاستی مانگی(١١)ی هەمان ساڵدا کرابێتەوە و مەسەلەی ڕۆژی دەسبەکاربوونی بەڕێوەبەرەکەش هەر لەبەر ئەوەبووە. لە وڵاتی خۆمان و زۆربەی وڵاتانی تری ڕۆژهەڵاتدا سەرەتاکانی ساڵی خوێندن هەر لە١٠/١ی هەموو ساڵێکەوە دەس پێ دەکا وەکو ئاشکراشە بەپێی یەکەمین

تۆمارنامە(سجل)ی قوتابخانەکەو لە ساڵی یەکەمی خوێندنیدا تەنها(٢٨) قوتابی ڕوویان کردۆتە خوێندن و ساڵی لە دایك بوونیشیان لە نێوان ساڵانی(١٩١٨-١٩٢٥)ی زایینی بووە. هی واشیان هەیە ساڵی لە دایك بوونیان بەرامبەر ناوەکانیان تۆمارنامەکەدا بەرچاوناکەوێ. جگە لەوەی زۆربەی زۆریان کوڕ بوون و تەنها یەك کچیان لە گەڵدابووە کە ئەوەش بۆخۆی(ئەختەرخانی کچی حەمە بەگی جاف) خۆی بووە کە دەکاتە خوشکی کە سایەتی ناسراو بە (حەمە سەعید بەگی جاف)و پوری هەردوو شاعیرو نووسەری ناسراو (خەسرەوجاف) و(ئەبەرد جاف). بەلام لە ساڵی دووەمی خوێندندا واتە(١٩٣٢-١٩٣٣) ژمارەی قوتابیانی کچ لە قوتابخانەکەدا زیادی کردووەو بوە بە(٣)کچ کە ئەوانیش بریتی بوون لە:-

١-وەفیقە تۆفیق عەلی کچی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە خۆی بووە.

٢-قەدری وەستا حەمیدی نالبەند.

٣-ڕەعنای کچی حەیدەر سادە واتە خوشکی خوالێخۆشبوو حەسەنی حەیدەر(هەیەر) و حسین حەیدەر واتە حسەینە کەڵەی گۆرانی بێژ.

لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەو قوتابی و خوێندکارانەی کە لە ساڵی یەکەمی خوێندنی وەرگیرابوون بەزۆری خەڵکی کەلاری ئەوکاتە بوون تەنها دوانیان نەبێ کە یەکێکیان(عەبدولباقی ئەکبەر خان) و ئەوی کەشیان(عەبدوڵلا مەحمەد جوانڕۆیی) بووە. بە جۆرێ یەکەمیان: لە گوندی(دەککە)ی ناوچەی بنکورەی ئەوبەری سیروان و لە نزیك شاری(خانەقین)ەوە هاتووە.

ئەم قوتابخانەیەش وەك هەرەمێکی کارگێڕی لەودەمانەدا سەر بە بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی لیوای کەرکوك بووە. لەبەر بایەخی مێژووی و بۆ سوودی گشتی لێرەدا وای بەباش دەزانم ناوی قوتابی و خوێندکارە

یەكەمەكانی ساڵی دامەزرانی قوتابخانەكەو ناو ئەو بەڕێوەبەرانەش كە تا كاتی بەرپابوونی شۆڕشی١٤ی گەلاوێژی١٩٥٨ لەم قوتابخانەیەدا دەسبەكاربوون تۆماربكەم كە ئەمانەبوون:-

١-ئەحمەد مەحمەد فەتاح.

٢-خالید ڕەزا بەگ.

٣-عەبدوڵڵا مەحمەد فەتاح.

٤-حەسەن حەیدەر سادە.

٥-عەلی ڕەحیم تازە ئەوڕەحمان.

٦-عەبدول باقی ئەكبەرخان.

٧-حەمە سەعید بەگی مەحمەد بەگی جاف.

٨-حسێن حاجی محیَ دین.

٩-ئیبراهیم شێخ حەسەن ئەحمەد.

١٠-مەحمەد عەلی شێخ حەسەن ئەحمەد.

١١-عەلی شامە.

١٢-مەحمود وەستا ڕەشید.

١٣-حەمە ئەمین نەریمان دەروێش.

١٤-نووری عەبدوڵڵا جوڵا.

١٥-قادر مەحمەد صاڵح.

١٦-مەحمەد ئەمین عەبدوڵڵا سوور.

١٧-كەریم مەحمود قادر.

١٨-موسا پیرومیس.

١٩-قادر عەبدول مەحمەد.

٢٠-ئەحمەد عارف.

٢١-مەحمەد ڕەشید مەحمەد عەزیز.

٢٢-حسێن سۆفی فەتاح.

٢٣-کاکە عەبدوڵڵای سەمین.

٢٤-مەحمود ڕەزا بەگ.

٢٥-عەبدوڵڵا مەلا مەحمود جوایزۆیی.

٢٦-مەحمەد فەقێ مەحمود.

٢٧-مەحمود مەحمەد حاجی ئەڵماس.

٢٨-ئەختەر مەحمەد بەگی جاف.

بەڕێوەبەرانی قوتابخانەکەش لە کاتی دامەزرانییەوە تا کاتی بەرپابوونی شۆڕشی ساڵی ١٩٥٨ئەم کەسایەتیانەبوون:

ناوی بەڕێوەبەر	مێژووی دەسبەکاربوون	مێژووی دەس لە کارکێشانەوە
١-تۆفیق عەلی عەبدولڕەحمان	١٩٣١/١٠/١	١٩٤٠/٩/١٥
٢-حەسەن عەباس ڕەزا	١٩٤٠/٩/١٥	١٩٤١/١٠/١
٣-سەلیم بەگ دەفتەری	١٩٤١/١٠/١	١٩٤٥/١٠/١
٤-ڕەشید مەحمەد عەلی	١٩٤٥/١٠/١	١٩٥٠/١٠/١
٥-مەحمەد مستەفا مولکی	١٩٥٠/١٠/١	١٩٥١/٩/١٥
٦-بەهجەت بەدری بەیاتی	١٩٥١/٩/١٥	١٩٥٦/٩/٢٤
٧-حسین مەحمود عەلی بەیاتی	١٩٥٦/٩/٢٤	١٩٥٨/٩/١٥

[١٣]

[١٣] ئەم باسە لە(کوردستانی نوێ)، ژمارە(١٩٥٧)ی،١٩٩٩/١٠/١٦دا بڵاوکراوەتەوە.

باسی شازدەیەم

كورد لەساڵڕۆژی شۆڕی(٣٠) حوزەیرانی ١٩٢٠دا

هەر لە سەرەتاكانی جەنگی یەكەمەوە بەریتانیای گەورە دەستی بەسەر بەشێكی گەورەی وڵاتی عێراقدا گرت. بەڵام ڕووبەڕووی گەلێك كۆسپ و بەرگری بەردەوامی گەلانی عێرا ق بە عەرەب و كوردەوە بوەوە. سەرەڕای پاشماوەی ئەو سوپایەی كەدەوڵەتی عوسمانی هەیبوو لە عێراق و ناوچەكەدا. لەلایەكی كەشەوە بەهۆی هێرشی بەردەوام و پاڵپشتی كردنی سوپای بەریتانیاوە لە ناوچە جیاجیاكانی تری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ هێزەكانی خۆی. لەسەرەتادا بەتەواوی توانی دەس بە سەر هەردوو ویلایەتی(بەسرەوبەغدا)دا بگرێ و هاوكات ئاگر بڕی(مۆدرۆس)یشی لە ساڵی١٩١٨ لەگەڵ دەوڵەتی عوسمانی دا مۆربكا. واتە ئەوكاتەی كە سەرەتای سوپای بەریتانی گەیشتبوە سنورەكانی ویلایەتی موسڵ. بە تایبەتی دەوروبەری شاری كەركوك خۆهەر كە جەنگیش لەبەرژەوەی وڵاتانی هاوپەیمان كۆتایی هات. بەتەواوی ئەوە بۆ بەریتانیا یەكلایی بوەوە. دەس بەسەرویلایەتی موسڵدا بگرێ بەتایبەتی پاش ئەوەی لە كۆنگری ئاشتی١٩١٩ی پاریسدا بڕیار لە سیاسەتی(ئینتداب)درا. ئەمەش بۆ خۆی لە

بەرژەوەندییەکی گەورەی حکومەتی بەریتانیادا بووە. سەبارەت بەداگیرکردنی عێراق بەکوردستانی باشووریشەوە هەرچەندە پێشتر لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستاندا بزوتنەوەی ڕزگاری خوازی کورد بەرابەرایەتی شێخ مەحمود لە ئەوپەڕی گەشەکردن و تەشەنە کردندابوو بەمەبەستی پێکهێنانو دروست کردنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ لە ناوچەکەدا ئەمەش وای لە شێخ مەحمود کرد لەو ماوەیەدا کە پەیوەندی بەبنکەی سەربازی بەریتانی‌یەوە بکا لە ئەسکی(کفری) تا حوکمدارییەتێکی کوردی لە شاری سلێمانیو دەوروبەریدا لە ١٩١٨/١١/١ەوە دامەزرێ واتە پێش کۆتایی هێنانی جەنگی یەکەمی جیهانی بە(١٠)دە ڕۆژ شان بەشانی ئەوەش ڕاوێژکارێکی بەریتانی لەگەڵدابێ. وەك ئەوەی پاش ڕازیبوونی حاکمی گشتی بەریتانیا لە بەغدا(ویلسن)، مێجەرنۆئیل بۆ ئەو مەبەستە لەلایەن بەریتانیاوە دیاری کراو حکومەتی یەکەمی شێخ مەحمود پێکهێنرا بەڵام بەهۆی ئەوەی کە جۆرە ناکۆکیەك لە نێوان کورد و هێزەکانی بەریتانیادا دروست بوو لەسەر بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچە کوردنیشنەکان بۆیە بەریتانیا کەوتە ئەوەی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاروباری ئەم ناوچەیەبگرێتە دەس و کۆتایی بەحکومەتەکەی شێخ مەحمود لە ١٨ی حوزەیرانی١٩١٩ بهێنێ و بە خۆشی بە بەندکراوی دوای شەڕی(دەربەندی بازیان) و بە زامدارییەوە دراوەتە دادگایەکی سەربازی بەریتانی لە شاری بەغدا و پاشان دوورخستنەوەی بۆ دوورگەی(ئەندامان)ی وڵاتی هیند جا بۆ یە دەتوانین ئەم نەگونجان و یەکنەگرتنەی شێخ مەحمود لەگەڵ ئینگلیزەکاندا بە خاڵی وەرچەرخان دابنێین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەرجەم گەلانی عێراق بەرامبەر بەسیاسەتی بەریتانیا و هەوڵدان بۆ سەربەخۆبوون سەرەڕای ئەوەی گەلێك هۆکاری تری دەرەکی و ناوخۆ ڕۆڵی کاریگەریان لەو

پێکدادانە جەماوەرییەدا بوو کە بۆ یەکەمجار لە ٣٠ی حوزەیرانی١٩٢٠ەوە لە سەرانسەری عێراقدا دژ بە سیاسەتی(ئینتداب) و مانەوەی بەریتانیا بەو شێوەیە لە عێراق و کوردستاندا درێژەی هەبێ هەربۆیە دەکرێ هۆکارە دەرەکییەکانی لە بەرپابوونی ئەو شۆڕش و ڕاپەڕینە جەماوەرییەدا چڕکەینەوە کە پێشتر لە وڵاتانی دەوروبەری وەك شۆڕشی حیجازی١٩١٦، یۆلۆی میسری١٩١٩، سەرەڕای بەرپابوونی گەورەترین شۆڕشی چینایەتی لە وڵاتی ڕووسیا ساڵی١٩١٧، جگەلەو هۆکارە ناوخۆییانەی کە بەریتانیا بەردەوام لە عێراقدا و بەسەردانیشتوانیدا سەپاندبوو دەشبوایە گەلانی عێراق هەموو باجێکی بەردەوامیان بدایە. ئەمەش بۆخۆی ئەرکێکی گەورەی خستبوە ئەستۆی خەڵکەوە و ماوەیەکی درێژخایەنیش دەوڵەتی عوسمانی هەمان سیاسەتیان پراکتیزەکردبوو. هەموو ئەم دیاردانەش وایان لە گەلانی عێراق بە عەرەب و کوردەوە کرد. دژبە سیاسەتێکی ئەوتۆ بوەستن و بۆ ماوەی زیاد لە پێنج مانگێك زۆربەی ناوچەکانی وڵات لە دەسەڵاتیان ئازادبکرێ هاوکات ئەنجومەن و دەسەڵاتی سەربەخۆیان تیادا بمەزرێ بەڕادەیەك شێوازی ڕاپەڕین و گرتنەوەی شاروشارۆچکەکانی کوردستان لەلایەن کوردخۆیەوە هەر لە نێوەندی هۆزی گۆیانی ناوچەی زاخۆوە گرتیەوە تا بگاتە ئەو پەڕی باشوری لە کفری و خانەقین و دەوروبەریدا لە کاتێکیشدا دەتوانرێ تەنها شارێکی وەك سلێمانی بەوە بژمێردرێ کە بەڕادەیەکی کەمتر برپشکی ئەو شۆڕشەی بەرکەوتبێ ئەوەشیان وەکو وتم: بەزۆری لەبەر ئەوەبووە. لەو دەمانەدا کە سایەتیەکی وەك شێخ مەحمود کە بەڕابەرێکی دیاری شۆڕش دادەنرا لەلایەن بەریتانیاوە دەسبەسەرکرا کرابوو و لەوڵات دورخرابووەوە. جگە لەمانەش دەتوانرێ واباس لە کورد بکرێ لە ڕۆژگارێکی وادا وەك گەلێك خۆی ڕاپەڕینی سەربەخۆو شۆڕشی خۆی بەرپا کردبێ و هەوڵی

سەربەخۆیی‌دابێ. ئەگینا خۆ ئەگەر مەسەلە هەربەشداربوون بووبێ. ئەوا کەسایەتیەکی وەك(حسین عبدالکریم) بۆ یەکەم جار و لە ڕۆژگاری شۆڕشدا توانیویەتی ئاڵای عێراق لەسەر فەرمانگەی پۆستەی(باقوبە) کە ناوچەیەکی عەرەب نشینە بەرزبکاتەوە تەنانەت زۆر لەڕووناکبیرانی عەرەبی عێرا قبە خۆیان گەواهی لەسەر ئەو لایەنە دەدەن وەك ئەوەی کە لە ئەیلولی ١٩٢٠ داو بۆ یەکەم جار ناوچەکە بەشاری(باقوبە) شەوە ڕزگارکرا لە دەسەڵاتی بەریتانیا دکتۆر حسین زبیدی نووسیویە(رفع العلم العراقی فوق دائرة البرید و هو رجل کردی متحمس لاستقلال العراق ویحب وطنه وبلاده وقد خطب بحماسه في جموع الناس بعربیته البسیطه محرضا ایاهم علی القتال و الثورة في وجه الآنلکیز المحتلین و بارك الحاضرین بثورتهم وأخذ کل منهم یمارس عمله خلافا الماسودته بعض الأقلام المأجورة و هکذا صار الحکم في بعقوبه ثوریا).

بەجۆرێ دەکرێ زیانەکانی بەریتانیا لە کوردستاندا بە ڕێژیەکی گەورەی ئێجگار گەورەی دارایی مەزەندە بکرێ سەرەڕای کوژرانی سەدان فەرماندەی سەربازی گەورە لە ناوچەکە داو هاوکات ڕۆڵی شۆڕشەکە لە وشیارکردنەوەی کۆمەڵگەی کوردی لەودەمەدا بەهەموو چین و توێژەکانیەوە بێ جیاوازی بۆ شۆڕشکردن و پاڵپشتی بەردەوامیان بۆ ئەو ڕاپەڕینانەی لە ناوچە جۆربەجۆرەکانی کوردستاندا لەوە بەدوا دووبارەدەبوونەوە.[١٤]

---

[١٤] ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی(کوردستانی نوێ)، ژمارە(١٩٠٧)ی ،١٩٩٩/٧/٢٠، ڕۆژی سێ شەممە بلاوکراوەتەوە.

باسی حەڤدەیەم

مامۆستا گیوی موکریانی
لە یادەوەرییەکی سەبری بۆتانی کۆچ کردوودا

زۆرن ئەوانەی لە پێناوی خزمەتی کردن بەگەل و، بەرەوپێش چوونی ڕەوتی ڕووناکبیری و گەشەکردنی باری ڕۆژنامەنووسیدا لە ناوەندی کۆمەڵگەکانیاندا هەردەم هەنگاوی بەردەوام و شەونخونی بەردەوامیان بۆ ئەوەبووە کە نەهێڵن گەل و نەتەوەکەیان لە کاروانی ڕووناکبیریی مرۆڤایەتی دوابکەوێ و هاوشان بەوان ئەمیش گەشە بە بوارە جیاجیاکانی خۆی بدات. دیارە ڕەنگدانەوەیەکی لەو بابەتەو، بە تەنگەوە چوونێکی لەم تەرحە بە تەواوی لە ناو کۆمەڵگای کورد و نەتەوەی کوردا هەمان ڕێڕەو وهەمان تایبەتمەندی بەخۆیەوەدیوە بە جۆرێ کە دەیان کەڵەپیاو و زانا و شاعیر و بیریاری تیا هەڵ کەوتبێ و، هەریەکەیان لەدەروازە و لەبوارێکی فراوانەوە چوونەتە ناو دونیای سەرقاڵی خزمەت کردنەوە. یەکێك لەو کەسایەتیانەش کە دەمانەوێ لە یاددەوەریەکی وادا لە ناوەندی ڕووناکبیری کۆمەڵگەکەماندا باسی لێوەبکەین و ڕۆشناییەك بخەینە سەر هەڵوێست و ئەو خزمەتە مەزنانەی کە لە ماوەی خزمەت کردن و سەربردەی

ڕووناکبیری خۆیدا بەجێ‌ی هێنابن. ئەوەش بۆ خۆی بنەماڵەی سەربەرزی موکریانی و کەسایەتیەکی ناسراوی وەك مامۆستا گیوی موکریانی(١٩٠٣-١٩٧٧/٧/٢٤) یاوەکتر بڵێین: عەبدولڕەحمانی کوڕی عەبدوللەتیفی خەزاییە. کەبەبەردەوامی لەگەڵ حسین حوزنی موکریانی(داماو)ی برایدا. ئەوپەڕی ڕۆڵی گەورە و دەوڵەمەندیان لە پێش خستنی مێژوو، زمان و ڕۆژنامەنووسی گەلی کوردا دیوە و، بەجۆرێ ئەبێ وا باسی لێوە بکەین کە هەردەم کوردەواری خۆی بەقەرزاری ئەوماندبوون و شەونخوونیەی ئەو دووبرایە بزانێ و یادو یادەوەری پڕشکۆیان بەرز و بڵند بنرخێنێ گیوی نەمر لەو ڕۆژەوەی حوزنی براگەورەی یەکەم چاپخانەی لەوڵاتی ئەڵمانیاوە هێنایە شاری حەلەبی وڵاتی شام و لە ساڵی١٩١٥دا بۆ کاری چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەدایمەزراند ئەو هاوکاری بەردەوامی بوو لە هەڵسوڕانی کارەکانی دا. دوای ئەوەش کە چاپخانەی ناوبراوی لە(حەڵەب)ەوە گواستەوە ڕەواندزو، دووبارە لەوێوە کەوتنە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی گۆڤارە حوزنی(داماو)ی برایو بەڕێوەبەری نووسین مامۆستا گیوبوو تارۆژی داخستن و دوا ژمارەی کە لە١٩٣٢/٧/٣١ بەسەریەکەوە(٢٤) ژمارەیان لێ بڵاوکردۆتەوە کەچی دوای سێ ساڵ لەوەستانی گۆڤاری پێشوو دەستیان داوەتە بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی هەفتانە بە ناوی(ڕووناکی)یەوە. یەکەمین ژمارەیان لە ساڵی١٩٣٥دا بڵاوکردۆتەوە و بەسەریەکەوە تەنها(یازدە) ژمارەیان لێ دەرکردووە، دوای ئەوەش وەکو خۆی باسی لێوە دەکا: کاتێ ئینگلیزەکان حوزنی برایان لە ساڵی١٩٤٧لە ڕەواندز دەرمانخوارد کرد ئیتر بە تەواوی کاروباری چاپخانەی کوردستان و هەموو ئەو چاپەمەنی و کتێب و نووسراوانەی کە لێرەوە بڵاوکراونەوە بەر پرسیارێتی یەکەمیان کەوتە دەس مامۆستا گیو. خۆی هەڵسوڕێنەری سەرەکی هەموو کاروبارێکیان بوو.

هەرچەندە بە خۆشی وەك دكتۆرە كوردستانی كچی دەیگێڕێتەوە لە ساڵی١٩٣٤ەوە:(ڕەواندز بەجێ دێڵێ‌و ڕوونەكاتە هەولێر) و چاپخانەیەكی گەورە لە شاری موسڵ دەكڕێ. هەر لێرە شبە دواوە سەرەڕای چاپكردن و بڵاوكردنەوەی گۆڤار و بڵاوكراوە بەزمانی كوردی دەكەوێتە كۆكردنەوە و لە چاپدانی دیوانی زۆربەی شاعیرانی ناسراوی كورد و ساغ كردنەوەیان. لە مایسی ساڵی١٩٥٤ەوە ئیمتیازی گۆڤارێكی وێژەیی هەفتانە بە ناوی(هەتاو)ەوە وەردەگرێ، زۆربەی كارەكانیشی خۆی بەڕێوەی بردوون، بەهاوكاری لەگەڵ(ئیبراهیم دزەیی) و (مەحمەد دەباغ)دا. بەجۆرێ تاكاتی وەستانی گۆڤارەكە لە ساڵی١٩٦٠دا توانیویانە(١٨٨)ژمارەی لێ‌بڵاوبكەنەوە لەگەڵ ئەم هەموو خزمەتە گەورەیەیدا و لەبەر ئەوەی شارەزاییەكی بەرچاوی هەبووە لە زمانەكانی:(فەرەنسی، ئینگلیزی، فارسی وعەرەبی)دا هەوڵی داوە گەڵێ فەرهەنگی ناوازەی بەوزمانانەو وێڕای(زمانی كوردی) بڵاوكردۆتەوە لەوانە وەك(فەرهەنگی ڕابەر)،(فەرهەنگی مەهاباد)،(فەرهەنگی كۆلكەزێڕینە) و گەڵێ كتێبە نووسراوی تری هەمە جۆر. كە هەر یەكەو بۆ خۆیان سەروەری و گەنجینەیەكی دەوڵەمەندی ئەو پیاوە مەزنەن لەبواری گەشەپێدانی زمان و كلتور و ڕووناكبیری ڕەسەنی كوردیدا واتە تا ڕۆژی كۆچ كردنی لە١٩٧٧/٧/٢٤، دەیان شاكار و نووسراو وبابەتی دانسقەی پێشكەش بە نامەخانەی كوردی كردوە وەك كە سایەتیەكی پاك وڕووناكبیرێكی بە سەلیقە چەندین هەڵوێستی كوردانەی نواندووە بۆ داكۆكی كردن لە ناوی گەل و وڵاتەكەی یەكێك لەو هەڵوێستانەی وەك شاعیری ناسراو سەبری بۆتانی(١٩٢٥-١٩٩٨) خاوەنی دیوانی(شین وشادی) و (دڵستان) كە ساڵی(١٩٩٨) لە ئەوروپا كۆچی دوایی كرد لە كۆتایی هەشتاكاندا لە بەغدا ئەوەی بۆ گێڕامەوە كە:

دەزگاکانی(حکومەتی عێراق) لە هەولێر چەند جارێك لە ناوەڕاستی حەفتاکان و پێش کۆچکردنی مامۆستا گیوی موکریانی، داوایان لێ کردبوو کە ناوی چاپخانەکەیان لە شاری هەولێر لە چاپخانەی(کوردستان)ەوە بکەنە(چاپخانەی هەولێر) لەبری(کوردستان) ئەویش لەبەر ئەوەی چەند جارێك چووبوونە سەری و لەو بارەیەوە فشاریان خستبوە سەر، بۆ ئەویش ناوی چاپخانەکەی گۆڕی بوو. لەسەر(لوحە)ی چاپخانەکە نووسیبووی(مطبعة اربيل)و، بەخەتێکی پانتر لە ژێرئەو واژەیەوە نووسیبووی(سابقا کردستان). هەربۆ یە دوای ئەوەو، دووبارە هەمان دەزگا ئاگاداریان کردبۆوەوە کە هەر وەك جاری پێشووی لێ بکاتەوە و شتی لەو بابەتە هەڵنەواسێ.[١٥]

---

[١٥] لە ڕۆژنامەی(کوردستانی نوێ)، ژمارە(١٩١٠)ی، ڕۆژی یەك شەممەی، ١٩٩٩/٧/٢٥دا بڵاوکراوەتەوە.

باسی هەژدەیەم

تۆرانیەت و كۆمەڵەی تەعالی كوردستان

ئەو گۆڕانكاریانەی لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەیەم بەدواوە لە سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی(١٢٩٩-١٩٢٢)دا سەریان هەڵدا بە زۆری گەلاڵەبوونیان دەگەڕێتەوە بۆ چاكسازخوازانی ناودەوڵەت و، ئەوانەشی كە لە دەرەوەی بوون. زۆرجار دژایەتی سیاسەتی دەوڵەت و داوای گۆڕانكاری بەردەوامیان دەكرد لە سیاسەت و حوكمڕانیەتی دەوڵەتی عوسمانیدا بە جۆرێ كە لەگەڵ گۆڕنكاریەكانی سەردەم و چاكسازیوسیاسەتی ئەوروپای ئەو سەروبەندەدا بگونجێ كە بە تەواوی هەنگاوی گۆڕانكاری بەخۆوە دیبوو هەر ئەمەش وای كرد ئەم چاكسازخوازانەو زۆر لەودەنگ و هەڵوێستانەی كە لە ناوەندی سوپا، قوتابخانە، ناوەندە زانستی و ڕێكخراوە شۆڕشگێڕیەكانی ئەو كاتەوە لێكدی نزیك دەبوونەوە و لەدوایدا بە تەواوی ئەوەی گەلاڵەكرد كە ڕێكخراوی(الأتحاد والترقی-یەكێتی و سەركەوتن) سەرەتا وەك ڕێكخراوێكی نهێنی سیاسی لەساڵی(١٨٩٩)ەوە بێتەكایەی داواكاریو ئەو گۆڕانكاریانەی كە ئەبوو لە سیاسەتی دەوڵەتدا وەك(دیفاكتە)یەك ڕوو بدەن، هەر چەندە بنەمای دروست بوونی پارتی(یەكێتی و سەركەوتن) بەپێی هەندێ

سەرچاوە بەزۆری دەگەڕێتەوە بۆ سەربیرۆکەی چوارکەس لە ساڵی۱۸۸۹دا کە دوانیان لە کەسایەتیە ناودار و کوردەکانی ئەوکاتـەی وەك: ئیسحاق سکوتی و عبدوللاجەودەت بوون. تەنانەت لە یـەکێ لە کۆنگرەکانی‌دا کە لـە ساڵی ۱۹۰۲ لـە پاریسـی پایتــەختی فەرەنسـا بەسـترا دووکەسـایەتی کـوردی وەك عەبدولرەزاق بەدرخان و حیکمەت بابان تیایدا بەشداربوون هاوکات کەوتنـە ئـەوەی بە شێوازێکی نهێنی ڕێکخراوو لقـی خۆیـان لـە زۆربـەی شـار و ویلایەتــەکانی دەوڵــەتی عوسمـانیدا بکەنــەوە و چـالاکی سیاسـی خۆیــان دەسپێبکەن هـەر لـە سـاڵی(۱۹۰۸)ەوە کـە بـۆ یەکـەم جـار هەڵگەڕانـەوەی عوسمانی بەرپابوو شانبەشانی ئـەوە گۆڕانکاریـەکی بناغـەیی لـە دەسـەڵاتی دەوڵەتی عوسمـانی‌دا ڕوویـدا ڕێکخـراوی(یـەکێتی‌و سـەرکەوتن) بـۆ زیـاتر سـەرنج ڕاکێشـانی دانیشـتوان‌و بـۆ پـەیوەندی پێوەکـردن بـە ڕێکخستنەکانییەوە. سەرەتا دروشمی (سەربەستی، عەداڵەتی ویەکسانی) یان بـەرزکردەوە کـەچی بەرزکردنـەوەی دروشمێکـی لـەو بابەتـە تەمـەنێکی ئـەوتۆی نـەبوو کە بتوانـێ هەموو ئـەو نەتـەوە و زمـان و ڕەگەزانـەی نـاو دەوڵەتی عوسمـانی بـەو(یەکسانی)یـەی کـە قـاوی بـۆ ئـەدا کۆبکاتـەوە و، بـەجۆرێکی وا کـە هیـچ جیـاوازی ولێـك نەگەیشتنێ دروسـت نـەکا. بـەڵکو سـەرانی(یـەکێتی‌و سـەرکەوتن) کەوتنـە سیاسـەتی بـە تـورك کـردن و بەرزکردنـەوەی دروشمـی تۆرانیـەت. لەگـەڵ ئەوەشـدا خۆیـان بـەمیراتگری دەوڵەتی عوسمانی دەزانی و هەموو ڕەگەزەکانی تری ناو ئەو دەوڵەتەیان بە تورك وبەوەلە قەڵەمدەدا کە بێنەکایەو ژێر ئالای بەرزی تۆرانیەتەوە. وەك ئەوەی لەدوایدا ئەودروشمە بە شێوەیەکی زەقتر جەختی لەسەرئەکرایەوە بـە تایبـەتی بەرزکردنـەوەی بنەمایـەکی وەك(مەرکەزیـەت، تۆرانیــەت و بـەتورك کـردن) بـۆ ئەمـەش وەك خۆیـان(ناویـان لێنـاوە) و ڕێگایـان بـۆ

ڕووناكبیر و خەڵكانی پسپۆر بەولایەنەی وەك(یوسف ئاق جۆرەئۆغلی) خۆشكرد كەیەكێ لە تۆرانیەكان و، بۆچوونەكانی لەوەدا ڕەنگیئەدایەوە كە ئەیوت:(ان الذین یرتبطون مع الآتراك بالدین فقط، ولیس بالعرق، الا انهم قد امتزجوا مع الآتراك الی درجة معینة، یسهل صهرهم في المجتمع الترکی اما الذین لم یتولد لدیهم شعور قومي فیمكن تتریكهم) ایران وترکیا، الموصل١٩٩٢،ص٢٢٥. تەنانەت ئەم بیروڕایانە بەزۆری گەیشتبوەڕادەی(تۆقاندن) دژ بەنەتەوەو ڕەگەزەكانی تر وەك لە دوایدا بە جۆرێ كاری كردبووە سەر ڕووناكبیرانی ئازادیخواز و كە سایەتیەكانی ناو نەتەوە و ڕەگەزەكانی تركە بەبێ چەندو چوون دژ بە سیاسەتێكی ڕەگەز پەرستانەی لەو جۆرە بوەستنو هەوڵی ئەوەشبدەن. ڕێكخراو و كۆمەڵە و یانەی ئەوتۆ دابمەزرێنن لە مینبەرێكی ڕەواو چالاكەوە دژایەتی ئەو سیاسەتە بكەن و لایەنگیرەكانی خۆیان لەدەوری ڕێكخستنەكانیدا كۆبكەنەوە بۆ داكۆكی كردن لە مافەكانیان و وشیاركردنەوەی دانیشتوان لە هەر هەوڵێكی توركان كە كار لە كیان و بیروڕای نەتەوەیەتی، ئایینی ونەریتی كۆمەڵایەتیان بكا نەتەوەی كوردیش وەك یەكێك لەو نەتەوانەی كەماوەیەكی دوورودرێژبوو لەلایەن دەسەڵاتی عوسمانیاندا و دواتر تۆرانیەكانەوە مافەكانیان پێشێل كرابوو، هەرئەوەش وایكردبوو. نەتەوەی كوردیش بكەوێتە خەبات و تێكۆشانێكی بەردەوامی ئەوتۆوە كە سوود لە دەرئەنجام و گۆڕانكاریەكانی سەردەمی هەڵگەڕانەوەی عوسمانی وەرگرێ و هەوڵی پێك هێنانی ڕێكخراو و كۆمەڵە و ڕێكخستنی خۆیبدا وەك ئەوەی لە ئەنجامی ئەو سیاسەتە نا هاوسەنگەی لەوماوەیە بەدواوە تۆرانیەكان پراكتیزەیان دەكرد، یەكەم كۆمەڵەی سیاسی كورد لە ٢٥ی ئەیلولی١٩٠٨ بە

سەرۆکایەتی شێخ عەبدولقادری شەمزینی (گەیلانی) شەهید لە ئەستەمبوولْ دامەزرا بە ناوی(کۆمەڵەی تەعالی کوردستان)ەوە واتە(کوردستان تعالی جمعیتی) کە ئەمەش بۆ خۆی لەلایەن کۆمەڵێك لە بیریار(مفکر) و کەسایەتی و ڕووناکبیرانی گەورەی کوردی وەك(ئەمین عالی بەدرخان، فەریق شەریف پاشا، شەهید عەبدولقادری شەمزینی و داماد ئەحمەد ذوکەفەل پاشا)ەوە هاتە کایەوە، جگە لە ڕووناکبیر و کەسایەتیە ناسراوەکانی وەك: خەلیل ڕامی بەدرخان، کامەران بەدرخان، فوئاد پاشا، حیکمەت بابان، حسین وشوکری و فوئاد مەحمود و عەلی لە بابانیەکان، سەید عەبدوڵلا وڕەمزی بەگی خەرپوتی، ئەکرەم جەمیل پاشا، نەجم الدین حسین، مەمدوح سەلیم، حەسەن حامید، فەریدو دکتۆر شوکری مەحمەد، حەسەن عەونی نوێنەری خەربووتی پێشوو، مەحمەد ناوێك کە نوێنەری پێشووی شاری مەلاتیە بووە، ئەمین زەکی، میر ئالآ خەلیل بەگی دەرسیمی، مەحمود نەدیم پاشا، فەریق مستەفا پاشای سلێمانی، فەریقی حەمدی پاشا، قائمقام مەحمەد ئەمین بەگی سلێمانی، سەید عەلی شیرۆڵی و سەید شەفیق ئەفەندی خێزانی و کەسانی تر، (بلە ج شیرکو، القضیة الکردیة)ص٥٢-٥٣ لە هەمان ساڵو هەر لەگەڵ دامەزرانی(کۆمەڵەی تەعالی کوردستان)یشدا، کۆمەڵەیەکی تری وێژەیی دامەزرا بەناوی(کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی مەعاریفی کورد)و یەکێ لە هەنگاوە گرنگەکانی ئەم ڕێکخراو و کۆمەڵە کوردییەش ئەوەبوو، قوتابخانەیەکی بەزمانی کوردی و لە(جنبرلی تاش)کردەوە بۆ فێرکردنی منالی ئەو ماڵە کوردانەی کەلەوکاتەدا لە شاری ئەستانە(ئەستەمبووڵ) بوون. بەلآم هەرکە دەسەلآت کەوتەدەس تورکە(اتحاد)یەکانەوە لە فەرمانڕەوایەتی دەوڵەتی عوسمانیداو لە

ژێرپەردەی دەستوور و دیموکراتیدا هەردوو کۆمەڵەکەیان داخست و بەشێوازێکی دیکتاتۆریانە و دوورلە هەموو نەریتێك قوتابخانە کوردی یەکەیان هەڵوەشاندەوە، بەڵام کۆمەڵەی تەعالی بەوەکۆڵینەدا بەڵکوپەنای بردەوەبەرکارکردنی نهێنی و دوابەدوای ئەوە لە ساڵی١٩١٠دا کۆمەڵەی(هێڤی کورد) لەلایەن کۆمەڵێك لە خوێندکارانی کوردی ئەوکاتەوە کە لەشاری ئەستانەبوون بە هاندان و پاڵپشتی کردنی خەلیل خەیاڵی مۆتەکی پێکیان هێنا هەرلەدوای دامەزراندنی ئەم کۆمەڵەو ڕێکخراوانەشەوە کە لە ئەستانە(ئەستەمبووڵ)ی پایتەختی دەوڵەتی عوسمانی هاتنەکایەوە کۆمەڵێك ڕێکخراو و کۆمەڵە و پارتی سیاسی کورد لە ناوچەجۆر بەجۆرەکانی کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا هەریەکەیان بۆ مەبەستێك و وەك داکۆکی کردنێك لە مافەکانی کورد لەو کاتە بەدواوە کەوتنە چالاکی بەردەوامەوە، هەریەکەشیان بەپێی ئەو دەرامەت و دەرفەتەی بۆی ڕەخسابوو بڵاوکراوە و گۆڤار و زمانحاڵی خۆیان هەبوو سەرەڕای کردنەوەی لق و بارەگای تایبەت بەخۆیان لە زۆر ئەو ناوچانەی ئەوکاتەی دەوڵەتی عوسمانیدا ئەوەش چ بە شێوازی نهێنی بێت یان بە ئاشکرا بەتایبەتی لە شارە دیارەکانی وەك: (دیاربەکر، موسڵ، هەولێر، سلێمانی، کەرکوك وبەغدای) پایتەخت و شوێنانی تریشەوە تەنانەت بەزۆری ئەندامان و باڵەکانی ئەم کۆمەڵە و ڕێکخراوانەش بوون کە لەتەشرینی یەکەمی (١٩٢٧)دا و لە هاوینە هەواری(بحمدون)ی لوبنان بزوتنەوەی(خۆیبوون)یان دامەزران و هەموویان لە ڕیکخراوێکی سیاسیدا کۆبوونەوە کۆمەڵەی تەعالی کوردستانیش پاش دامەزرانی، پەیڕەوە ناوخۆییەکەی کە لە(٣٤) ماددەی جۆربەجۆر پێك هاتبوو لە ٦ی تشرینی دووەمی ساڵی١٣٣٣کۆچی کە هاوکاتە لە ساڵی١٩١٥ی زایینیدا بە زمانی تورکی بڵاوکردەوە وەك دەشبینی بەپێی

بڕگەی(٣٢)پەیڕەوی ناخۆکەی نووسیویە:(ئەم کۆمەڵەیە پێک هاتووە لەسەربناغەی یەکبوون و سەرکەوتنی گەل، لەسەر بناغەی بایەخدان بە دابی نەتەوایەتی و پەروەردەی ئیسلامی و ژیاری‌و ڕێزگرتن لە نەتەوایەتی لە نێوکوردانداو دریژەدان بە خۆشەویستی و یەکێتی لە نێوانیاندا هەموو ئەندامێکیش لە ئەندامانی کۆمەڵە ئەبێ پابەندبن بەم بنەمایانەوە) وەك لە درێژەی بڕگەکانی تری پەیڕەوی ناو خۆی کۆمەڵەکە ڕوون کراوەتەوە.[16]

---

[16] لە گۆڤاری(ئاران)ی، ژمارە(١٢)ی، کانوونی یەکەمی ١٩٩٩ادا، بڵاوکراوەتەوە.

باسی نۆزدەیەم

شۆڕشی ئۆکتۆبەر و
هێزەکانی سوپای ڕووس لە قەڵای شیروانەدا

پێش بەرپابوون و هەڵایسانی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ساڵە ١٩١٧ ڕووسیای تزاری(قیصری) تەوەرێك بوو لە وڵاتانی هاوپەیمان. دژ بە وڵاتانی ناوەند(وسط) لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی(١٩١٤-١٩١٨)دا بەڵام کاتێ شۆرش بەرپابوو ڕابەرانی شۆڕشی نوێی ڕووسیا بە تایبەتی(لینین) یەکێکبوو لەوانەی کە یەکەم هەنگاوی ئەوەبوو وڵاتەکەی لە کارەسات و ڕیزەکانی جەنگ بکێشێتەوە و، خۆی بۆ پاراستنی شۆرش و هێورکردنەوەی شۆڕشی ناوخۆی وڵاتەکەی تەرخان بکا هەر لەوکاتەوە و لە سەرداوای سەرانی سوپاکەیان سەربازێکی ڕووسی وەك عەمید شوکری مەحمەد ئەدیم ئەڵێ: لەبەرەی جەنگی عێراق و کوردستان لە ناوچەی بنکورەوە لە ٢ی حوزەیرانی ساڵی(١٩١٧)ەوە لە ئاوی سیروان دەپەڕێتەوە بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەو هێزانەی تورك کە لەوکاتەدا لە(قەڵای شێروانە)ی ناوچەی گەرمیان دابوون ئەوەیان پێ ڕادەگەیەنێ کەوا هێزەکانی ڕووس ئاگادارکراونەتەوە کە ئاگری جەنگ بوەستێت بەو شێوەیەهێزەکانیان بە سەرۆکایەتی جەنەراڵ

باولۆف هەموو ناوچەکانی(دیالی) یان بەجێ هێشت(الندیم، الجیش الروسیی،ص٧٩) بەڵام هێزەکانی تریان لە ناوچەی سلێمانی و ڕەواندز وەکو خۆیانمانەوە. لە پاش جەنەراڵ باولۆف یەکێکی تری هاتە شوێن بە ناوی جەنەراڵ باراتوفەوە کە سەرکردەی ئەو هێزە ڕووسیانە بوو کە لە ٣ی حوزیرانی١٩١٦دا پەلاماری شاری(خانەقی)یاندا بەمەبەستی داگیرکردنی لەم کاتەدا هێزەکانی رشووسی خۆیان دەدا لە نزیکەی٢٠٠٠٠هەزار سەرباز سەرەڕای ژمارەیەکی زۆرچەکی هەمەجۆر و(٢٠)تۆپی دورهاوێژ و بەزۆری لە ناوچەی خانەقی و قەسری شیرین و قزرەباتا جێگیرکرابوون لەمانگی نیسانی ١٩١٧دا هێزەکانی تورکی بە تایبەتی فەیلەقی (١٣)سیازدەیەمی لای ڕۆژهەڵاتی ڕووباری سیروانیان چۆڵکردو، هێزەکانی ڕووسی کەوتنە جموجوڵ و خۆکۆکردنەوە لە شەوی ٧و٨ی مایسی١٩١٧ بەدوولیوای سوارەوە لە ئاوی سیروان پەڕینەوە یەکەمیان لە ژووروی ناوچەی مەیدانەوە بەرەو(باوەنور) و دووەمیان لە شاخی(مرواری)یەوە بەرەو(قەڵای شێروانە) و لە ٩ی مایسی١٩١٧دا داگیریان کرد بەکەش هێزەکانی ڕووس داوایان لە جەنەراڵی بەریتانی(مۆد)کرد کە تائەوکاتەش هاوپەیمانی یەکتربوون لە جەنگدا یارمەتیان بدا بۆ ئەوەی پەلامارنەدرێن لەلایەن هێزەکانی تورکەوە لە ناوچەی(دەلی عەباس) و(عزێم)ەوە بتوانن خۆیان بگەیەننە هەرێمی کفری، کەچی جەنەراڵ مۆدی بەریتانی ئەمەی نەکردو هێزەکانی تورکیش بە سەرکردایەتی عەلی ئەحسان پاشا توانیان بە هێزێکەوە کە پێك هاتبوو لە لیوایەك پەلاماری هێزەکانی ڕووسبدەن بەتایبەتی ئەوانەیان کە لەبەری(مەیدان)ەوە پەڕیبوونەوە و، لەناوچەی(سەید خەلیل)یشدا بنکەیەکی تری بەرگریان دژی هێزی ڕووسی دامەزران بە(٦) فەوج و بەیارمەتی(٣) بەتەریەوە پەلاماری ئەو ڕووسانەیاندا کە لە قەڵای

شێروانەدابوون ئەمەش لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری سیروان و وڵاتی ئێران دیاردەیەكی واش ئەوە دەسەلمێنێ كەجۆرە لاوازییەك لە هاوكاری و پشتگیری هەردوو سوپای ڕووسی و بەریتانیدا بە تەواوی دەركەوتوە و بەریتانیەكانیش زانیویانە كەڕووس لە هاوپەیمانی و بەرەی جەنگ دەكشێتەوە هەر بۆیەش لە زۆرلایەنەوە بەتەنگی یەكترەوە نەچوون دژ بە دەوڵەتی عوسمانی سوپای تورك هەرچەندە سەرانی ڕووسی بارەگای سوپای بەریتانیەكانیان ئاگادارکردەوە لەوەی كە ئەوان ئەیانەوێ(١٦)سریەی سوارە و(٥)فەوج و(٦)گوللە تۆپ بەجێ بێڵن لە ناوچەی قەسری شیرین و خانەقی و ئەو هێزانەی تریشیان دەكشێنەوە بۆ(هارون ئاباد) لەبەر ئەوەی نەیانتوانیوە لە ڕووی خۆراك و ئازوقەوە سوپاكەیان بەڕێوەببەن و لە هامان كاتا لەلایەن خێڵە كوردەكانەوە بەتەواوی تەنگیان پێهەڵچنرابوو لە١١ی مایسی١٩١٧ەوە جەنەراڵ باولۆڤ فەرمانیدا بەوەی كە هێزەكانی لە ڕێگای كرماشان-هەمەدانەوە بكشێنەوە و، بەوەش هیچ هێزێكی ئەوتۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ڕووباری سیرواندا نەما تەنها ژمارەیەكی كەمیان نەبێ كەلە ناوچەی شارەبان و چیاكانی(حەمرین) دامانەوە ئەوانەش پشتیان بە هێزەكانی بەریتانیای هاوپەیمانی خۆیان دەبەست. بۆ ئەوەی لە ڕووی خۆراك و یارمەتییەوە كۆمەك دەسگرۆیی بكرێن ژمارەشیان خۆی دەدا لە نزیكەی١٠٠٠هەزار سەرباز و، سەرهەنگ(بیچاراكۆڤ) ڕابەرایەتی دەكردن. ئەم هێزانە لەگەڵ هێزەكانی بەریتانیادا مانەوە تا ساڵی١٩١٨ و، زۆرجاریش لەگەڵ سوپای توركدا بەجەنگ دەهاتن یەكێ لەوانەش كەشان بەشانی سوپای بەریتانیا دژ بەتوركەكان كرد بێتیان شەڕی(قەرەتەپە)ی ٣-٤ی كانوونی یەكەمی١٩١٧بوو پاشماوەكانی ئەم هێزانەش لە دواییدا گەڕایەوە بۆدیوی ئێران و شاری كرماشان لە سەرەتای كانوونی دووەمی١٩١٨دا دوا

سەربازی ڕووسی خاکی عێراق و کوردستانی باشووریان بەجێ هێشت و بەیەکجارەکی خۆیان لە ڕیزی هاوپەیمانەکان لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا کشانەوە.[١٧]

[١٧] ئەم باسە لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)، ژمارە(١٢٥٥)ی٥/٤/١٩٩٦ڕۆژی هەینی بڵاوکراوەتەوە.

[١٨] ئەم نووسینە لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) ژمارە (٨٨٤)، سێشەممە ١٩٩٥/١/١٠ بڵاوکراوەتەوە.

باسی بیستەم

زانای کورد تۆفیق وەهبی لە بەڵگەنامەیەکی سەربازی عێراقیدا[١٨]

پێم وابێ، ئاشکراکردن و دۆزینەوەی هەر بە لگەنامەیەکی بڵاونەکراوە سەبارەت بە کورد و، گەورە پیاوانی سیاسی و ناوداری کورد سوود و بایەخێکی ئێجگار گەورەی دەبێ بۆ سەرباری گەشەکردن و ڕووناکبیریی کوردی، بە هەموو بەشەکانییەوە بەڵگەنامەیەکی لەم بابەتەش کەمن لێرەدا دەیخەمە ڕوو ڕەنگە وەك ناوەڕۆك شتێکی وامان نەداتەدەستەوە و هیچ لایەنێکی نەوتۆمان بۆ یەکلایی نەکاتەوە. بەڵام وەك بەڵگەنامەو لەوسەربەندەدا ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە زانایان و گەورە پیاوانی ڕووناکبیر وسیاسی کورد ڕۆڵ و شوێنێکی تایبەتیان هەبووە لە مێژووی هاوچەرخی عێراق بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتیو، بەشداربوونیان لە بەرەوپێش بردنی ڕەوڕەوەی دەسەڵات و حوکمڕانیەت لەم وڵاتەدا جا سەبارەت بە بیریار و زانایەکی وەك تۆفیق وەهبی(١٨٩٢-١٩٨٤)هەر چەندە لێرەدا پێویست بەوە ناکا کەبڵێم: ئەم گەورە پیاوەی کورد کێ بوە و کارەکانی کامەن لە بواری

---

[١٨] ئەم نووسینە لە ڕۆژنامەی(کوردستانی نوێ) ژمارە(٨٨٤)، سێ شەممە ١٩٩٥/١/١٠ بڵاوکراوەتەوە.

کوردایەتی و ڕووناکبیری کوردیدا چونکە بەزۆری هەموو سیاسەت مەدارو ڕووناکبیران دەزانن کە ئەو مرۆڤە مەزنە چ خزمەتێکی بە وولات و میللەتەکەی خۆی کردوە و، چۆن شەوو ڕۆژی داوەتە دەمی یەکتر بۆ ئەوەی خزمەت بە باری ڕووناکبیری نەتەوەکەی بکا هەر لە کاروباری ئیداری، سیاسی، سوپایی، دیبلۆماسیەت، زمانەوانی سەرەڕای مێژووکاری ڕۆژنامەنووسی...یانی دەرگا نەبووە کە کلیلی دەستی ئەم پیاوە نەیکردبێتەوە و ناواخنەکەی تاووتوێ نەکردبێ بۆ ئەمەش من بە ئەوپەڕی ڕاشکاویەوە دەڵێم: کە مێژوو و ڕووناکبیران هەربە خۆیان ئەوگەواهەی بۆدەدەن و پەنجەی شەهادەتی بۆ دەخەنە سەرخاڵی مەبەست هەر لەو ساڵانەشدا کە خوێندکاری بەشی مێژووی کۆلێژی ئەدەبیات بووم بەردەوام ئەوکتێبخانانەم دەپشکنی کە کتێبی کۆن و گۆڤار و نووسراوی دانسقەیان تیابوو یەکێك لەو کتێبخانانەش کە زیاتر لەم لایەنەوە دەوڵەمەند بوو کتێبخانەی (نتول) بوو لە(باب المعظم) نزیك بە کۆلێژی ئاداب ئەوی ڕاستی بێ تابڵێی شتی دەگمەنی تیابوو هەر لە ڕۆژنامەی کۆن، گۆڤار و کتێب و... بۆ یەکێك خولق و تاقەتی ئەوەی هەبوایە بەدوای بابەتی بەکەڵکدا بگەڕێ ئەوەبوو ڕۆژێك هەر لە کتێبخانەکەدا گەلێك گۆڤار بە زمانی فارسی و کتێبی جۆربەجۆری کۆنم بەر چاوکەوت زۆریان لەلاپەڕەی یەکەمیانداولای سەرەوەیاندا بە ناووئیمزای(ئاسیا تۆفیق وەهبی)ەوە لە سەریان نووسراوە کەدوایش لە بارەی ئەم(ئاسیا)یەوە پرسیارم کرد بۆم دەرکەوت کە ئەمە خێزانی تۆفیق وەهبی بەگبووە. بەڵام لە ڕاستیدا من وای بۆدەچووم کەکچی بووبێ؟ لەبەرئەوەی بابەتەکان نرخیان گەلێك گران بوو منیش قوتابی بووم و توانای کڕینیانم نەبوو، تەنها ئەوە نەبێ هەندێکم لێ تاوتوێ کردن و لە دووتوێیەکێ لەو گۆڤارانەدا ئەم بەڵگەنامە سەربازیەم(عسکری)م

بەرچاوکەوت و، ئەمیانم لای خۆم گل دایەوە چونکە زانیم ئەمەیان بایەخدارترو بەکەڵك ترە لای خواریشەوە واتۆمارکراوە مێژووی دەرچوون و بڵاوکردنەوەی دەگەڕێتەوە بۆ(١٩٥٢/١/٢) و ناوی هەردوو گەورەپیاوی سەربازی و سیاسی کورد(تۆفیق وەهبی بەگ) و (نورالدین محمود)ئەمەی دواییان کە دەڵێن بەڕەگەز کوردبووە بەسەرەوە بوو لەگەڵ ناو و نیمزای هەردووگەورەپیاوی شۆرشگێڕوناسراوی عێراق(عبد الوحد حاج سکر) کەیەکێك بوە لە ڕێبەرانی شۆرشی٣٠حوزەیرانی ساڵی١٩٢٠ لە عێراقدا لەگەڵ ناوی(حسین مکی خماس) ئەو زانا گەورەیەی کە لەودەمانەداو پێش ئەوەش ماڵی لە بەغدا بووە و لە ئیش و کاری دەوڵەتدا وەك زۆرکەسایەتی تری کورد کاربەدەس بووە و تەنانەت شوێنی ماڵەکەشی کەوتۆتەلای دەسەچەپی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغداوە و، لەم ماوەیشدا بەشی ڕاگەیاندن(الأعلام)ی هەمان کۆلێژ لەم کۆشکەدا، دەوامیان ئەکرد کە پێشتر ماڵی تۆفیق وەهبی بووە. لەسەردەرگای دەرەوەی ئەم بەشەو ماڵەکەی مامۆستا وەهبی کۆندا بە پارچە ئاسنی هەڵکۆڵراو بە پیت و نووسراوی ئینگلیزی لێی نووسرابووTW١٩٤٢ واتە (تۆفیق وەهبی١٩٤٢) ئەم تۆمارە مێژووییەش ئەوەمان بۆ دەسەڵمێنی کە ئەم خانوەی مامۆستای کۆچکردوو لە ساڵی١٩٤٢دا دروست کرابێ یان ئەودەرگایە لە ساڵی ناوبراودا بۆ ئەوخانوە دروست کرابێ.

ئەمەش بۆ خۆی بەتەواوی مەیلی هەموو کورد و کەسێکی ڕووناکبیری تازەدەکردەوە ئەو زانا گەورەیەی کوردی دەهێنایەوە یاد کەچەندین ساڵ لەوێدا ژیانی بەسەر بردبێ و، چەندین یادگار و سەربردەی لەم دەوروبەرەدا هەبووە لێرەداو بۆ سودی گشتی وبۆ مێژوودەقی ئەو بەڵگەنامەیە بڵاودەکەمەوە و دەیخەمە بەردەستی هەموو خوێنەر و

ڕووناکبیرێك كە دڵنیام لە تایبەتمەندی و سودی خۆی بەدەرنییە هەر چەندە حەزیشم دەکرد بەڵگەنامەکەی بەفۆتۆکراوی لەگەڵدا بوایە. بەلام لەبەرئەوەی نووسینەکەی زۆرکاڵ بۆتەوە و لە(فۆتۆکردن)دا دەرنەچوو بۆیە تەنها دەقەکەیم وەکو خۆی نووسیەوە کە بەزمانی عەرەبی بوو لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە.

دەقی بەڵگەنامەکە بە زمانی عەرەبی:

لجنة الأمور العسكرية

العدد: ع/٣٨

التأريخ: ١٩٥٥/١/٢

فخامة الرئيس مجلس الآعيان المحترم

الموضوع: لائحة قانون تعديل قانون خدمه الأحتياط في الجيش الرقم٥٨لسنة١٩٢٨ رقم() لسنة١٩٥٤

اجتمعت اللجنه في الساعة الحاديةعشر من صباح يوم الأحد المصادف ١٩٥٥/١/٢ في لائحة قانون تعديل قانون خدمه الأحتياط في الجيش رقم٥٨لسنة١٩٢٨ رقم() لسنة١٩٥٤ المحال اليها من مقام الرئاسة مع كتاب مجلس النواب المرقم٢٥٠ والمؤرخ ١٩٥٤/١٢/٢٧ او لدى المذاكرة حولها قررت قبولها و توصية المجلس العالي بالموافقة عليها كما جاءت في مجلس النواب...

عبد الواحد حاج سكر — عضو

توفيق وهبى — عضو

حسين مكى خماس — عضو

نور الدين محمود

رئيس اللجنه

باسی بیست ویەك

مێژوو لە نێوان حەقیقەتی مێژوو و بۆچوونەکانی فازیل کەریمدا

بەپێی ئەو شارەزاییە کەمەی لە بواری مێژوودا هەمە بە تەواوی ئەوەم لاڕوون بۆتەوە کەکاری مێژوونووس و لێك دانەوە و تەتەڵەکردنی لێکۆڵینەوەی مێژوویی هەرزۆرگران و دژوارە بۆیەکێ بیەوێ لەم بوارەدا خۆی قاڵ بکاو، بە ئەمانەتێکی پاکەوە، هەموولایەنەکانی بە جۆرێك لێك بداتەوە کە ڕاستگۆیی، دڵسۆزی و گیانی مەوزوعیەت بە تەواوی و، ڕاشکاویەوە لە نووسینەکانیدا ڕەنگبداتەوە، بە جۆرێکی وا کاتێ خوێنەرێ یا تۆژەرێکی زانستی موتالای لەسەر دەکاو بە ناخی لاپەڕەکانیدا دەچێ بگاتە ئەو قەناعەت و بۆچوونەی وا بزانێ بابەتێ دەخوێنێتەوە یا لێکیدەداتەوە، وای لێ بکا، لە ئەنجاما بگاتە سەرچاوە و ڕێڕەوێکی وا کۆمەڵێ زانیاری و بابەتی بایەخداری لاگەڵالەببێ لێرەشدا نامەوێ درێژە بدەم و ئەمەوێ بچمە سەر ئەسڵی مەبەست، ئەویش ئەوە بەوماوەیەیپێش ئێستا زانیبووم نووسینێکی برای ڕووناکبیر فازیل کەریم لە وڵاتی ئەڵمانیاوە گەیشتۆتە ڕۆژنامەی(کوردستانی نوێ)ی ئازیز ئەوەشم زانیووکە

نووسینەکەی کاك فازیل لە بارەی کتێبە بایەخدار و ناوازەکەی زانای گەورە و مامۆستام دکتۆر کەمال مەزهەرە. بەڕاستی چاوەڕوانی ئەوەم دەکرد کە کاك فازیل بەگیانێکی مەوزوعیانەو بە تەتەڵەکردنێی بایەخدا رەوە لاپەڕەکانی(مێژوو)لێك بداتەوە و تاوتوێیان بکا هەرچەندە کاك فازیل بە نووسینەکەی گەلێ بۆ چوونی خستۆتە بەرچاو و مایەی دڵسۆزی و دڵ خۆشکردنە و هەنگاوێکی گەرم وگوڕ ئەداتە باری ڕووناکبیریی کوردیمان بەڵام لەهەمانکاتا من وای بۆ ئەچم گەلێ بۆچوونی وای تێدایە کە نەدەبوو کاك فازیل بەوجۆرە باسی زانای گەورە دکتۆر کەمال و نووسینەکانی دکتۆری بکردایە. بەڕاستی لە شوێنیوادا، قسەی وای تۆمار کردوە ئینسان کە دەیانخوێنێتەوە، شەرم دەیانگرێ بە تایبەتی لەسەر کە سایەتی و زانا و پرۆفیسۆرێکی گەورەی وەك دکتۆر. هەرچەندە دەیان و سەدان نووسینی وای لە بارەوە بنووسرێن بڕوا ناکەم بە قەد تۆزقاڵێك لەکەسایەتی دکتۆر کەمال و نووسینە بایەخدارو گرنگەکانی کەم بکەنەوە و بتوانن لە ئاستی زانستی و مەوزوعیانەی ئەوی بکەن دکتۆر کەمال کەساڵانە دەیان بڕوانامەی زانستی دکتۆرا و ماستەر لە زانکۆبەرزەکانی عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە بواری مێژووی نوێ و هاوچەرخدا موناقەشە ئەکا و تا ئێستا سەدان وتار و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی گەورە و بەکەڵکی بڵاوکردۆتەوە بگرە دەیان کتێبی بەدەسنوسی ماونەتەوە و، تا ئێستاش ڕووناکیان نەدیوە سەرەڕای ئەو هەموو شەونخونی و خۆماندو کردنەی لە بواری خزمەت کردن بەمیللەتی کورد و بەمرۆڤایەتی بەجۆرێ ئینسان ناتوانێ چۆن تەعبیر بکاو چۆن بیان نرخێنی کاتێ ئەم قسانەش دەکەم، مەبەستم ئەوە نییە کە بڵێم: لە نزیکەوە دکتۆر کەمالم ناسیوە و یا لێرەدا دیفاعی لێ ئەکەم بەڵکو هەموو نووسین و هەڵوێست و لێ بووردویی ئەو کەڵە پیاوەی

مێژوو خۆی ئەکەمە شایەت و هەموو ئەو کەسانەش ئەکەمە سەر پشك کە بەویژدان و گیانی زانستییەوە ئەڕواننە دکتۆر کەمال و یان لەنزیکەوە دەیناسن،دکتۆر کەماڵ بە قەد خۆشەویستی هەموو خۆشەویستیەك هەموو ئینسانێکی ڕووناکبیری خۆش ئەوێ و کاتێ کەسێ ڕووی تێدەکات بەرزەپێ لەبەری هەڵئەستێ و وەك پێویست ڕێزی لێ ئەگرێ و گوێی لێ ئەگرێ و، کتێبی پێشکەش ئەکا، یانی ئەوەی لەوزە و توانای ئەودابێ و بەوبکرێ بۆی جێبەجێ ئەکا. سەرەڕای ئەوەش کە زۆربەی نا ڕووناکبیری کورد ڕەقە بەرایەتی ئەکەن و، حەسادەتی پێ ئەبەن. تەنانەت جاری وا هەبووە ئەوەندە نەیانتوانیوە لە نرخی نووسین و کەسایەتی کەم بکەنەوە بۆ نموونە زۆڵە کوردی واهەبوون:(پەنایان بردۆتەبەر دەمانچە هەڵکێشان) لە پیاوێکی وا؟! لە حاڵێکدا تاوەکو کوردمابێ و بەئەوپەڕی قەناعەتەوە ئەم قسەیەم دەکەم ڕەنگە قەت دکتۆر کەمالێکی تری وای تیا هەڵ نەکەوێ. دیارە ئەم بۆ چوونەشم لەوەوە سەرچاوە ناگرێ کە خوانە خواستە بڵێم: کەس ناتوانێ ڕچەیەکی وابشکێنێ و بگاتە ئاست و پلەیەکی لەوبابەتە، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە زانایەکی وەك دکتۆر کەمال گەیشتۆتە ئاست و سەدایەکی وای لە ناو باری ڕووناکبیری مرۆڤایەتی داچاندوە، پێویستە هەموو کەسێك بەڕوحیەتێکی پاکەوە شانازی پێوەبکا و، بۆچوون و سەرنجەکانی لە بواروکاری زانستیدا تاووتوێ بکا. چونکە بەڕاستی من قەت بەجوانی نازانم بۆ یەکێکی وەك کاك فازیل بێ بەڵگە بڵێ د.کەمال لە کتێبی مێژوو و بەرهەمەکانی تریشی ئەم لاوازیە تیوریە بەزەقی دەردەخات. ئیدی لەسەر هەر باسێکی نووسیبێت دەتوانرێ بە ئاسانی چەندین کەموکوڕی لێوە دەسنیشان بکرێت. ئەگەر هەر کەسێ بیەوێ ڕەخنە لەسەرجەمی نووسینەکانی بگرێ دەبێ ئەوەندەی بەرهەمەکانی

کتێب بنوسێ تاهەڵەو کەم و کوڕیەکانی دەسنیشان دەکرێت) من نازانم کاك فازیل لە پای چی ودوای کام ئەزموون، ئەوخەتە ڕاست و چەپە ئەداتە سەردکتۆر کەمال‌و بەوجۆرە مامەڵە لەگەڵ باری ڕووناکبیری و ڕووناکبیری کوردیدا دەکا لە کاتێکدا دکتۆر کەمال خۆی لە کۆتایی کتێبەکەیدا ئەوەی بۆ هەموو خوێنەر و ڕووناکبیران ڕوون کردۆتەوە و وتویەتی:(هیوادارم لە هیچ کامێك لە لایەنەکانی مێژوودا هەڵەیەیا کەمتەرخەمییەکی ئەوتۆم بەسەرداتێنەپەڕیبێ ئەوی لەوێزە و توانامدابوو کردم و ویستم بەرهەمێکی بەکەڵك و بایەخ پێشکەش نەوەی ئیمڕۆ و هیوای دوا ڕۆژمان بکەم و دیسان پەنادەبەمەوە بەرباوکی گەورەی مێژوونووسی کوردی شەرەفخانی بەدلیسی و لە زمان ئەوی پایەبڵندەوە منیش دەڵێم:(لەزانایانی پیاو چاك و دڵپاك و بەوەج دەپاڕێمەوە زۆر بەوردی لە نووسینەکەم وردببنەوە و ئەگەر پەشێویەکیان بەر چاو کەوت بەشێوەیەکی مەردانە بەراوردی بکەن خۆ ئەگەر هەڵەو لەبیرچوونێکم لەسەر دەدۆزنەوە هەر بە گاڵتەپێ کردن و تیزوتەشەر لێم نەقۆزنەوە، پیاوەتیم لەگەڵ بکەن و بەپارچەیەکی چاکتر و بە بزگوڕێکی تازەتر و پاکتربۆم پینەبکەن مێژوو، ل٢٦٠" بەپێی ئەمەش دکتۆر کەمال قەت نەیوتوە من بە هەڵەدا نەچووم و یان هەرشتێ من نوسیبێتم ئیدی هەر هەموویان سەد لەسەد ڕاستن، بەڵام ناشبێ ئینسان بەبۆچوونێکی وا لە کەسێکی‌وا و لە نووسینی کە سێکی وا بڕوانێ ئەوەتا هەر لە سەرەتای نووسینەکەیەوە کاك فازیل نووسیویە:(شتێکی سەرەتایی‌یە کە قوتابی بۆ نووسینی هەر بابەتێك دەبێ بزانێ پێش نووسین دەبێ"کۆنسێپت Konsept"ی دانابێ واتە پێش نووسین دەبێ پلانێکی ورد بۆ خۆی دانێ کەبەتەمایە چی بکات" منیش لەگەڵ ئەو ڕایەدام بەڵام ئەمەیان نەك بۆ هەمووکەسێ: بەڵکومەسەلەی پلان دانان بۆ

كاری نووسین زیاتر بۆ ئەوانەیە كە كەم ئەزموون و كەم تەجروبەن و تازە خەریكی لێكۆڵینەوە و تاوتوێ كردنی نووسینن جاخۆ كاكە كەسێكی وەك دكتۆر بۆ هەموو ئەو پلان و(كۆنسێپت) ئانەی كە جەنابتان باسی لێوەدەكەن مەعقول نییە تا ئێستاو دوای ئەو هەموو ئەزموونەی زانست و نووسین هەر هەمووی لە مێشكی خۆیدا هەزم نەكربێ و، پەنایان پێ نەبا وەك و توتانە:(داخەكەم د.كەمال مەزهەر هەر چەند خاوەن دكتۆرا و ناو كە من هێشتا هەر سەر دەرناكەم لە بڕوانامەكەی ئەو كە لە زانیاریدا وەریگرتووە بەڵام زۆرجار نە پێشنووس "Konsept"ی لە بەرچاو گرتووە و نەوردی پیشانداو لە دارشتن و دەربڕیندا) چونكە دكتۆر كەماڵێك وەكو پێشتر وتم: ساڵانە دەیان قوتابی دكتۆرا و ماستەری هەبێ و بەزۆری هەر خۆشی ئەندام یا سەرپەرشتیاربێ لە موناقەشەكردنی بڕوانامەكانیاندا ئیدی ئەگەر ئەوێ تا ئێستا لەوانەی جەنابتان نەگەیشتبێ و پایەی پێ نەبردبن چۆن ئەو هەموو ئەرك و كارانەی ڕۆژانەی خۆی یەكلایی دەكاتەوە، خۆ ئەگەر دەتەوێت زیاتر لەم شارەزایی‌و لێهاتوویەی دكتۆر بگەی فەرموو وەرەوە كوردستان و خۆت بەچاوی خۆت كارەكانی ببینە یان هەر لە ڕێگای نامەیەكەوە بۆ كۆلێژی ئەدەبیاتی-زانكۆی بەغدا- بەشی مێژوو بۆ بنێرە و من دڵنیام لەوەی دكتۆر كورتە(ملخص)ێكی كارەكانی خۆیت بۆ ڕوون دەكاتەوە یان خۆ بتەوێ من ئەتوانم زۆر لە پرۆژەكانی مامۆستات بۆ ڕوون بكەمەوە. بەداخەوە(لێرەدا ئەو بوارە كەمە و ڕەنگەزۆر بكێشێ) دوابەدوای ئەمانە كاك فازیل هاتوە ڕەخنەی ئەوە لە دكتۆر دەگرێ كە گوایە باسی كۆماری ڤایماری ساڵی ١٩١٩ی نەكردووە حەز ئەكەم تۆ ئێستا لە وڵاتی ئەڵمانی‌و ئەتوانی هەر لەوێوە پرسیارێك لە چۆنێتی دروست كردنی ئەو كۆمارە بچوكەی وڵاتی ئەڵمان و دوابەدوای جەنگی یەكەمی

جیهانی(١٩١٤-١١-١١/١١/١٩١٨) بگەی و بزانی بەچ جۆرێك دامەزراوە و هەر چەندە دڵنیاشم لەوەی کە هەر کۆماری ڤایمار بوو، بووبە بنەمایەك بۆ سەرلەنوێ دروست بوون وپێك هێنانەوەی دەوڵەتی ئەڵمانی و تەنها(مقاطعە) یەکی بچوکی گرتەوە کە ژمارەی دانیشتوانی لەو سەردەمەدا نەدەگەیشتە(٨٠٠٠٠)هەزارکەس سەرەڕای ئەمانەش کاك فازیل هاتوە ڕەخنەی لەوەدا لە دکتۆر کەمال گرتووە گوایە ئەو ناوی چەند کۆمەڵەو ڕێکخراوێکی کوردی تۆمارکردووە و بەهەڵە و بەبێ سەروبەر ڕێکیانی خستوە و تەنانەت ناوی هەندێکیانی بە هەڵە تۆمارکردووە وەك نووسیویە:(لەوەرگێڕانی نێوی ڕێکخراوەکان باشی نەپێکاوە (کورد قادینلری تعالی جمعیتی) ئابێ (بەکۆمەڵی بەرزی ئافرەتانی کورد) وەربگێڕدرێت (تعالی) واتای (پێشکەوتوو) دەگرێتەوە نەك بەرز (کۆمەڵی بەرز) لەمەشدا بەکاك فازیل دەڵێم: لەمەشیاندا هەرچەندە ئەو ناونیشانە ناونیشانێکی تورکیەو بەو زمانە تۆرمارکراوە بەڵام وشە یا زاراوەی (تعالی)یە کە بێ شك بنەماکەی لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراوەو لەبەرئەوەش زۆربەی زۆری زمانەکانی ڕۆژهەڵات تۆ بتەوێ و نەتەوێ یا بەهەڵەیان دابنێیو دانەنێی ئەوا کارتێکردنی زمانی عەرەبیان بەسەرەوەیەو ئەسڵی وشەکەش (تعالی) عەرەبی‌یەو لە بەرامبەر (بەرز)ی کوردیە یا ئەگەر واش نییە خۆزگە کاك فازیل وشە یا زاراوەیەکی تری بۆ دەستنیشان دەکردین کە بەزمانی تورکی واتای (بەرزی) بدایە بەدەستەوە بەتایبەتی زاراوەی کۆنی تورکی کە دەقاو دەق لەگەڵ ئەم وشە یا زاراوەیەدا بگونجێ.

پاشان کاك فازیل هاتووە لە بابەتەکەی خۆی لای داوەو چۆتە سەر کتێبێکی تری دکتۆر کەمال کە ئەویشیان کتێبی یاخود بڵێین نامیلکەی (ئافرەت لە مێژوودا) کەیەتی کەلە ساڵی ١٩٨١دا بڵاوی کردۆتەوە. گوایە

دکتۆر کەمال کەوتۆتە هەڵەیەکی زەقەوەو یەکەم ڕێکخراوی ئافرەتانی کوردستانی بەو پێیە تۆمارکردوە کەلە ساڵی ١٩٤٦ دامەزراوە. ئەوەشی لەبیرچۆتەوە کە پێشتر خۆی وتویەتی یەکەم ڕێکخراوی ئافرەتی کوردی لە ساڵی ١٩١٩دا دامەزراوە. جا نازانم کاك فازیل بۆ بەو دەرەجەیە لێکی دەداتەوە کە دکتۆر ئەو مەسەلەیەی لەبیرکردووە یا نەی زانیوە، چونکە زیاتر جەخت کردنی دکتۆر بۆ مەسەلەی دامەزرانی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستانی ساڵی ١٩٤٦ زیاتر پابەندە بەکۆماری مەهابادەوەو مەبەستی لە دامەزرانی ئەو کۆمەڵەیە لە مێژووی ئەو کۆمارەداو باسی مینا خانی هاوسەری قازی مەحمەدی نەمر (١٩٠١- ١٩٤٧)ی کردوە ئەمە لەلایەك لەلایەکی کەشەوە پێویستە کاك فازیل چاك لەوە بکەیشتایە نووسینی هەر مێژوونووسێك یا لێکۆڵەرێکی بواری مێژوو تەواوکەری یەکن‌و یا هەریەکەشیان لەبارەی کات‌و زەمەنێکی تایبەتەوە بێ وەکو جەنابتان دەڵێن دکتۆر خۆی پێشتر باسی ئەوەی کردوە کە یەکەم ڕێکخراوی ئافرەتان لە ساڵی ١٩١٩دا دامەزراوە. جا باشە تۆ بڵێی دکتۆر کەمال لەم قسەیەی خۆی یان لەم بۆچوونەی خۆی پەشیمان بووبێتەوە بۆیە وتویەتی: "مینا خانی هاوسەری قازی مەحمەدی نەمر لە ڕۆژگاری کۆماری مەهابادا جێگەی حەپسەخانی نەقیبی گرتبوو، وا دیارە خەریکی دامەزرانی یەکەم ڕێکخراوی ئافرەتان بووە" کەچی لەلایەکی کەشەوە کاك فازیل وەك نووسینەکانی دکتۆر کەمالی بەرچاو نەکەوتبێ هاتووە (اتهام)ی ئەوەی کردوەو، وتویەتی: "د. کەمال بەوردی شارەزای بزاڤی سیاسی ئەرمەنەکان نەبێت لەدوا چارەکی سەدەی ١٩، هەروەها نەشیتوانیوە بەوردی ستراتیجی زلهێزەکانی ئەو سەردەمەی دونیاو سەرجەمی پەیوەندی نێو نەتەوەیی بەرامبەر ئەرمەن بخاتە ڕوو". من لێرەدا هیچ وەڵامێکی وا بۆ کاك فازیل

ڕوون ناکەمەوە، تەنها ئەوە ئەڵێم: ئەگەر بهاتباو کاك فازیل چاوێکی بەکتێبە ناوازەکەی دکتۆر کەمالدا بگێڕایە واتە (کوردستان لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا- کردستان فی سنوات الحرب العالمیە- الأولی)داکە تا ئێستاو لە سەرەتای لە چاپدانییەوە چەند جارێکی تریش چاپکراوەتەوەو سەرچاوەیەکی هەرە گرنگی مێژووی هاوچەرخی کوردە، پێویستە لەسەر هەموو ڕووناکبیرێك هەر هیچ نەبێ جارێك ئەو کتێبە بخوێنێتەوە کە یەك بەشی (فصل)ی تەواوی لەبارەی کوردو ئەرمەنەوەیە. ڕەنگە کاك فازیل بەوە وەڵامی من بداتەوەو بڵێ: کاکە من مەبەستم: "دوا چارەکی سەدەی ۱۹"میەو ئەو قسانەی کە ئێوەومانان ئەیڵێن‌و ئەو کتێبەی ئێوە باسی لێوە دەکەن لە ساڵانی جەنگی یەکەم‌و ئەو سەرو بەندە ئەدوێ (!) بۆ ئەمەش ئەڵێم: هیچ ڕێیتێ ناچێ بۆ مێژوونووسێکی وەك دکتۆر کەمال و زانایەکی وەك ئەو کە چەندین ساڵ لەوڵاتی شورەوی بووبێ و بڕوانامەی بەرزی لەوێ وەرگرتبێ کاك فازیل واتەنی شارەزایی لە بارەی نەتەوەیەکەوە نەبێ کە زۆری لە چوارچێوەی ئەو وڵاتە ژیابن یان نووسین و ڕاوبۆچوونی لەسەر نەتەوە و گەلێك بڵاو بکاتەوە کە هیچ شارەزاییەکی مێژوویی دێرین و پێشووتری لەسەرنەبێ جگە لەوەش دکتۆر کەمال وەکو من پێی بزانم بایەخی بە ئەرمەنەکان و ڕووناکبیری ئەرمەن داوە و لەوانە لەدەسنووسێکی خۆیدا و بەزمانی عەرەبی کە ئێستا نوسخەیەکی(فۆتۆ) کراوی لای منە تیایدا ناوی زۆربەی نووسین و وتارو کتێب و لێکۆڵینەوەکانی خۆی تۆمارکردوە و لەوانەش نووسینی سەبارەت بە ئەرمەنی وەك:(ما تیندا متحف المخطوطات الآرمنیة-جوهرة الشرق الثقافیة) کە بەزمانی کوردی و لە گۆڤاری(بەیان) ی ساڵی(۱۹۷۵)دابڵاوی

كردۆتەوە سەرەڕای ئەوەش بابەتێكی تری لە هەمان بواردا و لە گۆڤاری كۆڕی زانیاری كورد- بەشی عەرەبییەكەیدا بە ناوی(الأكراد و المذابح الآرمنية)ی بڵاوكردۆتەوە ئەمەش بۆخۆی بەشێك لە كتێبی(كردستان في سنوات الحرب العالمية الأولى) دەگرێتەوە، لەلایەكی كەشەوە كاك فازیل هاتووە لەوەدا ڕەخنە لە دكتۆر كەمال دەگرێ ئەو ڕێچكەی مێژوو نووسە كلاسیكیەكانی گرتوە و وەك دەڵێ : "ئەو كە لێنەی لەسەرجەمی نوسینەكانی د. كەمال دەردەكەوێ ئەوەیە كە زۆرجار ملی ڕێگای مێژوو نووسەكلاسیكیەكانی گرتووە و هەوڵی داوە بزانێ(چی) ڕووی داوە و زانیاری و بەسەرهاتەكانی دەپاڵ خستوە" جا باشە كاك فازیل ڕچە گرتنێكی وا خۆتان واتەنی بۆ(كەلێن)بی‌تۆ بڵێی ئەمانە هەر هەموویان بەڵگەی بایەخدارو گەورەنەبن بۆ دەقیقی و وردبینی دكتۆر كەمال لە لێكدانەوە و تەتەڵەكردنی لێكۆڵینەوەی مێژوویدا چونكە دكتۆر كەمال خۆی قەناعەتی تەواوی بەمەسەلەی(نقد والتحليل) واتە ڕەخنەوشیكردنەوە هەیە لە بواری لێكۆڵینەوەی مێژوویی و تاوتوێ كردنی لایەنە گرنگەكانی كاری مێژوویدا تەنانەت جارێكیان لە ڕۆژنامەی(الثورە)ی بەغدادیەوە و لە چاوپێكەوتنێكیدا ئەوەی بۆ ڕۆژنامەنووسی عێراقی(حميد المطبعی) ڕوون كردبۆوە كە ئەو واتە دكتۆر كەمال بڕوای بە(نقد والتحليل) هەیە لە كاری مێژوویی و هەڵسەنگاندنی ئەو ڕووداو سەربردە مێژوویانەی كە دەچنە ناو منداڵدانی مێژووەوە هەروەك خۆشت و تووتە:(ئەم شێوازەش گرنگی خۆی و پێویستی خۆی هەیە و هەرلە زەمانی هیرۆدۆتەوە تا ڕۆژی ئەم ڕۆ پەیرەوی كراوە) ئیتر نازانم كاك فازیل ئەگەر خۆی قەناعەتی وای هەیە بۆی بۆیەكێكی وەك دكتۆر كەمال و لەنووسنەكانیدا

جەنابتان بە(کەلێنی) دابنێن، پاشان کاك فازیل لەسەرقسەکانی دەڕواو دەڵێ:(گەورەترین کەلێنیش کەلە شێوەی نووسینەکانیدا دەردەکەوێ و پشت بەستنە بەیەك تاقە تیۆری بۆ تێگەیشتنی مێژوو) منیش لەگەڵتام بەڵام دەقاو دەق(نەء) چونکە نەمن و نەتۆش ناتوانین بڵێین دکتۆر کەمال بێ ئاگایە لە تیۆریەکانی تری بۆیە هەر بڕوای بەو تیۆریانە هەیە کە زیاتر لای بلۆکی سۆشیالیستی جاران واتە یەکێتی سۆڤێت پە پڕەوی دەکرا کاکە لێرەدا زۆرمەبەستی تەواوی خۆتت نەپێکاوە چونکە هەر نووسەرێ هەموو ئەدیبێ و، هەموو مێژوونووسێ کەی و لە کۆی زیاتر لەزمتی ڕووناکبیری بینی ئەوا زیاتر لەگەڵ بارودۆخ و ڕەوشی ڕووناکبیری هەر چوار چێوەیەکی ڕووناکبیریدا تێکەڵ بوو سەیرنەکری بە تەواوی بەوتیۆرو بۆ چوونانە(متأثرە) کە تیایدا پێ گەیشتوە و، هەنگاوی ناوەو تیایدا گەشەی کردووە. پێم خۆشە بۆ ئەمەش من یەك نموونە بهێنمەوە کە لە جەنابتانەوە سەرچاوە ئەگرێ بۆ ئەوەی بە تەواوی هەردوکمان قەناعەت بکەین ئەویش ئەوەیە تۆ واتە(کاك فازیل) زیاتر هەرباسی ئەڵمانیاو دەسەڵاتی ئەڵمان و ڕووناکبیری ئەڵمانو ئەوان ئەکەی تەنانەت حەز ئەکەی زیاتر ئەو سەرچاوانەش بەکاربهێنی. زیاتر بەزمانی ئەڵمانی تۆمار کراون یانی ئەمەش ئەوە ئەسەلمێنێ کە جەنابتان جۆرە شارەزاییو لەزمتێکتان لە ڕووناکبیریو ئەو تیۆرانەوە وەرگرتووە کە زیاتر لە ڕۆژئاواوە سەرچاوەیان گرتووە. دەنا خۆ ئەگەر بێیتەوە لای منیشو باسی مێژوو لێکۆڵینەوەی مێژوویی بکەین. بەردەوام هەر باسی دکتۆر کەمالت بۆ ئەکەم، دیارە ئەمەش ئیسپاتی ئەوە دەکات من بەزۆری سوودم لە نووسینی دکتۆر کەمال و لەدەرسی دکتۆر کەمال وەرگرتووە. بۆیە بەو ڕووحیەتەوە قەرارم ئەگرت

و هەستام وەڵامێکی لەم بابەتەم بۆ ئێوە و بۆ ڕووناکبیرانی کورد نووسی هەرچەندە لەوانەشە لە هەندێ شوێندا سەرچیغ چووبێتم و زۆر حەقیقەتم بەتەواوی نەپێکابێ.

دواتر کاك فازیل بۆ جارێکی دی لە بابەتی مێژووی دکتۆر کەمال لای داوەو، هاتۆتە سەر کتێبێکی تری ناوازەی کە کتێبی (چینی کرێکاری عێراقە) وەکو من بزانم ولە دکتۆر کەمال خۆیشم بیستبێ ئەمە دووەم کتێبە کە لەسەر چینی کرێکاری عێراقی لەوڵاتی عێراقدا بڵاوکرابێتەوە و ، بە شێوازێکی بەرفراوان چ لەلایەن ڕۆژنامەکانی دەرەوەی عێراق و عێراق خۆشیەوە هەڵسەنگێنرابێ و بەرزیان نرخاندبێ. لەگەڵ ئەوەشدا دکتۆر کەمال بەگوێرەی دەرفەت و، بارودۆخی ئەو سەردەمەی کورد، تیشکی خستۆتە سەر چینی کرێکاری کورد. بەڵام خۆ ئێستا نەچووە بچێ و خۆ ناشبێ هەموو بابەتەکان هەر دکتۆر کەمال تەواویان بکا و لەسەریان بنوسێ. دەبا ئەمڕۆ ئێمە باسی ئەوە بکەین کە نووسینێك یا لایەنێك لە مێژووی کۆن‌و نوێ و هاوچەرخمان دەستی بۆ نەبراوە و یا بە نیوەو نیوەچڵی لەسەر نووسراوە و کەم و کوڕی تیایە با کەسانی تر ئەو ڕەوتە بگرن و ئەو پرۆژە تەواونەکراوانە تەواو بکەن. هیچ پێویستیش بەوە ناکا کەسمان تەبریری ئەوە بکەین. گوایە سەرچاوە نییە؟ یا حاڵی کورد خراپە؟ یا وەکو کاك فازیل ئەڵێ: دڵسۆزانی کورد هەریەکە و دیلی سەر نیشەکەی خۆیەتی؟... تاد. بۆ ئەمە قسەیەکی دکتۆر کەمالم دێتەوە یاد بەیانیەکیان ڕۆژنامەیەکی عێراقیم هەڵگرت لەخوێندنی ساڵی (١٩٨٩)دا و وابزانم (القادسية) بووە. بەرەو کۆلێژی ئاداب- زانکۆی بەغدا بوومەوە کاتێك کە لاپەڕەکانیم هەڵدایەوە سەیر ئەکەم ڕەخنەیەکی کورت لەسەر نووسینێکی دکتۆر کەمال بڵاوکراوەتەوە بەتایبەتی لەسەر بابەتی پێنجەم

لە کتێبی (دراسات في تأريخ ايران الحديث و المعاصر) بوو کە ناونیشانی (حقائق عن المؤسسة الدينية في ايران). کاتێ کە نووسینەکەم خوێندەوە و هەر ئەو ڕۆژە مامۆستا کەمالم لێ ئاگادار کردەوە پێی وتم: حەز ئەکەم ببینم کە ڕۆژنامەکەم دایە. خۆشی خوێندیەوە و یەکسەر وتی: خۆ کاکە من هەر هێندەم پێ کراوە و، ئەوەم لەباردا بووە کە نووسیومە و دەبا یەکێکی تر بێ ئەوەی من تەواوم نەکردووە و بەنیوە و نیوەچڵی لەسەرم نووسیوە با کاکی ڕەخنەگر بێ تەواوی بکا (مەبەستم ڕەخنەگری ناو ڕۆژنامە عێراقیەکەیە اب نووسەر). لێرەدا من وای دەبینم زیاتر بۆچوونەکانی کاک فازیل لەبارەی دکتۆر کەمال و نووسینەکانی دکتۆرەوە وەك جۆرە (حقد)ێك دەردەخەن. ئەگەر وایە ئەوا ڕەنگە من و زۆربەی ڕووناکبیرانی کوردیش لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نەبین. خۆ ئەگەر واش نییە، خۆزگە من بەهەڵەدا چووبم و سەرچیغ چووبێتم و کاک فازیلیش ئەم قسانەی کە ئەیکات و باسیان لێوە ئەکا لەئەنجامی دڵسۆزی و، بەتەنگەوە چوونی بێ بۆ باری ڕووناکبیری کورد و مێژووی نەتەوایەتی کورد. کەوا دەڵێم و پێ داگرتنیشم لەوەوە سەرچاوە دەگرێ. کاك فازیل واز لەوە ناهێنێ و بە بەردەوامی وا(اتهام)ی دکتۆر کەمال ئەکات کە کەسێکی ناشارەزاو بەردەوام خەریکی شێواندنی مێژووی میللەتی کوردە. وەکو لەبەشی دووەمی نووسینەکەیدا ئەڵێ: "د.کەمال هەرچەندە پسپۆڕی مێژووی نوێی گەلی کوردە، لەمەش داخەکەم، لەبەر لاوازی پشتێنەی تیوری کورتی هێناوە. هەر بۆ نموونە ئەو زوو بەهەڵە لە دەوری مێژووی شێخ مەحمودی حەفید تێ گەیشتووە و مێژووی ئەو سەردەمەی بە شێواوی و نازانستی خستۆتە بەرچاو" یا جاری واش هەیە کاك فازیل

دكتۆر كـەمالی بەكەسـێكی ترسـنۆك لەقەڵـەم داوە. گوایـە بەتـەواوی لـە حەقیقەتەكان لای داوە و وە دەڵـێ:"پێـم وایـە لـە گوتنـی زۆر ڕاستی خۆی پاراستووە" لـە شـوێنی تریشـدا دەبینـی كـاك فـازیل وای بـۆ ئـەچێ كـە سـەركەوتنی مامۆستا لـە نووسینەكانی دا بەڕێكەوتـە وەك دەڵـێ:"مێـژوو نووس كونیپتی تەواوی بێ كون و كەلەبەری بۆ مێژوو نیـە و سـەركەوتنی لەكارێكدا بەڕێكەوتـەوە بـەندە" بەڕاستی باسكردنی وا، هەڵسـەنگاندنی وا گەلێ زەحمەتە و ئەگەر خوێنەری وشیار و ڕووناكبیری مەوزوعی، ئەوانـەی كاك فـازیل بخوێنێتـەوە. مەگـەر هـەر زۆر زۆر بـێ ویژدان بـێ بـڕوا بكـا. چونكە بەڕاستی مەسەلەی ڕێكەوت لە ژیـانی ئینسان و لــە هــەنگاونانی ئینساندا ڕەنگە هەر جارێ یان دووجار ڕوودا. بەڵام قەت نەبوە و نەكراوە بۆ كەسێك هەر ئیشێ بكا و بەتـەواوی و بەنەمانەتـەوە جێ بـەجێی بكاو هەر هەمووی ڕێكەوت بێ. تـۆ بڵێـی سـەركەوتوویی دكتـۆر كـەمال و دانـانی ئەو هەموو كتێب و وەرگرتنی ئەو هـەموو بڕوانامـە و بڵاوكردنـەوەی ئـەو سـەدان لێكۆڵینـەوە جـۆر بـەجۆر و نووسـینانە هـەر هـەمووی بەڕێكـەوت بووبێت(؟!). من ئـەم پرسیارە ڕووبـەڕووی كـاك فـازیل خـۆی دەكـەمـەوە و هەر خۆشی ئەگەر وەڵامێكی هەیە بالـە داهاتوودا بۆمـانی ڕوون بكاتـەوە. لەسـەرەتای بەشـی سـێیەمی ووتارەكـەی (كوردستـانی نـوێ)ەوە كـاك فـازیل هاتۆتــە ســەر باســكردنی(بەرهــەمی بەكۆمــەڵ و بەرهــەمی تــاك)و وتوویەتی:"ئەم كارەی د.كەمال پـێی هەڵساوە. گـەر چـەند مێژوونووسێك پـێی هەڵسابان، ڕەنگە كەم و كوڕی كەمتر با" بـۆ قسەكەی كاك فازیل مـن نـاڵێم جگـە لـە دكتـۆر كـەمال مەزهـەر مێـژوو نووسـی تـری بـەتواناو بەتەجروبەمان نییە؟ هەر ئەوە دەڵێم باشە ئەو مێژوو نووسـانەی كورد و ئەوانەی كە زۆر خۆیـان بـۆ ساغ كردنـەوەی كـورد و شوناسنامەی میللـەتی

کورد تەرخان کردووە کامانەن؟ ئایا ژمارەیان بەقەد پەنجەکانی دەس ئەبن. بە تایبەتی لەو ماوەیەدا کە دکتۆر کەمال خەریکی دانانی ئەم کتێبە بەنرخەی بووە. یا کەی مەسەلەی پەیوەندی کردنو سەرچاوە و زانینی زمان بۆ ڕووناکبیرانی کورد ئاسان و مەیسەر بووە تا بتوانن هەر هەموویان پێکەوە دەس بدەنە کارێکی هەرەوەزی یا کەی پەتای (دەردەکورد) دکتۆر کەمال واتەنی هێشتوویەتی تەنها دوو ڕووناکبیری کورد دانوویان پێکەوە بکولێ و پێکەوە بارێکی لاسەنگ بۆ گەلی کورد سەنگ بکەنەوە. جا خۆ سەیری ئەم لایەنە بکەی لە ئێستا کوردستانی ئازادا(!) ئەوە خەم و پەتاکە زیاتر تەشەنەی کردوە و ڕۆژ بە ڕۆژ باری ڕووناکبیریی و مێژووی میللەتەکەمان بەرەو هەورازتر دەڕوات. کاکە چی (تصور) ئەکەی بە ڕۆژی نیوەڕۆ بەبەرچاوی هەموو خەڵکەوە مامۆستای زانکۆی (صلاح الدین) و پیاوی ڕووناکبیری کورد (صلاح هەورامی) دەدرێتە بەر ڕێژنەی گوللە و کەسیش نییە خۆی بکاتە خاوەن. خۆ هەر لەسەردەمی بەعسیشدا وا ڕەقابە و چاودێری خرابووە سەر ڕووناکبیرە دڵسۆزەکانی کورد. ئەبوایە بەسەد قوربان و ساقە تا بابەتێکیان بڵاوئەکرایەوە دەمیان جار کلك و گوێ ئەکران و چەندین نیشتمان فرۆشی کورد و ئەڵقە لەگوێی کورد دەستی خۆی ئەگەیانێ. خوانەخواستە خۆ من ناڵێم کاری بەکۆمەڵ کردن و هەرەوەزی خراپە و وامان لێ ناکا کە نێڵەیەکی زیاتر بداتە کاری ڕووناکبیریمان. بەڵام مەسەلەی بەراورد کردن لەنێوان عێراق یا کوردستان و ئەوروپا ئاسمان و ڕێسمانە. ئەگەر دوو کەسایەتی کوردیش بۆ مەسەلەیەك چەند جارێك کۆبووبونایەتەوە بەتایبەتی لەو دەمانەدا ئەوا دەمیان حەق و حیسابیان بۆ دەکرا وا بزانم خۆشتان لەگەڵ هەمان واقیعدا ژیاون و پێویست بە دەلیل و ئیسپات بوون ناکا. لە کاتێکدا کاك فازیل

باسی ئەوە ئەكا كە دكتۆر كەمال بەتەواوی حەقی مێژوو نووسانو ڕووناكبیرانی بەنەژاد كوردی وەك: "الدینوری، ابن المستوفی، ابن الاثیر، ابن الخلكان...هتد"ی نەداوە: "كە دكتۆر كەمال دەیتوانی بە شێوەی سوود وەرگرتن لەم بەرهەمانەوە دەستنیشان كات" یا پێشتر وتوویەتی: "لەوە دەچێ د.كەمال ئەو كتێبانەی باسیان دەكات. زۆربەیانی نەخوێندبێتەوە" بۆ ئەم قسانە هەق وایە كەسێكی ڕووناكبیر بەو پێوەرە بیر بكاتەوە كە دكتۆر كەمال نەهاتوە (عرض)ی كتێب بكا و هەموو لایەن و چەند و چوونێكی ساغ بكاتەوە. بەڵكو من وای بۆ ئەچم ئەگەر ئەوەی كردبا ڕەنگە هەر نووسینێكی یەكێك لەوانەی كە تۆ ناوت بردوون پێویستی بەدانانی یەك كتێبی وەك (مێژوو) هەبێ. بەڵكو لێرەدا مەسەلەی دكتۆر كەمال و بۆچوونی دكتۆر كەمال لە كتێبی مێژوودا هەنگاو نانە بەرەو دانان و لێكۆڵینەوە كردن لە بابەتێكی زانستی سەربەخۆ كە لە چوارچێوەی (مێژوو)دا گەڵاڵە بووە. خۆ ئەگەر ناوی كەسێك یا كتێبێك یان نووسراوێكی لەبیر كردبێت یا تۆماركردبێ بە ئەنقەست ئەوەی نەكردووە. وەكو خۆشی لە پێشەكی مێژوودا دەڵێ: "دەشمەوێ بە ڕووناكبیرانمان بڵێم ون بوون بۆ خزمەت و چاكەی كەس نییە. دەمویست لەو بەشەدا هەر كەس دەنكە جۆیەكی ماڵی پاشای خواردووە ناوی بهێنمەوە. بەڵام ترسام ئەوە كار بكاتە سەر ناوەڕۆكی گشتیی كتێبەكە. ئەوەندە هەیە ناوی كەسم بەئەنقەست نەخستۆتە پشت گوێ". هەر لەوانەشدا كاك فازیل باشی بۆچووە و زۆر ڕاست ئەكا كە دكتۆر كەمال ناوی زۆر دەسنووس و كتێبی نایابی لەبیركردووە و، لە مێژوودا ناویانی تۆمار نەكردووە. بەڵام لە هەمانكاتا ئەمانە بەكەم و كوڕی دانانرێت. بەڵكو ئەم كارەی دكتۆر كەمال

لێکۆڵینەوەی تری بەدوادا دێ. کەسی تر بۆی هەیە ئەوانەی دکتۆر کەمال تەواوی نەکردوون تەواویان بکا، نامەخانەی کوردیو باری ڕووناکبیری کوردی پێ دەوڵەمەند بکا. بۆ نموونە کتێبێکی ناوازەی وەك (تأریخ الفارقی) کەسەرچاوەیەکی گەلێك بایەخدارە و ئەبوایە مامۆستا ناوی ببردایە، بەڵام کە بابەتێکی لەبیرچووبێت یا تۆمار نەکرابێت بە قەستی و (عمدا) نەبووە. هەرچەندە دکتۆر کەمال پاش بڵاوبوونەوەی کتێبەکە بەو مەسەلەیەی زانیووە و زۆر بابەت و نووسراوو کتێبی تریشی لەبیر کردوە و هەر لەو کاتەشەوە خەریکی کۆکردنەوە و تۆمارکردنیان بوو تەنانەت ئەم (تأریخ الفارقی)یەی کە کاك فازیل ئەڵێ من خۆم لەکۆتایی ساڵی خوێندنی (١٩٩١-١٩٩٢) بەدیاری دام بە دکتۆر کەمال. ئیدی لەو کاتەوە دکتۆرم نەدیوەتەوە. سەبارەت بەو هەموو کتێب و نووسراوو بڵاوکراوانەش کە جەنابتان لەبەشی سێیەمدا ئاماژەتان بۆ کردووە دەلیلی ئەوەن کە میللەتی کوردو باری ڕووناکبیریی کورد هەر لەو نووسین و تۆمار کراوانەدا ڕەنگ نادەنەوە کە تەنها دکتۆر کەمال تۆماری کردبێ لە کتێبی مێژوودا. یا ئەوانەی جەنابتان بەتەواوی تەواوکەری ئەوانەی دکتۆر کەمال نین. چونکە ئێمەی کورد تا ئێستا لە قۆناغێکی هەرە سەرەتاییداین بۆ کۆکردنەوەی ئەو نووسراوو دۆکیۆمێنت و سەرچاوانەی لەبارەی کورد و مێژووی گەلی کوردەوە تۆمار کراون. خۆ ئەگەر ئەمڕۆ نامەخانەیەکی سەرتاسەری هەبوایە لە شوێن و جێگایەکی تایبەتیدا و چەند کەسێکی دڵسۆز خەریکی فۆتۆکردن و وێنەگرتن و کۆکردنەوەی ئەو سەرچاوە و نووسراوانە بونایە لەو نامەخانەیەدا بیان پاراستایە و سودیان لێ وەرگرتبایە بێگومان ئێلەیەکی ئێجگار گەورەی دەدایە زیندوو کردنەوەی کەلەپوور و مێژووی

لێـك دانـەبڕاوی گەلەکـەمان و زیـاتر شوناسـنامەی نەتەوایـەتیو بـیری نەتەوایەتیمانی دەوڵەمـەند دەکـرد. مـن هـەر لـێرەوە لەپـەنای ئـەم وەڵام دانـەوەی کـاك (فـازیل)ەوە ئـەوە دەخـەمـە پێش چاوی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان (بەهـەردوو بەشـەکەیەوە) لەکوردستانی باشوردا. کـە هـەوڵێکی جیدی لـەو بابەتـە بدرێ بـۆ ئـەوەی چـی تـر بـاری ڕووناکـبیری و ڕەوتـی مێژوومان بەو جۆرە پەڕەوازە و سەرگەردان نەبێ. خۆ ئەگەر ئەم هـەنگاوە ڕۆژێ زووتـر بـنرێ. ئـەوا هـەنگاوێکی دڵخۆشـکەر دەبێ و گەرمووگوڕیـەکی زیاتر ئەداتـە خـەبات و ئـەو هـەوڵ و تەقەللاکردنـەمان کـە ساڵەهای ساڵە قوربانی بۆ دەدەین و ڕۆڵەی کوردی لـەپێناودا ئەکـەینـە قوربـان لـە لایـەکی کەشەوە قەت بە گونجاوی نازانم کەسێکی ڕووناکـبیر بەیـەکێکی وەك دکتـۆر کەمال بڵێ: "ئەگەر بهاتایە هاریکاری لەگەڵ مێژوو نووسانی تـردا بکردایـە. ناچار نـەدەبوو مێـژوو پڕ لـە ڕستەی بێ سـەروبەر بکات. هـەق بـوو ئـەو دووسێ دێڕەی لەسـەر مێژووی کـەم زانـراوی دونبولی‌یـەکان بنوسـیبایە" وتویـەتی: "لـەوە دڵنیـام د.کـەمال هـەر نازانـێ دونبولی‌یـەکان چـین و کەوتوونەتـە کوێـوە". بەڕاسـتی مـن ئـەم هـەموو قسـانە هـەروەکو بۆچوونەکانی کاك فازیل خۆی کە دەڵێ: "هەر بەبێ سەروبەر ئەزانم"و بـە حوکم دانێکی ناشەرعی دادەنێـم. ئیـتر ئەگـەر کەسـێکی وەك دکتـۆر کـەمال هیچ لە بارەی (دنبولی)یەوە بزانێ یان نەزانێ هیچ لـە ئیعتبـار و زانـایی و دانایی و لێ هاتوویی ئەو زانا گەورەیەی کورد کەم ناکاتەوە لە کاتێکدا پێی بکرێ ڕۆژانە خۆی ئەکا بەکونی دەرزیا، بـەو مەرجـەی بـارێکی لاسـەنگ بـۆ کورد و مێژووی کوردو سـەروەری کـورد سـەنگ بکاتـەوە و ئاستی مێـژوو نووسی کورد بگەیەنێتە چڵەپۆپە و ڕادەیەك کـە کوردیـش وەك میللـەتێکی زیندوو خاوەن مێـژوو بناسـرێ. نـەوەك حوکـم دانێـك. کەسـێك دەسبکاتە

گیرفانی خۆیا و لەبەرچاوی هەموو ڕووناکبیرانی کورد (عرض)ی بکا و خۆی پێ هەڵکێشێ(!!) یاخود وەك دەبینی کاك فازیل باسی ئەو دوودڵیەی دکتۆر ئەکا لەبارەی میدیەکان و نەژای میدیەکانەوە کە تائێستا شتێکی ئەوتۆیان لەبارەوە ڕوون نەبۆتەوەو کاك فازیل وا وەڵامی دکتۆر کەمال ئەداتەوە و ئەڵێ: "یادەبا دکتۆر کەمال میدیەکانی بەباپیرەگەورەی کورد دانایە و نوقتەیەکی لەکۆتایی ڕستەکە دانایە. یا هەر توخنی باسەکە نەکەوتایە" بڕوات هەبێ منیش زۆر دڵنیام لەوەی کە دکتۆر ئەو دووسێ دێرەشی نەنووسیبایە ئەوا بێگومان جەنابتان دەتان گوت دکتۆر کەمال باسی میدیەکانی باپیرە گەورەی کوردانی نەکردووە. هەرچەندە دکتۆر کەمال زۆر لەمێژترە بەو باس و بابەتەوە قاڵە و تەنانەت لەساڵی ١٩٧٣دا نووسینێکی ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی مینۆرسکی وەرگێڕاوە بە ناونیشانی (الأكراد احفاد الميدين) واتە (کوردان نەوەی میدیەکانن). پێم خۆش نییە و ڕەنگە نووسینەکەشم پڕ بێت لە قسەی (بێ سەروبەر) بۆیە حەز ناکەم زیاتر پێ داگرم و لەسەر ئەم بابەتە بڕۆم هەر چەندە دڵنیام لەوەی کە زیاتر هەڵ دەگرێ و پێویستە زیاتر بۆچوونەکانی کاك فازیل تاوو توێ بکرێت وەك دەڵێ: "ئەو نێوی چەندین کتێبی هێناوە کە فرپیان بەسەر مێژووی کوردەوە نیە بەڵکو وەکو کتێبەکانی کیم ئیل سونگ، سیفال، ماوتسیتۆنگ، ژان ژاك ڕۆسۆ...تاد" بۆ ئەمەشیان وەڵامی من ئەوەیە نە کتێبەکەی دکتۆر کەمال تەنها پابەندە بەمێژووی کوردەوە وەك لە ناونیشانەکەیدا نووسیویە (مێژوو کورتە باسێکی زانستی مێژوو و کورد و مێژوو) ئیتر بۆ نابێ ناوی کتێبی وا بهێنێ. پاشان ناوی ئەو کتێبانەی هێناوە یا ئەو نووسراوانەی هێناوە کەوەرگێڕدراون بۆ سەر زمانی کوردی

لەوانە و بۆ زیاتر ئاگادار بوونی جەنابتان و هەموو خوێنەرێکی بەڕێز وەك نموونە ئاماژەیان بۆ دەکەم:-

١-سیفال، چەند تیئورێکی زانیاری، مچە لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی، بەغدا ١٩٦٠، ٤٨ل.

٢-ژان ژاك ڕۆسۆ، (گەلاوێژ)، ژمارە (٧)، تەموزی ١٩٤٤، ل١٢-١٦.

٣-کیم ئیل سونگ، دەربارەی بیروباوەڕی زوچە، بەغدا١٩٧٣، لەبڵاوکراوەکانی (کتێبخانەی بیری نوێ)یە، پێم وایە دارای شێخ نوری (دارۆ) لە عەرەبییەوە کردویە بە کوردی.

٤-ماوتسی تۆنگ، چارەکردنی ناکۆکیەکانی ناو گەل، سلێمانی ١٩٦٠، ل٩٠، محەمەدی مەلا کەریم لە عەرەبییەوە کردوویەتی بە کوردی.

ئەمانەی کە ناوم بردن تەنها وەکو نموونە هێناومەتەوە ئەگەر نووسراو گەلێکی لەم بابەتانە و بەو جۆرە کە چەن ڕووناکبیرێکی کورد کردبێتیان بەکوردی بۆ دکتۆر کەمال مافی ئەوەی نەبێ باسیان لێوە بکا و ناویان بهێنێ. لێرەدا بەدواوە زیاتر لەسەر ئەم نووسین و وەڵام دانەوە ناڕۆم و درێژدادڕیشم پێ جوان نییە. هیواداریشم هەر شتێکم بەسەرا تێپەڕیبێ یا لەبیرم کردبێ. ڕووناکبیرێکی تر و بەگیانێکی مەوزوعی خاوێنەوە بتوانێ کەلێنەکانی دی پڕبکاتەوە. بەم وتانەشم نە قسەکانم، نەقەڵەمەکەم کەس زامار ناکەن بەو ئاواتەی کاك فازیل بە ڕۆحیەتێکی برایانەوە بیان خوێنێتەوە. هەرچییەکی تریش مابێ لە توێی نانێکی گەرما ئەی هێڵمەوە. چونکە حوکمی ڕەوای مێژوو گەلێ... گەلێ لەوە سەختتر و گرنگترە کە هەندێ کەس بیری لێ دەکەنەوە.

کەلار

کۆتایی ئایاری ١٩٩٥

*ئەم نووسینە وەڵامێکە بۆ نووسینێکی برای ڕووناکبیر (فازیل کەریم) کە کاتی خۆی لە (کوردستانی نوێ) ژمارەکانی (٩٧٨)، (٩٧٩)و (٩٨١)یدا بڵاوی کردەوە سەبارەت بە کتێبی (مێژوو)ی دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد. منیش دووبەشم لە ڕۆژنامەی (ئەمڕۆ) ژمارەکانی (١٦)و (١٧)یدا بڵاو کردەوە بەڵام بەهۆی داخستنی ڕۆژنامەکەوە بەشەکانی تری بەدوادانەهات. هەر بۆیە لێرەدا و بێ دەسکاری بڵاوی دەکەمەوە. هەرچەندە. هەندێ بۆچوون و سەرنجی تیایە تەنها بۆ ئەو کاتە واتە (١٩٩٥) و ئەو دەمە دەگونجێ. هاوکات بڵاوکردنەوەی (وەکو خۆی) بەپێویست دەزانم (أ-ب نووسەر).

ناوەڕۆك

*باسی دەیەم: جارێکی تر چاپخانەی کوردستان لە قاهیرە ١٨٨٨.........

*باسی یازدەیەم: مەزاری سەی سۆنە لە نێوان ڕاستیو ئەفسانەدا..........

*باسی دوازدەیەم: دەنگی کورد لە کۆنگرەی سان-فرانسیسکۆی ئەمەریکیدا ١٩٤٥....

*باسی سیازدەیەم: حوزنی موکریانی و هەوڵێکی زیندوو لەبواری مێژوو و کاری ڕۆژنامەنووسی دا......

*باسی چواردەیەم: بێدار لە نێوان یانەی سەرکەوتن و چالاکی پارتی هیوادا......

*باسی پازدەیەم: مێژووی دامەزرانی یەکەم قوتابخانە لەشاری کەلار ١٩٣١....

*باسی شازدەیەم: کورد لە ساڵڕۆژی شۆڕشی (٣٠) حوزەیرانی ١٩٢٠دا.....

*باسی حەڤدەیەم: مامۆستا گیوی موکریانی لە یادەوەرییەکی سەبری بۆتانی کۆچ کردوودا...........

*باسی هەژدەیەم: تۆرانیەت و کۆمەڵەی تەعالی کوردستان......

*باسی نۆزدەیەم: شۆڕشی ئۆکتۆبەر و هێزەکانی سوپای ڕووس لەقەڵای شێروانەدا....

*باسی بیستەم: زانای کورد تۆفیق وەهبی لەبەڵگەنامەیەکی سەربازی عێراقیدا..........

*باسی بیست و یەك: مێژوو لە نێوان حەقیقەتی مێژوو و بۆچوونەکانی فازیل کەریم دا........

كتێبە چاپكراوەكانی نووسەر

١-كۆمەڵە و ڕێكخراوە كوردیەكان لەساڵانی ئینتیدابی بەریتانیادا ١٩٢٠-١٩٣٢، سلێمانی ١٩٩٨.

٢-نۆزدەمیر و كورد، كورتەیەك لەمێژووی ململانێی بەریتانیا و تورك لە كوردستانی باشور، بڵاوكراوەكانی وەزارەتی ڕۆشنبیری سلێمانی ٢٠٠٠.

٣-جوولەكەكانی كوردستان، بنەچەیان، داب و نەریتیان، هۆی كۆچكردنیان، بڵاوكراوەكانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی ٢٠٠٠.

٤-شاعیری جوانەمەرگ فەریق ئەمین و دەنگی ڕەسەنی شیعر، بڵاوكراوەكانی بنكەی ئەدەبی و ڕووناكبیری گەلاوێژ، سلێمانی ٢٠٠٠.

٥-گوڵە پەپوولەییەكانی كەناری سیروان، بڵاوكراوەكانی لانەی منداڵانی كوردستان، سلێمانی ٢٠٠٠.

٦-چارەنووسی گەلی كورد لە كۆنگرە و ڕێكخراوە نێو دەوڵەتیەكان، بڵاوكراوەكانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٢.

٧-شاعیری شەهید محەمەد پەژار، بڵاوكراوەكانی دەزگای بەدرخان سلێمانی ٢٠٠٣.

٨- دیاری كوردستان لاپەڕەیەكی پرشنگدارە لە مێژووی ڕۆژنامە نووسی كوردیدا، لە بڵاوكراوەكانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی ٢٠٠٤.

٩- كۆمەڵی یانەی سەركەوتن، بڵاوكراوەكانی شارەوانی كەلار، سلێمانی ٢٠٠٤.

زنجیرەی کتێبە چاپکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ساڵی ٢٠٠٤

ناوی کتێب	نووسینی	وەرگێڕانی
٢٤٨- مانگی نیوەڕۆژ	دڵشاد عەبدوڵڵا	
٢٤٩- گەڕانەوە لە خەیاڵەوە بۆ...	عەتا قەرەداخی	
٢٥٠- پەیڤەکانی ڕەنگ	وەهبی ڕەسوڵ	
٢٥١- گۆڕستانی چراکان	شێرکۆ بێکەس	
٢٥٢- چوار شانۆنامە		هەورامان وریا قانیع
٢٥٣- دەربارەی ئەقڵی مۆدێرن		ئازاد بەرزنجی
٢٥٤- دوا گفتوگۆکانی بورخیس	ئا: ئوسفالدو فراری	ڕەووف بێگەرد
٢٥٥- چاخی زانیاری	ئازاد حەمە	
٢٥٦- فەرهەنگی هەندەران	حەمەی ئەحمەد ڕەسوڵ	
٢٥٧- خەیاڵی زمان	عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا	
٢٥٨- بینای کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا	نەجم خالید نەجمەددین	
٢٥٩- بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا	سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی	
٢٦٠- ڕشتەی مرواری	عەلائەدین سەجادی	
٢٦١- باخچەیەك لە شیعری		د. فەرهاد پیربال
٢٦٢- کێوی پێنجەم	پاولۆ کۆیلۆ *	یاسین عومەر
٢٦٣- جەنگی چوارەمی جیهانی	کانت دمارانش	دلاوەر عەبدوڵڵا
٢٦٤- پزیشکی میللی	د.جی.سی.جارفیش	تۆفیق سەعید محەمە[د]
٢٦٥- خەونی جەللاد	ئاراس عەبدولکەریم	
٢٦٦-ئێوە بە خۆشەویستیم ئەسپێرن	شێرکۆ بێکەس	
٢٦٧-کوردو کۆمەڵی مەدەنی	کەیوان ئازاد ئەنوەر	

٢٦٨-شەرەفنامە	مهاباد قەرەداغی	
٢٦٩-پۆلێنکردنی پەیژەکانی موزیکی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست	سەلاح رەئووف	
٢٧٠-ڕێکخوزەری بیری سیاسی	سڤێن- ئێرك لیدمان	ئاسۆس کەمال
٢٧١-دۆزی کورد	د. جویس بلۆ	کارزان محەمەد
٢٧٢-بوون و داهێنان	د.محەمەد کەمال	
٢٧٣-وتار و لێکۆڵینەوە	فوئاد تاهیر سادق	
٢٧٤-مەهاباد لە ئۆلۆمپیادەکانی خوادا	سەلیم بەرەکات	هەندرێن
٢٧٥-دەستی خودا	رەووف بێگەرد	
٢٧٦-ئەو باڵندە بریندارە کە منم	عەتا نەهایی	
٢٧٧-ئەفسانەی لوری	داریوش رەحمانیان	عەزیز گەردی
٢٧٨- ڕاگوێزانی کورد لە مێژوودا	عەبدوڵلا قەرەداغی (مەلا عەلی)	

نرخی (١٨٠٠) دینار